# شاره نادیارەکان

LE CITTÁ INVISIBILI

Copyright © 2002, The Estate of Italo Calvino
All rights reserved

ئیتالۆ کالڤینۆ

# شارە نادیارەکان

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە

حەسەن نوور

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ئیتالۆ کالڤینۆ
شـارە نادیارەکان
وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: حەسەن نوور
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٨٣
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٤١٣ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: بۆکان نووری

پێشەکی

## ئەمەی دەستت ڕۆمانە

ئەم شارە نادیارانەی بە کورتەچیرۆک دەچن، وەک پەخشانەشیعر پێکەوە – دەڵێیت – دیوانێکیان پێکەوە ناوە، بەڵام لێرەدا ڕۆمانێک. جا کەسێک ئاشنای کارەکانی ئیتالۆ کالڤینۆ بێت چاک دەزانێت کالڤینۆ ڕۆمانێکی نییە شێوە و شێوازی بە ڕۆمانێکی تری بچێت. ئەمەیش کارێکە سەر بە هەوڵەکانییەوە دەنێت و خـــۆیشی هەر وای دەڵێت: "... بۆ شـــیـــعـــرنووس چۆنە بۆ پەخشاننووسیش هەر وایە: ئەنجام بە سەرگرتنی ئەو وەرچەرخاندنەی وشە و دێرانەوە گرێ دراوە کە وەک سرووشی بروسکەئاسا بۆ هەندێکمان دێن، بەڵام بۆ زۆربەمان بەری سۆراخکردنێکی پشوودرێژی ڕستەیەکی وان کە لێیدا هیچ وشەیەک جێی ئەوی تری پێ ناگیرێتەوە و، باسێکی وایشن کە پڕ لە دەنگ و مانای یەکجار کاریگەرە. من باوەڕی تەواوم هەیە کە نابێت هیچ جیاوازییەک لە نێوان نووسینی پەخشان و نووسینی شیعردا هەبێت کە لە هەردوو بارەکەدا دەربڕینی کاری و تاکانە و کورت و چڕی وا مەبەستە کە لە بیر ناچن.

بەڵام ئاسان نییە گیانی ئەم خرۆشە بە نووسینی گەلێک بیندرێژ بپارێزیت و، خۆیشم کەسێکم هەر بە دەقی کورت خۆمی ڕاستینەم پێ دەردەبڕدرێت و، نزیکەی هەمــوو کـارەکـانم لە کـورتەچیـرۆک پێک دێن... بەڵام پێکهـاتەی کورتتریشم تاقی کردووەتەوە و ئەوندەی تر لە بەری چیرۆکم گرتووەتەوە تا خۆم لە نێوانی حەکایەتی کورت و پەخشانەشیعری کورتدا گرتووەتەوە... کــورتی و درێژیی دەق پێـودانگی لاوەکین، بەڵام ئەوەی دەمــەوێت بیــڵــێم چڕوپڕییـەکی تایبـەتە کـە ئەگـەرچی بە چیـرۆکی درێژی پڕ لـە هەناسـەدان و

هەناسەهەڵکێشانی خاویش بە دەست دێت، ئەوی ڕاستی بێت ئەندازەی تەواوی هەر ئەوەیە کە لە ڕووپەڕەیەکدا جێی دەبێتەوە."

ئیتالۆ کالڤینۆ - بەتایبەت - لەم شارە نادیارانەدا بەو جۆرەی کردووە کە دەیڵێت، کە لێیدا مارکۆ پۆلۆی گەڕیدەیە باسی داداوە و کوبلای خانی خاوەنشکۆیە گوێی بۆ ڕادێراوە. باسیش کە سەرەتای دیار نییە و درێژەیە، چیرۆکی کورتی شاری وایە کە نین بەڵام بەدەم باسەوە دادێن. کوبلای خان سەرداری تەتەرانە و مارکۆیش کە یەک لە گەلێک ڕاسپاردەی خانە، شاران بۆ خان دەپشکنێت و باسیانی بۆ دەهێنێت. مارکۆ پۆلۆ لە ڕووی خاندا ڕاوێژی خۆی باش هەڵدەسەنگێنێت و پوختەی شتانی لێ دەڵێت: هەر چیرۆکێکی ئەم ڕۆمانە ڕووپەڕێک یا دوان دەخایەنێت و بۆ خوێنەری دەرەخسێت - هەروەک کالڤینۆ دەڵێت - بە بیر پیاسەیان تێدا بکات، ڕێ ون بکات، بمێنێتەوە و چێژی تەواویان لێ ببات یان دەستەوجێ لێیان دەرچێت.

کوبلای خان (١٢١٥ - ١٢٩٤) دووەم کوڕەزای چەنگیز خانە و گەورەخان و دانەری ئیمپراتۆیای تەتەرانە، کە کۆریا و ڤیتنام و بەشێکی هیندستان و ئێران و ئاسیای دوور و ڕووسیای لێیدا بەدەم چینەوە داوە. کوبلای گەلێک لایەنی ژیانی بە گرینگ داناوە: کشتوکاڵی پێش خستووە و فەرهەنگی پاراستووە و جێی بۆ ئایینەکان خۆش کردووە. پەرەی بە بازرگانی داوە و ڕێی کۆن و نوێی بۆ داناوە، لەو ڕێیەیشەوە نێوانی باشی بە دەرەوەی دنیای ئیمپراتۆریاکەیەوە بەستووە و لەو نێوانەدا مارکۆ پۆلۆ (١٢٥٤ - ١٣٢٤)ی لێ پەیدا بووە کە بە ڕەگەز ڤینیسی و بە پیشە بازرگان و گەڕۆک بووە، بەڵام ٢٤ ساڵ لە خزمەتی خانی تەتەراندا ماوە و خان ئەمی لە کارگێڕی و ڕاسپێریی خۆیدا بە کار هێناوە. پۆلۆ کە لە کۆتاییی ١٢٩٥دا بۆ ڤینیس گەڕاوەتەوە، هەواڵی بڕاوە تا ساڵی ١٢٩٨ کە سەرکردەی کەشتییەک بووە - لە شەڕێکی دژ بە (جەنەوا)دا گیراوە و لەوێ ساڵێک بەند کراوە. لەو ساڵدا هاوبەندێکی، کە لە دنیای ئەدەبدا ناوی نەهێنراوە، گەشتنامەکەی ئەمی دۆزیوەتەوە و قسە وایە پۆلۆ ئەوەی لە چین دیویە و لێی ڕووی داوە بۆ ئەم و هاوەڵی تری خۆی

داداوە و، لەوێوە گەشتنامە بە ناوی (مارکۆ میلیۆنێ) کە نازناوی ئەمە، بە چەند زمانێکی جیاواز نووسراوە. بەڵام کالڤینۆی نووسەری ئەم ڕۆمانە کاری بەسەر ڕاستییە مێژووییەکانی پۆلۆ و خانەوە نییە بەڵکە دووی ئەندێشەکردی بەو دوو ناو و تایبەتمەندییانەوە داهێناوە. ئیتالۆ کالڤینۆیش (١٩٢٣ – ١٩٨٥) کە یەکێکی نووسەرە ئیتالییە هەرە بەرچاوەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانییە، لە دوو سێ ساڵێکی ئەو جەنگەدا دژی فاشییەکان جەنگاوە، دوایی ڕۆژنامەگەرێکی سەر بە پارتیی کۆمۆنیستی ئیتالیا بووە و دواتر هەروەک خۆی دەڵێت بۆی دەرکەوتووە کە دەبێت ڕۆماننووسی لێ هەڵبکەوێت و، نووسینی ڕۆمانیش ئەو بوارەیە کە ئەمی لێدا هەڵکەوتووە. ئەدەب و فەلسەفەی فەرانسی – کە لە پاریس ژیاوە – کاریان لێی کردووە، بەڵام دواتر دەستی لە شێوازی ڕیالیزمی نوێ هەڵگرتووە و ویستوویەتی شتێکی یەکجار نوێ دابهێنێت و – کە گوتوویەتی کاتێک دەست بە نووسینی شتێک دەکەم هەروەک یەکەم جارم بێت دەیکەم – کردوویەتی. بۆ زمانەکەی دەڵێن "زمانێکی لەنێو زمانی ئیتالیدا داهێناوە" کە – ئەگەرچی زۆرێکی کارەکانیم بە سوێدی خوێندووەتەوە – ئاسانە، بەڵام بەو ئاسانییە خۆی بە دەستەوە نادات. بۆ ناوەڕۆکی نووسینەکانی پرسیاری زۆر دەربارەی ژیان و مرۆڤ و دنیا دادەهێنێت، بەڵام وەڵام ناداتەوە. هەرچییەکیش پێوەندیی بە ساخت و شێوازیەوەیە جار هەیە ئەفسانەگەرە و دنیای ئەفسانەی بۆ باسی دنیای هاوچەرخ داهێناوە، یان تێبینێکی واقیعییە بەڵام پەنا بۆ وەهم و وێژنگ دەبات تا دنیا واقیعییەکەی پێ ڕوونەوە بکات، زۆرجاریش پۆستمۆدێرنە و بە ڕۆمان باسی ئەدەب و زمان دەکات و، لە کوێیەکیش واقیعییەکی سیحرییە لەوێ بە بۆرخێس دەچێت."

لەم شارانەدا کالڤینۆ سەفەرەکانی مارکۆ پۆلۆی بە بناخە داناوە و شار بە شاری نادیاری وای لەسەر هەڵناوە کە لە لێدوانێکی نێوان مارکۆ پۆلۆ و کوبلای خانەوە بۆ لێدوانێکی تری نێوانیان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت. شارەکان یانزە پۆلن: شار و بیرەوەری، ئارەزوو، نیشانە، گۆڕان، چاو، ناو،

مـردوو، شـاری تـەنک و شـاراوە و بەردەوام و شـاری ئـاسـمـان. هـەر پۆلێکی ئەمانەیش پێنج جۆرەشارە و ئەنجامیش پەنجاوپێجی وان. شارەکانی بەشی دووەم تا هەشـتـەمی لە پێنـج شار پێک هێنراون کە شاری هـیچ پۆلێکیان لێدا دووبارە نابێـتـەوە و، پۆلێکیـان کـە تەواو دەبێت پۆلێکی نوێ جـێی دەگـرێت. بەشـی یەکـەم و نۆیەم (هـەریەکـەیان دە شـار) دوو ئەوەندەی بـەشــەکـانـی تر دەخـایەنن. سا بۆ ئەوەی ڕۆمـان کـە دەستی پێ کرد کۆتاییشی بێت، کالڤینۆ ئەو دوو بـەشـەی وەک بـەرگی کـتـێب داهێناوە و، بەرگـیش کـە لـە ڕووپەڕە ئەسـتوورتـرە، شارەکانی سـەرەتای هـەردوو پۆلی سـەرەتا و کۆتایی ڕۆمانەکە دووبارە دەکاتەوە: بیرەوەری، بیرەوەری و شاراوە، شاراوە. بەڵام نەک هـەر بەم مەبەستەوە، بەڵکە ئەم دوو بەشە بیر بۆ ژمـارەکانی فیبۆناچی دەبەن: لیۆناردۆ فـیـبـۆناچی کە یەکێکی گەورەترین بیرکـارانی ئیـتـاڵیـا و دنـیـایە، لە جـەزاییر ژیاوە و لە گـەشت و سـەفـەری بە دەریای ناویندا فێری ژمـارە عـەرەبییـەکان بووە – کە دیارە بە ڕەچەڵەک هیندین. فـیبـۆناچی سـاڵی١٢٥٠ کۆچی دوایی کردووە و مارکۆ پۆلۆیش لە دەوروبەری ١٢٥٤دا لـە دایک بووە. جا کالڤینۆ – کە ڕۆمـانـەکـەی لەو سـەدەیەدا پێش هـێناوە – ئاماژەی پێوار بـە ژمـارەکان و خـاوەنەکەیان دەدا و، دیارە ژمارەکانیش بـە ناوی فـیـبـۆناچییـەوە ناسراون و ڕیزێک ژمارەی بێدوایین کە هـەر ژمارەیەکی کۆی دوو ژمارەی پێش خۆیەتی:

٠، ١، ١، ٢، ٣، ٥، ٨، ١٣، ٢١، ٣٤، ٥٥، بـەم ئاوایـە و ژمـــارەی کـــۆتایی نایێت...

جـا بەم بیرکـارییـە بێت "شـارە نادیارەکان"یش دواییـیـان نایێت کە شـتێکە کـالڤینۆ لە دوالیدوانی نێوان پۆلۆ و خـاندا لەم دوانەبڕانە دەدوێت. لەمـەیش بەلاوە ڕۆمـانەکـە کە سـەرەتاکـەی درێژەی لێدوانە نەک سەرەتـاکەی، سـەرەتای نییە و نەبوونیش یەکسانی هیچـە و هیچیش سفر و ئەم ڕۆمانە – بەراورد بەو ژمارانە – لە هیچەوە سەرەتا دەگرێت: (٠). شـارەکانیش بە دووبارەکردنەوەی جۆرێکیان دەست پێ دەکات "شار و بیرەوەری": ١، ١، کە لێیەوە ڕیز دەبەستن و کە ژمـارەیەکی دیاریکراویان لەگەڵ ژمارەی دوای خـۆیدا کۆ دەکرێتەوە. بەو

جۆره دەڕۆن تا له (ژمارەی زێڕین) نزیک دەبنەوه. (ژمارەکانی فیبۆناچی)یش نێـوانی سـەیری لەگـەڵ ژمـارەی زێڕین هەیە: ژمـارەیەکی دیاریکراو ئەگـەر بەسـەر ژمارەکەی پێش خۆیدا دابەش بکەین بە ژمـارەی زێڕین دەگەین ئەگەر ژمـارەی گـەورەتر و گـەرەتر بە کـار ببـەین. دیاره له بیـرکـاریدا دوو ژمـاره ژمارەیەکی زێڕین پێکەوه دەنێن ئەگەر کۆی هەردوو ژمـارەکە و گەورەکەیان یەکـسـانی کـۆی ژمـاره گـەورەکـەیـان و بچـووکـەکـەیـان بێت. "کـالڤـینۆ له سـاخـتـمـانی ڕۆمـانەکـەیدا پشت به فـیـبـۆناچی دەبەسـتـێت تا بڵـێت لێکتـێگەیشـتنی نێـوان پۆلۆ و خـان تا دێت بـۆ ئەوپەڕی لێکتـێگەیشتن: لێکتێگەیشتنی زێڕین، دەچێت".

جێی خۆیەتی – چونکه به کوردی باش دیار ناکەوێت – لێمان ئاشکرا بێت کـه سـەرلەبەری شـاره نادیارەکـان نـاوی ژنانەیان لێ نراوه، ئەم شـارانه بۆ پۆلۆی تاسـەباری شارەکەی خۆی، وەک ژن وان و ئارەزوویان دەکات. لێدوانی نێـوان ئەم دووەیش کـه لێـدوانـی نێـوان دوو پیـاوی هاودەمـە، ئارەزووکـردنی ژنیش دەگرێتەوه، بەڵام کالڤینۆ دەزانێت که ئەگەر پیاو بەری ئارەزووی خۆی نەگـرێت بـه داوەوه دەبێت و ئەمـەیش شـتـێکه له (شـاری زوبەیده)دا بە ڕاشکاوی بەرچاو دەکەوێت. کالڤینۆ ئەوین و دڵی ڕەنجاو و بەختیارییەکیش دەکێشێته نێو باسەوه که له ئاستیاندا مرۆڤی بەلاوه وەک ئەو کەسه نامۆیەیە "... کـه له هـەڵبـژاردنی نێـوان دوو دڵبـەردا دڵی دەبێت به دوو، هـەردەم سێیەمانی دێته ڕێ"، بەڵام داخەکەم ئیتر تەمەن لێی بووراوه.

کالڤینۆ شـارەکانی بۆ دوو باس تەرخـان کردووه: پێوەندیگرتن و سروشـتی مـرۆڤ. باسی یەکەم که پێوەندیگرتنه نیوەی یەکـەمی ڕۆمانەکەی بۆ تەرخـان کردووه و پێکهێنەکانی پێوەندیگرتنی لێ به نموونه گرتووه و دەڵێت: وشه درۆ نییـه شـتەکان درۆن. دوای چەند لێدوانێکیش که کوبلای خـان درک به خـاڵی هاوبەشی نێوان شارەکان دەکات، ئیتر ڕێی ئەوەی لێ ئاشکرا دەبێت که چۆن بۆ چیرۆکەکانی مـارکۆ بچێت: "هیچ زمـانێک نییه مرۆڤ دەسـخەڕۆ نەکات". جا نۆرەی کوبلای دێت باسی شاران دابمەزرێنیت و له مارکۆی دەگەیەنێت که

بچێت لێیان بگەڕێت. بەڵام مارکۆ خۆی لەم ئەرکە دەبوێرێت و نموونەیەکی وایان بۆ دادەهێنێت کە هەر ئاورتە و نەشیان و دژگۆیی پێکەوەیان دەنێت. لێرەوە ئاشکرا دەبێت کە چیرۆکە ڕاستینەکە قسەلەقسەکردنی بەردەوامی نێوان مارکۆ پۆلۆی ئەندێشەخوازی هەمیشەلاو و کوبلای خانی بەگومان و پیرەپیاوە، تا بە خاڵی وەرچەرخانی ڕووداوەکان دەگەن کە کالڤینۆ ڕەچاوی نەکردووە، بەڵکە لەجێی ئەم خاڵە و ئەوەیش کە بە ناکۆکیی سەرەکی دادەنرێت، ڤینیسی لە نێوەندی شارەکاندا داناوە کە لێیەوە لێدوانی نێوانیان لە ئەندێشە و خەیاڵەوە دەچێتە سەر شارێکی ڕاستینە و کێشەی ڕاستەقینەی شاران، بەتایبەت لە کۆتاییی بەشی پێنجەمدا کە سەرەتای ئەم دۆخە نوێیە بە لێدوانێکی زۆر کورت ئاشکرا دەبێت.

لە سەرەتای بەشی شەشەمیشدا کۆبلای خان ڤینیس لە پۆلۆ بە بیانوو دەگرێت و لێی دەپرسێت کە بۆ خۆی لە باسکردنی دەپارێزێت؟! بەڵام ڤینیس بەلای پۆلۆوە شارێکە مرۆڤ دەبێت خۆی شێوەی دابڕێژێتەوە و سازی بداتەوە. ڤینسی گەشتوگوزار خەونێکە، ڤینیسی دێرین مووزە و ڤینیسی بەرچاویش ئەو شارەیە کە ئاوەڕۆی لێیە و کۆشک و مەیدانەکانی بە قەڵایی سواخ دراون. بەڵام کەس ناتوانێت ڤینیس بەرچاو بخات. جێی ڤینیسێکی وا نەماوە و سا ئەگەر ڤینیسی وا هەبن هیچیان سەر بە ڕاستییەوە نانێن و ڕاستی هیچێک دەربارەی ئەم شارە ناڵێت و، گەلێک لایەنی ئەم ژیانەیش ڕاستی بەرپەرچ دەدەنەوە. ڤینیس دەبێت بە خەیاڵ بخوێنرێتەوە و خان و خوێنەریش بە خەیاڵ بۆ ڤینیسی خەیاڵ بچن.

ئیتالۆ کالڤینۆ لە کۆتاییی ڕۆمانەکەدا سروشتی مرۆڤ و شارستانەتیی پاک و ناپاک لە یەک و هەمان شاردا دیار دەخات: شاری بێرێنیس کە شاری دادبەزاندنە، لە ناخیدا شارێکی دادپارێز هەیە و لە ناخی ئەمەیشدا شارێکی دادبەزێنەکان و بەو ئاوایە بێرێنیس ڕیزێک شاری دادپارێز و دادبەزێنە و بێرێنیسی داهاتوویشە. چونکە دنیا هەر وایە و هەر وا بووە مارکۆ پۆلۆ لێرە کۆتایی بە چیرۆکەکانی دەهێنێت. ئیتر شاری نادیاری نەماوە. بەڵام هێشتا

کرۆکی مەبەستەکەی نەگوتووە: کالڤینۆ سەرەداوی لایەنی باش و خراپی شارانمان بە دەستەوە دەدات و لە دوا لێدوانی بێدوابیی نێوان خان و پۆلۆدا ڕاستەوخۆ بۆ مەبەست دەچێت. دوای ئەوەی خان چاو بە ئەتڵەسی شارە ئەندێشەکردەکانیدا دەهێنێت و شاری وا دەدۆزیتەوە کە بە "مۆتەکە و نفر" ساز دراون، دنیای لەبەر چاودا تاریک دەبێت و هەمووی بە ڕێی ڕوو لە دۆزەخ دەزانێت، بەڵام – ئەگەر بیرمان نەچووبێت کە دۆزەخ بەلای خوێنەری ئیتاڵییەوە مانای تایبەتی خۆی هەیە و کۆمێدیا خوداییەکەی دانتێ بنەمای هەموو ئەدەبی ئیتاڵیایە – دواقسە بۆ مارکۆ دەمێنێت کە دنیای بێدادیی بەلاوە دۆزەخە و لێیدا دوو ڕێ بە بەرمانەوە دەنێت: یان خۆیشمان دەبین بە دۆزەخ یان دەرەتانی ئەو کەسە دەدەین کە لە ناوجەرگەی ئەم دۆزەخەدا دۆزەخ نییە نەکا گیان دەرنەکات.

لە نووسینی ئەم سەرەتایەدا بێجگە تێخوێندنەوەی بەش بە خۆم، سوودم لە چەند وتارێکی دەربارەی ئەم ڕۆمانە بردووە و تەنانەت برگەم لێ گواستوونەتەوە و، (شەش خاڵ لە بەرەبەری سەدەی داهاتوو)یشم بە سەرچاوە گرتووە کە ئیتالۆ کالڤینۆ بەو مەبەستەوەی نووسیوە لە زانستگەی هارڤەردا بیخوێنێتەوە، ئەگەرچی مردن مەودای نەداوە. وتارەکانیش ئەمانەن کە بە سوێدیم خوێندوونەتەوە:

Notes on Invisible Cities by Italo Calvino. Medha Patel-Schwarz

Calvino`s urban allegories. Franco Ferrucci

Invisible Cities. Pauline Masurel

Invisible Cities/ Italo Calvino. Tal Cohen

لەم ڕۆمانەدا زۆر ناو و چەمک و زاراوەی وا دێن کە هەیانە وەرمگێڕاون، هەیانە وەک خۆی دامناون و هەیشیانە ڕوونکردنەوەیان پێ دەوێت، بۆیە لێرە ڕوونیان دەکەمەوە:

کۆنەلاوم بۆ کەسێکی بە تەمەن پیر و بە دڵ لاو داناوە. پردەبازم بۆ ئەو پردە هەڵپەسێراوەیە کە بەسەر کەندی دەوری شوورەی قەڵا و شاری کۆندا

هەیە و بۆ پەڕینەوە ڕایەڵ دەکرێت. چاپم بە مانای تابلۆی ناوی دوکان و فرۆشگە بە کار هێناوە. "بوککیە" یارییەکە دەکرێت بە بەردبەرێنیشم وەربگێڕایە. فێرخانەم بۆ فێرگە داناوە. پشتپەنا شتی پەنادراوە. خوانچە جێگەی وردەواڵەیە. بارهەڵبرم بۆ سلینگە. خەمرک کانی و شینایییە و عەرەبییەکەی واحەیە. تیرەفووم بۆ لوولەیەکی هلۆڵە بە فووپێداکردنیدا تیری پێ دەهاوێژرێت. دوازدەوانە دیارە کەلووەکانی بەخت و ئاسمانە. دیلەکان جۆلانەی حەسانەوە و ڕاکشانە. نمانا نموونە، یان شتێکی نموونەییە. کرێخانە بالاختە و ساختمانی کرێنشینانە. دەمن "وەک"-ە. ڕۆ ئاوێکە سێ لای خاکە. بێوارە کەسی نامۆ و غەریبە. ساوانی دەستپێهێنان و ساوینی نەرمە. کۆباخەڵی جووتبوونی زیاد لە دوو کەسی پێکەوەیە. بەستۆک قەپاتمە و ژنێکە دۆستی پیاوێک بێت. ئاووێنە بە مەبەستی "وێنەی سەر ئاو"م بە کار هێناوە بۆ ئەوەی لە ئاوێنەی جیا بکەمەوە. پەتچنە لەسەر کێشی پاچنە، پەیژەیەکە بە گوریس چنراوە. لەنگەرچنە ئەوەی کە لەسەر کەنار داچەقێنراوە و بۆ لەنگەرگرتنی کەشتی گوریسی لێ گرێ دەدرێت. ڕێکوورک ڕێیەکە تا سەر ناتبات. بەردەوک نۆکەری تایبەت و خۆشەویستە. باشلۆخ سەرکلاوێکە باران ناناداتـ. سێرێنیسیما تا ١٧٠٠ـەکانیش ناوی کۆماری ڤینیس بووە. خاکەدانم بۆ گڵێنەی خۆڵی مردووە. سەرکۆڵ کلاوەی کۆڵەکەیە. ڕێزک ڕێوشوێن و قانوونە. ڕەنگدەرەم بۆ ئەو ماکەیە کە ڕەنگی پێ بەرهەم دێت و پیگمێنتی پێ دەگوترێت. ئەنتاریس لە ئەستێرەناسیدا دڵی دووپشکی پێ دەڵێن. ئەلفێراتز بە خانمی زنجیرکراو ناو دەبرێت. کاپێلا تەگەر یان بزنیشی ناوە. کێفیۆس "بڵێسەدار"-ە. قۆچی بەدەوڵەت هێما و ڕەمزی دەوڵەمەندی بووە و گوایە هەر ماڵێک بە دیواریدا هەڵواسیبێت خێر و خۆشی ڕووی لێ ناوە. میدۆسە بەپێی میتۆلۆگیای گرێکی کچێکی جوانکیلە بووە کە لە پەرستگەی ئەسینا باخەڵیی کردووە، بۆیە سزا دراوە و لەجێی پرچ ماری لێ ڕواوە، کەسێکیش چاوی لە چاوی بریبێت بە بەرد گەڕاوە. مێرکوریۆس خوداوەندێکە بازرگانی و بازرگانی پاراستووە. خانەخودا - یان پێناتیس -

خوداوەندی پارێزکاری ماڵ و موڵکی ڕۆمای کۆنە و هەم خوداوەندی ئۆجاخ و ئاگردانە و پەرستنی ئەم خانەخودایانە بە (ڤێستا)-وە بەندە کە خوداوەندی ئاگر و ئاگری وجاخ بووە و پەرستگەی لە ڕۆما بۆ ساز دراوە و ئاگرەکەی نەکوژاوەتەوە. ڤێستا وێنەی کێشراوە و لە پاڵیدا وێنەی خانەخوداکان دانراوە و لە پاڵ ئەمانیشدا وێنەی خەلەخوداکان هەبووە، بەڵام لێیان جیا بوونە چون خەلەخودا پێوەندییان بە گیان و ڕۆحی بنەماڵەی خێزانەوە هەبووە و هەم ئەندامی خێزان و هەم عەمباری ماڵەکانیان پاراستوون. خەلەخودا - یان لاریس - لە ڕۆمای کۆن جۆرێک ڕۆحی پارێزەر بووە، لە سەرەتادا بە خوداوەندی کێڵگە دانراوە کە کشتکاران هاواریان بۆ بردووە زەوییەکانیان بەروبوومی باش بدەن و دوایی بە خوداوەندی عەمبار دانراوە کە سامانی ماڵانیان پاراستووە. شێرەمرۆڤەکان و داڵەشێرەکان و شێرەمارەکان و کوندەگایەکان و کەڵەمارەکان دڕندە و ئەژدیهای سەر بە میتۆلۆگیان کە لە ئەفسانەکاندا ناویان هێنراوە و پەیکەریان لە زۆر شوێنی ڤینیسدا دانراوە.

حەسەن نوور

# یەک

جێی گومانە کوبلای خان باوەڕی بەو هەمووە بێت کە مارکۆ پۆلۆ دەیلێت کاتێک باس لەو شارانە دەکات وەک ڕاسپاردەی خونکار سەردانی کردوون، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە سەرداری تەتەران بەوردی و وریاییەکی زۆرترەوە گوێ بەم لاوە ڤینیسییە دەدات تا هەر کام ڕاسپاردەیەک یان گەڕۆکێکی تری خۆی. لە ژیانی هەموو خونکارێکدا ترووکەساتێک هەیە کە جێی نازین بە هەرێمی بێپایان و بەرین کە داگیریان کردوون یان جێی خەم و هاوکات ڕەوینەوەی دەگرێتەوە کاتێک پێی دەوێت لە دەرفەتی ناسین یان تێگەیشتنیان هەتا زووە بتەکێنەوە. ئەمەش هەر ئەو هەست بەبۆشاییکردنەیە کە لەوەیە ئێوارەیەک دامان بگرێت کە بۆنی فیل لە پاش باران یان بەرامەی سووتوی دارسەندەڵێکمان بۆ دێت لە سووچێودا دادەمرکێت. سەرەگێژەیەکیش لەرە بە کۆسار و ڕووباری وادا دەهێنێت کە ناوەکانیان کەوانە بۆرەکانی نەخشەی ئاسمانیان ڕازاندووەتەوە و لەنێو یەکتردا ئەو پەیامانەیان پێچاوەتەوە کە، بەزین بە بەزین، باس لە شکستی دوایین سەرلەشکرە شەڕخوازەکان دەکەن و مۆری پاشای وا هەڵدەکرێن کە ناویان لە هیچ کوێیەکدا نەهێنراوە و، ئێستا بۆ داڵدەی لەشکرە هاژوێنەکانمان، بەرانبەر باجێکی ساڵانەی کان و خۆشە و کاسەپشتی کیسەڵ، خاکوپێ دەپاڕێنەوە. ئەمەیش ئەو ترووکەساتە ئومێدبڕەیە کە لێمان دەسەلمێنێت ئەو ئیمپراتۆریایەی وامان دەزانی کۆی هەموو پەرجوویەکە، هەرەمەیەکی بێ سەروبەرە، کە تا دێت لووی گەندەڵیی پێدا تەشەنە دەکات بۆ ئەوەی دەسەڵاتی فەرمانڕانمان بتوانێت دەستێکی توندتری بەسەردا بگرێت، کە سەرکەوتن بەسەر سەرازادە شەڕخوازەکاندا هەر ژێرکەوتنی درێژخایەنی ئەوانی وەک بەشەمیرات بۆمان بە جێ هێشتووە.

جیا لەمانە هەر لە ڕێی سەربردەکانی مارکۆ پۆلۆوە بوو کە کوبلای خان بۆی ڕەخسا، بەنێو شوورە و بورجێکەوە کە هەر دەبوو بڕووخێن، نەخشێکی زریزەهۆنی ئەوەندە ورد هەڵاوێرێت کە گازی مۆرانەیش نەیگرتووە.

## شارەکان و بیرەوەری ١

ئەو کەسەی دەکەوێتە ڕێ و سێ ڕۆژەڕێی ڕوو لە خۆرهەڵات دەبڕێت دواییەکەی خۆی لە دیۆمیرە دەبینێتەوە، کە شارێکە بە شەست گونبەزی زیو و پەیکەری مسی گشت خوداوەندەکان و ڕێی قەڵایی و شانۆیەکی بلوور و کەڵەشێرێکی زێڕەوە کە بەری بەیانان لە بورجێکدا دەیخوێند. ڕێبارەکە بەم هەموو شتە نایابانە دەزانێت، چونکە لە شاری تریشدا بەرچاوی کەوتوون. بەڵام تایبەتمەندیی ئێرە لەوەدایە کە ئەو کەسەی ئێوارەیەکی سێپتەمبەر دەگاتە شارەکە، کە ڕۆژ لە کورتی دەدات و چرا ڕەنگینەکانی سەر دەروازەی میوانخانەکان هەڵدەکرێن و لە بەرهەیوانێکەوە دەنگی ژنێکی بەرگوێ دەکەوێت کە هاوار دەکات: ئای!، دەبێت ئیرەیی بەو کەسانە ببات کە لایان وایە ئێوارەیەکی وایان ڕابواردووە و ئەو ئێوارەیە بەختیان یار بووە.

## شارەکان و بیرەوەری ٢

ئەو کەسەی ماوەیەکی درێژ بە چۆڵەوانیدا ئەسپ تاو بدا تاسەی ئاوەدانیی دەکەوێتە سەر و دواییەکەی دەگاتە ئیسیدۆرە، کە شارێکە خانووەکانی پلیکانەی پێچەڵپێچیان هەیە و سەدەفی زەریایان لێ گیراوە و، خەڵکەکەی بەپێی ڕێساکانی هونەر دووربین و کەمان دروست دەکەن. لەم شارەدا کەسی نامۆ کە دڵی لە هەڵبژاردنی نێوان دوو دڵبەردا دەبێت بە دوو هەردەم سێیەمیانی دێتە ڕێ، لێیشیدا شەڕەکەڵەشێر بە شەڕەمستی خوێناویی نێوان گرەوکارەکان تەواو دەبێت. کەسێکی وا کە تاسەی شاری لێ بار دەبێت بیر بۆ ئەم هەمووە دەبات و بەم جۆرە ئیسیدۆرە شاری خەونەکانیەتی ئەگەر جیاوازییەکمان بیر نەچێت. لە شاری خەونەکانیدا ئەو لە هەرەتی لاویدا بوو، بەڵام لە درەنگانێکی تەمەنیدا بە ئیسیدۆرە دەگات. مەیدانی شار دیوارێکی نزمی لێیە کە دەستەی پیرانی بەسەرەوە دەنیشن و چاو لە لاوی وا دەگرن کە بەو نێوەدا تێ دەپەڕن؛ خۆیشی جێیەکی نێو پیرانی پێ براوە. تاسە و ئارەزووی ئەو کۆنەلاوە لەمێژە بیرەوەرین.

## شارەکان و ئارەزوو ١

دەربارەی شاری دۆرۆتیە دەتوانین بە دوو شێوە بدوێین: دەکرێت بڵێین چوار بورجی ئەلەمنیۆم بە چوار لای شوورەی شاردا هەڵکشاون و دوو لای حەوت دەروازە دەگرن، ئەگەر لە پردەبازی سەر کەندەکەوە بیانژمێرین کە ئاوەکەی بە چوار جۆگەی سەوزدا دەرژێتە نێو شار و نۆ گەڕەک، هەریەک بە سێسەد ماڵ و حەوتسەد باکێشەوە، پێک دەهێنێت. ئەگەریش بیرمان نەچێت کە کچی گەڕەکێکیان مێرد بە گەنجی گەڕەکێکی تریان دەکەن و بنەماڵەکانیان کەلوپەلێک ئاڵوویر دەکەن کە ماڵ بە ماڵ پاوانیان کردوون: هەرمێ، خاویار، ئاسمانپێو و پێزە، دەشێت لە سایەی ئەم شتانەدا هەموو شتێکی ڕابردوو، ئێستا و داهاتووی شارەکەمان بۆ دەربکەوێت. دەیشکرێت وەک کابرای وشترەوان کە گەیاندمیە ئەوێ، بڵێین: من لە سەرەتای لاویمدا گەیشتمە جێ. بەرەبەیان بوو. خەڵکێکی زۆر ڕژابوونە ئەو جادانەی کە تا بازاڕی شار دەچوون. ژنانی شارەکەیش ددانیان جوان بوو و دیدەیان لەو کەسانە کلا نەدەکرد کە ڕووبەڕوویان دەهاتن. سێ سەربازی سەر سەکۆیەک کلارینێتیان دەژەنی و چەرخ بە هەموو لایەکدا کەوتبووە سووڕ و لە گشت شوێنێکدا تەنراوی ڕەنگین و پرپیت شەکاوە بوو. من تا ئەو کات بیابان و کاروانەڕێ نەبێت هیچم نەدیبوو. ئەو بەری بەیانە لە دۆرۆتیە هەستم بەو هەموو جوانییەی ژیان کرد کە چاوەڕێم بوو. لە سووڕی ساڵانی دواییشدا چاوم پەڕیبوونە دواوە تا لە پانایی بێپایانی بیابان و ڕێی کاروانان ڕابمێنم، ئێستا دەزانم سەرلەبەری ئەم هەمووەم هەر ڕێیەکی ئەو هەموو ڕێیەیە کە ئەو بەیانییە لە دۆرۆتیە هاتنە بەرپێم.

## شارەکان و بیرەوەری ٣

هیچ ناهێنێت کوبلای خانی خانزادە کە هەوڵ بدەم شاری زایرەت بە قوللە بەرزەکانییەوە بۆ باس بکەم. من لە خۆم ڕادەبینم پێت بڵێم جادە پلەدارەکانی لە چەند پێ پێک دێن، ئەندازەی تاقی ڕاڕەوە کۆڵەکەدارەکانی و بە کام سواڵەت بانەکەی گیراوە، بەڵام دەزانم وەک هیچ نەڵێم وایە. ئەمەی بەم جۆرەیە شارەکە نییە، شارەکە پێوەندیی نێوان ئەندازەی ڕووبەر و ڕووداوەکانی ڕابردوویەتی: مەودای نێوان بنی دارتەلێک و پێی دالنگاوی زۆرهێنێکی لەداردراوە، ئەو تەنافەی لە دارتەلەکەوە بۆ پەرژینی خانووەکەی بەرانبەری ڕایەڵ کراوە، ئەو هەموو هەودا ڕەنگاوڕەنگەی ڕێی وایان ڕازاندووەتەوە کە کاروانی بووکێنیی شاژنیان پێدا دەڕوات، بەرزاییی هەمان پەرژین و ئەو دۆستەپیاوەی بەری بەیانان پێیدا هەڵدەگەڕێت، کەمەی پلووسک و ئەو کتکەی بە پێزەوە هەمان پەنجەرەی ڕوو لە ژوورەوە دەبڕێت، هەتەری گوللەتۆپی ئەو کەشتییە تۆپهاوێژەی یەکەوڕاست لە پشت کەپکەکەی زەریاوە دەرکەوت و ئەو گوللەتۆپەی پلووسکەکە دەڕووخێنێت، کونە هەڵدڕاوەکانی تۆڕی ماسیگرتن و ئەو سێ پیرەپیاوەی لەسەر بەربەستەکە دانیشتوون و تۆڕەکە دەدروونەوە و بۆ سەدەمین جار زمان لە کەشتییە تۆپهاوێژەکەی زۆرهێنەکە دەکوتن کە خەڵک دەڵێن بیژووی شاژنەکە بووە و بە کۆرپەیی، لێرە، لەسەر بەربەستەکە فڕێ دراوە.

ئەم شەپۆلەی بیرەوەری وەک ئەسفەنج شار هەڵدەمژێت و بەرین دەبێتەوە. باسێکی زایرە لە باری ئەمڕۆیدا دەبێت هەموو ڕابردوویشی بگرێتەوە کە وەک هێڵەکانی بەری دەست شار لە ناخی خۆیدا هەڵی گرتووە: ڕابردوویەک کە لە پێچی جادەکان و شیشەبەندی پەنجەرەکان و ستارەی پلیکانەکان و لە برووسکەشکێنەکان و شیشی ئاڵاکاندا تۆمار کراوە و هەر ڕێزەڵە بەشێکیشی بەش بە خۆی پڕ لە ڕووش و قڵشت و ترەک و شەقار و شوێنی دوای شەقە.

## شارەکان و ئارەزوو ٢

ئەگەر کەسێک رووەو باشوور رێ ببڕێت پاش سێ ڕۆژەڕێ دەگاتە ئەناستاسیە کە شارێکە ڕۆخانەی لێدا خورەی دێت و سەرگەڕی بە ئاسماندا دەگەڕێت. من لە کێشمدایە ئەو هەموو شمەکانە بژمێرم کە بە نرخێکی باش لە شارەکەدا دەکڕدرێن: ئاقیقی کەوەیی، یاقیقی یەمەنی، زاڕووت و جۆرانجۆری پێزەی سپی. لە باری ئەوەیشدا دێم پەسنی گۆشتی چوڕ بدەم کاتێک بەسەر ئاگری دارگێلاسی وشکەوە دەبرژێندرێت و مەرزەی پێدا دەکرێت. دەیشتوانم بێمە سەر باسی ئەو ژنانەی کە دیومە لە ئەستێڵی نێو باخچەیەکدا مەلە بکەن و کە بیستوومە جاروبار ڕێبواری ئەو ڕێیە بانگ بکەن و کراسی بەریان لەگەڵدا دابکەنن و لەناو ئاوەکەدا پێکەوە وازی بکەن. بەڵام ئەم شتانە هیچێکت دەربارەی کرۆکی ڕاستینەی شارەکە پێ نادەن، چونکە باسی ئەناستاسیە هەر ئارەزووەکانت ڕادەپەڕێنێت، یەک بە یەک، بۆ ئەوەی ناچارت بکات لەوەودوا بیانتاسێنێت، لە کاتێکدا ئەو کەسەی بەرەبەیانێک خۆی لە نێوجەرگەی ئەناستاسیەدا دەبینێتەوە هەست دەکات گشت ئارەزووەکانی پێکەوە ئاگا دێن و گەمارۆی دەدەن. لەم بارەدا شارەکەت بەلاوە وەک پارچەیەکی ساغ دەچێت کە لێیدا هیچ ئارەزوویەک بە هیچە ناچێت و خۆیشت بەشێکی ئەم ساغییەیت. لەبەر ئەوەی شار چێژ لە هەموو شتێک دەستێنێت کە تۆ لێیان نابینیت، ئیتر هیچ بوارێکت نامێنێت مەگەر لەگەڵ ئارەزووتدا هەڵبکەیت و پێی ڕازی بیت. دەسەڵاتێکی وایش کە بەم باردا بە خاس و بەو باردا بە خراپ ناو دەبردرێت، ئەناستاسیە هەیەتی: ئەناستاسیەی هەڵفریوێن. ئەگەر هەموو ڕۆژێک هەشت سەعات ڕەنج بدەیت و ئاقیقی کەوەیی و یاقیقی یەمەنی و زاڕووت دابتاشیت و پەرداخ بکەیت،

مـاندووێـتـیت کـه شـێـوەی ئـارەزووتـی داتاشـیـوە شـێـوەی ئـارەزووت دەگـرێت و تۆیش وا دەزانیت چێژ لە هەمـوو ئەناستاسیـە دەستێنیت کە ئەگەر لە ڕاستی لا نەدەین کۆیلەیەکیت.

## شارەکان و نیشانەکان ١

کەسێک بەدەم ڕێی نێو دار و بەرددا گەلێک ڕۆژی پێ دەچێت، بە دەگمەن نیگای ڕادەگیرێت کە ڕایشگیرا ئەو کاتەیە شێوەی شتێک دەکاتەوە کە نیشانەی شتێکی دیکەیە: شوێنەواری ڕووی خاک مانای وایە پڵنگێک بەو نێوەدا تێ پەڕیوە، زەلکاوێک لە ڕەگاوێک دەدوێت، گوڵەتۆڵەکەیش دەڵێت زستان وا بڕایەوە و هەموو شتێکی تری هەر کڕی و بێدەنگییە، دار و بەردە و هیچێکی تر نییە. لە کۆتاییشدا ڕێ بە شاری تەمارە تەواو دەبێت. مرۆڤ بە درێژاییی ئەو ڕێیانەدا بەرەو نێوشار دەبێتەوە کە لێیدا چاپی دەرپەڕیوی دوکانەکان تێک هەڵدەچن. چاو شت نابینێت، بەڵکە وێنەی شتی وا کە شتی تر دەنوێنن: گازەکان ماڵی ددانکێشەکان دیار دەخەن، کووزەکە مەیخانەکە، بیورەکە بنکەکەی پۆلیس، قەپانەکەیش ژنە تەڕەفرۆشەکە نیشان دەدات. کۆتەڵ و مەتاڵەکانیش شێر، دەلفین، بورج، ئەستێرە دەنوێنن، نیشانەی شتێک – کێ دەزانێت چی – کە شێرێک، دەلفینێک، بورجێک یان ئەستێرەیەکی نیشانەیە. نیشانەی تر دیاری دەخەن کە ڕێ لە چی و لە کوێ دەگیرێت: کە بە گالیسکە کۆڵانەکە ببڕیت، کە لە پشت دوکانەکەدا بمیزێنیت، لەسەر پردەکەوە قولاب بۆ ماسی هەڵبدەیت. یان نیشانەن و ئەو شتانە دەنوێنن کە ڕێیان پێ دەدرێت: کە ئاوی کەرەکوڵ بدەیت، یاری بوککیە بکەیت، ئاگر لە تەرمی کەسی خۆت بەربدەیت. لەنێو دەروازەی پەرستگەکانیشەوە پەیکەری خوداوەندەکان، هەریەک لەوان بە مۆرکی تایبەتی خۆیەوە دەبینرێن: قۆچی بەدەوڵەت، کاتژمێری لم، کەللەی میدۆسە، تا پەرستکاران بیانناسنەوە و ڕووی تکا و نزای ڕاستیان لێ بکەن. ئەگەر ساختمانێک نە شەقڵی هەبێت و نە کلێشی دیار بێت، شێوە و شوێنی هەڵکەوتنی لەناو شارەکەدا بەسن بۆ ئەوەی

نەخشی دیار بخەن: کۆشکەکەی پاشا، بەندیخانەکە، سکەخانەکە، فێرخانەکە و قەحبەخانەکە. شمەکێکیش فرۆشیار لەسەر مێز دەیانخەنە ڕوو هیچ بایی و بەهایەکیان لە خۆیاندا نییە، بەڵکە نیشانەی شتی ترن: هەنیەبەندە چنراوەکان خۆشپۆشی دەنوێنن، کەژاوەی ئاوزێڕکراو دەسەڵات، کتێبە بەرگەستوورەکان پەند و زانست، پوزەوانەیش جۆش و خرۆش. نیگا هەروەک بە ڕووپەڕەی نووسراودا بێت بە جادەکاندا دەکشێت. شار ئەو هەموو شتەت پێ دەڵێت کە دەبێت بیریان بۆ ببەیت و ژمارەیانت پێ دووپات دەکاتەوە. کاتێکیش دەگەیتە ئەو باوەڕەی کە تەمارەت بەسەر کردووەتەوە، لە تۆمارکردنی ئەو ناوانەی بترازێت کە شار خۆی و بەشە جۆراوجۆرەکانی خۆیان پێ دەنوێنێت، هیچی تر ناکەیت.

بەڵام شارەکەی ژێر ئەم کەڵکە چاپە چییە، چی لە نێویدایە یان چییەکی لێ پشتپەنایە، شتانێکن ئەو کەسەی شارەکە بە جێ دەهێڵێت هیچی لە هیچیان نەزانیوە. لە دەرەوەی شاریشدا دەشت و ڕووتەنێکە هەر دەچێت و بەرین دەبێت تا سەر لە ئاسۆ دەنێت و سەروویشی ئاسمانێکە و هەور کە ڕاوی هەور دەنێت. لەو شێوەیەیشدا کە هەڵکەوت یاخۆ با بە پەڵەهەوری دەبەخشێت، مرۆڤ ئیتر گەیشتووەتە بارێک چەند بچمێکی بناسێتەوە: بەلەمێکی چارۆکەدار، دەستێک، فیلێک...

لەوبەری شەش ڕۆخانە و لە پشت شەش شاخدا زورە هەڵکەوتووە: ئەو شارەی کەسێک کە ئەگەر بۆ جارێکیش بیبینێت بیری ناچێت، نەک لەبەر ئەوەی ئەمیش وەک شاری تری سەرنجڕاکێش بیرەوەرییەکت لا بە جێ دەهێڵێت ئاسایی و باو دەبەزێنێت. تایبەتمەندیی زورە لەوەدایە کە خاڵ بە خاڵ لە بیردا دەمێنێت. مرۆڤ بیر بۆ درێژاییی جادەکان، خانووبەرەی ڕاست و چەپیان و دەرگە و پەنجەرەی خانووەکان دەبات، ئەگەرچی ئەم هەمووە ئەندازەیەکی ئەوتۆی جوانی یان جیاهەڵکەوتن نانوێنێت. نهێنییەکەی ئەم شارە لەوەدایە کە چۆن چاو بە بەشە وردەکانیدا دەگێڕدرێت کە وەک نۆتەی پارچە موزیکێک ڕیز دەگرن و مرۆڤ نە تەنیا نۆتەیەکی پێ دەگۆڕدرێت نە ڕادەگوێزرێت. کەسێکیش زورەی ڕەوان کردبێت، دەتوانێت خۆی لە شەوی بێداریدا بهێنێتە بەرچاوی خۆی کە چۆن بە درێژاییی جادەکانیدا ڕادەبوورێت و بیر بۆ یەک بە یەکی کاتژمێرە مسەکە، سایەبانە کیرکیرەکەی بەربەرەکە، پرشەی نۆ فوارەکە، بورجی بلووری ئەستێرەناسەکە، دوکانی شووتیفرۆشەکە، پەیکەری ڕەبەن و شێرەکە، گەرماوە تورکییەکە، قاوەخانەی سەرسووچەکە و کۆڵانی ڕوو لە بەندەرەکە دەبات. ئەم شارە کە ڕیشەی لە بیر هەڵناکێشرێت، وەک تاقێک یان خوانچەیەک دەچێت کە دەشێت هەموو کەسێک شتی وا لە چاوەکانیدا هەڵبگرێت کە خۆشی دێت بیری بێنەوە: ناوی پیاوی بەناو، چاکە، ژمارە، خانەبەندییەکانی دنیای ڕووەک و کانزا، زانیاری دەربارەی شەڕی مەیدان، کۆئەستێران و پوختەی لێدوان و بەدەم ڕێوە هاوبەندییەک یان دژەکەی لە نێوان هەر زاراوەیەک و خاڵێکدا دیاری بکات کە دەستەوجێ هەموو شتێک بە بیردا دەهێنێتەوە؛ جا بۆیە هەر مرۆڤی هەرە دانای ئەم دنیایەیە کە زورەیان ڕەوان کردووە. بەڵام من لە هیچە بوو ملی ڕێی

شـارەکـەم گـرت و سـەرم لێ دا. لەبەر ئـەوەی زورە ناچار کـرا لـەرە نەکـات و چۆنێک هەیە هەر وا بێت تا چاکتر بیری بۆ بچێت، چووە یەک و هەڵوەشایەوە و شۆپ و شوێنەواری ون بوو. زورە لە بیری خاکیش چوو.

## شارەکان و ئارەزوو ٣

بۆ دیسپینە هەموو کەسێک دەتوانێت بە دوو شێوە بچێت: بە کەشتی یان بە وشتر. شارەکە ڕوویەکی بۆ ئەو کەسە دەردەخات کە لە زەریاوە دێت، ڕوویەکی تر نیشانی ئەو کەسە دەدا کە ڕێی بەژ دەیهێنێت. کە وشترەوان لە ئاسۆی ئەوسەری بانووەکەدا کتوپڕ چاو بە ساختمانە ملکەشەکان، ئەنتێنی ڕادارەکان، بانوێنە سوور و سپییە خەتخەتەکان و باکێشە سەربەدووکەڵەکان هەڵدەهێنێت، بیر بۆ کەشتییەک دەبات. دەزانێت ئەوەی کە دەیبینێت شارە، بەڵام بە کەشتیی دەگرێت کە دەبێت لە ساراوە بۆ شوێنێکی دووری ببات. کەشتییەکی چارۆکەدار کە با چارۆکە هێشتا هەڵنەدراوەکانی پڕ دەکات لەنگەر هەڵدەگرێت یان کەشتییەکی زرێداری بەگرمە کە هەڵم دەیگێڕێت. ئەوجا بیر لە هەموو بەندەرێک و ئەو هەموو کەلوپەلەی بەری ئەوبەری زەریا دەکاتەوە کە بارهەڵبڕەکان لەسەر تابگە بەریان دەدەنەوە، بیر لەو مەیخانانە دەکاتەوە کە لێیاندا زەریاوانی سەر بە نەتەوەی جیا جامی مەی بە سەری یەکدا دەکێشن و بیر بۆ ئەو پەنجەرانەی ڕێکی جادەیش دەبات کە ژنی لێ دادەنیشن و پرچ دادەهێنن.

لەنێو تەمومژی سەر کەنارەکەدا زەریاوان شتێکی بۆ هەڵاوێر دەبێت کە بە وشتر دەچێت؛ وشترێک بە کۆپانی نەخشینی ڕیشوودار و سوورمەهۆنی نێوان دوو کۆپارەی پڵپڵەوە کە لا بە لا پێش دەکەوێت. زەریاوانەکە دەزانێت ئەوەی کە دەیبینێت شارە، بەڵام بە وشترێکی دەگرێت کە تێری دووتایی، خورجی وشکەبەر، عەرەقی خورما و شوولی تووتن بە کۆپانی بارییەوە شۆڕ بوونەتەوە و دەسبەجێ خۆی لە نووکی کاروانێکی بێدوادا بە دی دەکات لە سارای زەریاوە بۆ خەمرکێکی دەبات بە ئاوی سازگاری بەر سێبەری

کیرکیری دارخورما و کۆشکی دیوارپانی قسڵەوە و حەسارێکیش کە بەردی پانی لێ گیراوە و کە ژنی سەماکاری لێدا بە پێی پەتی سمت با دەدەن و باسک و باهووی لەگەڵدا جارێک بە پۆشە و جارێک بێ تارا دەهێنن و دەبەن.

شێوەی شارەکان ئەو سارایە دەیکێشێت کە شار پێچەوانەیین و هەر بەم شێوەیەیشە وشترەوان و زەریاوانەکە دیسپینە دەبینن؛ دیسپینەی سەر سنووری دوو سارا.

## شارەکان و نیشانەکان ٢

لە شـاری زیرمـەوە ڕێبـار بە بارێک بیـرەوەریی یـەکجـار ڕوونـەوە دێتـەوە: ڕەشپێستێکی نابینا کە هاوار بەسـەر ئاپۆڕەیەدا دەکات، شێتێک کە خۆی بە گوێسوانەی سـاختمـانێکی ملکەشدا شـۆڕ دەکاتەوە، کچێک کە بە بەورێکی ڕسـتکراوەوە پیـاسـە دەکـات. گـەلێکی ئەو کـوێرانەی بـە جـادەکـانی زیرمـەدا چێوەتەقێ ڕادەبوورن ڕەشپێستی تەواون. لە هەموو ساختمـانێکی ملکەشدا کـەسـێک هەیە هـۆشی لە دەست بدا و شـێتـەکـانیش کـاتی زۆری خـۆیان لە گـوێسـواناندا بـە سـەر دەبەن. هیچ بەورێکیش نییـە لە سـۆنگەی بێبـاریی کچێکدا کەوی نەبووبێت. شارەکە کەیلی هەموو شتێکە، شارەکە خۆی دووپات دەکـاتەوە بۆ ئەوەی شـتـێکی نێـو ئەم هەمـووە پێ ڕابگات خـۆی بە بیـرەوە بگرێت.

تەنانەت منیش لە زیرمەوە دێمەوە، بیریشم باکەشتیی وای لێ دیارن کە بە هەموو لایەکدا و لـە ڕێکی پەنجەرەدا دەفڕن و، جادە و میوانخـانە کە لێیـاندا خـاڵ بـۆ زەریاوانان دەکـوترێت و شـەمـەندەفـەری ژێرزەمـینیی پڕ لـە ژنی گۆشتنیش کە گەرما زۆری بۆ هێناون. هاوەڵەکانم کە لە سەفەرەکەمدا پێکەوە بووین، سـەر لە سـوێند دەنێن کـە یەک باکـەشـتـییـان دیوە لـە نێـوان نووکی بورجەکاندا بگەڕێت، یەک خـاڵکوتیان دیوە مێزە بچووکەکەی بە دەرزی و خوم و نیگاری تەقـەڵدارەوە دابنێت، یەک ژنی فرەگۆشـتنیـان دیوە لەسـەر پیادەڕێی شـەمەندەفەردا باوەشـێنی خـۆی بکات. بیر سـەرپڕە، بیر نیشـانەکان دووپات دەکاتەوە بۆ ئەوەی شار مانەوەی خۆی دەست پێ بکات.

## شاره تەنکەکان ١

مرۆڤ وا دەزانێت ئیساورە: شارە هەزار چاڵاوەکە، لەسەر گۆمێکی ژێر ڕووی خاکدا بنیات نراوە. چاڵە قووڵ و ئەستوونییەکان کە خەڵکی شار لە هەموو شوێنێکدا هەڵیان کەندوون و ئاویان لێدا دۆزیونەتەوە ڕووبەری شارەکە دیاری دەکەن، نکالە سەوزەکەیشی لێوارە تارەکانی گۆمە پێوارەکە ئاشکرا دەکات. دیمەنێکی پەنامی خۆکرد یەکێکی پەنی بڕیار دەدا و هەرچییەکیش بەر بە ڕووناکیی ڕۆژەوە لەرەی تێ دەکەوێت شەپۆلی بەند دەیڕسکێنێت کە خۆی بە ئاسمانی قسڵنی تاشەبەردا دەکێشێت.

بەم ئاوایەیش دوو ئاین لە ئیساورە پێڕەو دەکرێت. بەلای بەشێکەوە خوداوەندەکانی شار لە قووڵاییدا، لەو گۆمە تاریکەدا نیشەجێن کە ڕەگەکانی ژێر زەوی ئاو دەدات. بەشەکەی تر لایان وایە خوداوەندەکان لەو سەتڵە گەورانەدان کە بە سەرێکی گوریسەوە بەستراون و هەڵدەکێشرێنە سەر نکالی بەردینی چاڵاوەکان، یان لەو چەرخ و جەنجەڕانەدان کە لە جووڵە ناکەون، لە کوڵێنگەکاندان، لە دەسکی ترومپاکاندان، لەو باگێڕانەدان کە ئاوی بیرەکان هەڵدەگۆزن، لە زنجیرەکاندان کە پێچ و بورغیی شاوڵیان پێوە جەڕ دراوە، لە بۆشکە ئاوێزانەکانی سەر بنەی خۆیانی سەربانەکاندان، لە تاقە باریکەکانی پردەکاندان، لە هەموو ئاوهاوێژەکاندان، لە لوولە ئەستوونییەکاندان، لە پشتکۆڵە ئاسنینەکانی دەرگەکاندان و بەم ئاوایە تا بەو بانوێنانە دەگات کە لە سەرووی بوومی بەرپانی بورجەکانی ئەو ئیساورەیەدا دەخولێنەوە کە لە هەڵکشان ناکەوێت.

نوێنەر و باجستێنەکانی خانی مەزن کە ڕەوانە کرابوون هەرێمە دوورەکان بپشکنن، لە سەرکاتی دیاریکراودا بۆ کۆشکی پاشا لە کێمێنفو و بۆ نێو دارمانۆلیاکان گەڕانەوە کە کوبلای خان لە سێبەریاندا پیاسەی دەکرد و گوێی بۆ باسە درێژخایەنەکان ڕادێرابوو. نوێنەرەکان فارس و ئەرمەنی و سووری و قیبتی و تورکمەن بوون. بەڵام خونکار بەلای هەموو پێرەوەکانییەوە کەسێکی نامۆیە و هەر بە چاو و گوێی نامۆیش بوو کە دەکرا ئیمپراتۆریاکە لە ئاست کوبلای خاندا گیانی تێ هەڵبکێشرێت. نوێنەرەکان بە زمانی وا باسیان بۆ خان دەکرد کە لێیان نەدەگەیشت و کە خۆیشیان لە زمانی واوەیان گرتبوون بەلایانەوە زمانێک نەبوون تێیان بگەن. لەنێو ئەم لەسمانەهاتە تاریک و دەنگدارەیشەوە ژمارەی شتانێک برەوی دەبرد کە باجگەکەی خونکار سەندبوونی: ناو و پاشناوی فەرمانبەری لابراو و سەرپەڕێنراو و مەودای ئەو جۆگەتانەیش کە لە وشکەساڵیدا ئاویان لە ژێراوانەوە بۆ هەڵگیرابوو. بەڵام کە نۆرە هاتە سەر لاوە ڤینیسییەکە باس بۆ خان بکات جۆرێکی تری لێکتێگەیشتن نێوانی خۆی و خونکاری گرتەوە. مارکۆ پۆلۆی تازەکار کە هیچێکی زمانە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی نەدەزانی، بێ ئاماژە و بازدان، بێ سڵبردن و هاواری سەرلێسڕمان، بێ وەڕین یان لوورەی ئاژەڵان یان بێ ئەو شتانەی لە خورجە دووتاییەکەیەوەی دەردەهێنان: شاپەڕی وشترمر، تیرەفوو و پێزە، کە وەک داشی شاترەنج بەرانبەر خۆی ڕیزی دەکردن، بە هیچ جۆرێک نەیتوانی بێتە گۆ. ئەم لاوە داهێنەرە دوای ئەو سەفەرانەی بە فرمانی کوبلای خان ئەنجامی دابوون، دەستبەجێ لەشگۆییەکی وای داهێنا کە مابووەوە خونکار لێکی بداتەوە: شارێک بە ماسییەک تایبەتێندرا کە خۆی هاویشت خۆی لە ماسیخۆرەیەک ڕزگار کرد، بەڵام بە تۆڕێکەوە بوو، شارێکی تر بە کابرایەکی ڕووت نوێندرا کە خۆی لە ئاگرێک دا گڕی نەگرت، سێیەمیان

بە کاسەسەرێک خەسڵەتێندرا مرواریییەکی بێ خەوش و خڕ بە ددانە کەڕووگرتووەکانییەوە بوو.

خانی مەزن نیشانەکانی تێ خوێندەوە، بەڵام پێوەندیی نێوانیان لەگەڵ ئەو شوێنانەی مارکۆ پۆلۆ سەردانی کردبوون ئاڵۆز مایەوە. خان بۆی ساغ نەبووەوە ئەگەر مارکۆ پۆلۆ ویستبێتی گیانبازییەک کە هاتبووە ڕێی، شاکارێکی بنیاتنەری شارێک، سرووشی ئەستێرەگەرێک، مەتەڵۆکەیەک یان هەڵدانێکی بۆ بگێڕێتەوە تا ناوێک بداتەوە. هەموو شتێکیش کە مارکۆ پۆلۆ نیشانی دا، ئیتر پەنی بووبن یان پێوار، دەسەڵاتی تەواوی هێمایان هەبوو کە ئەگەر مرۆڤ بۆ جارێکیش دیبووینایە فەرامۆشی نەدەکردن یان لێی تێکەڵی یەکتر نەدەبوون. لە مێشکی خونکاردا ئیمپراتۆریاکە ڕەنگی لە سارایەک زانیاریی گومانهەڵگری وەک دەنکەلمدا دەدایەوە کە ئەمیانت لە جێی ئەوی تریاندا دابنایە جیاوازییەکی ئەوتۆی نەدەنایەوە و بۆ هەر شار و هەرێمێکیش ئەو وێنانە دیار دەکەوتن کە پەردەکەکانی ڤینیسییەکە بەرپای دەکردن.

بەدەم سووڕی سالان و بە سەفەری زۆر مارکۆ زمانی تەتەران و گەلێک زار و شێوەزاری خێڵەکانیان فێر بوو. سەربردەکانیشی ئەوەندە ڕێک و ورد هەڵکەوتن کە خان بە ئاواتیانەوە بوو. ئیتر هیچ پرسیارێک یان خواستێکی زانین نەما وەڵامێکی دڵدابێنی نەدرێتەوە. بەڵام هەموو زانیارییەک دەربارەی هەر شوێنێک لە بیری خونکاردا ئەو یەکەمین ئاماژەیە یان ئەو یەکەمین شتەی دیار دەخستەوە کە مارکۆ لە سەرەتاوە شوێنەکەی پێ ڕوون کردبووەوە: نوێیەکەیان مانایەکی لەو وێنەیە وەردەگرت کە بەش بە خۆی مانایەکی تری لە زانیارییە نوێیەکە دەستەبەر دەکرد. کوبلای خان بیری برد: دوور نییە ئەم ئیمپراتۆریایەم جیا لە دوازدەوانەیەکی هەموو خەون و خەیاڵێکم هیچی تر نەبێت بە مارکۆیشی گوت: "ئەو ڕۆژەی هەموو هێماکان تێ دەگەم، بەخت ئەوەندەم مەودا دەدات ببمە خاوەن ئیمپراتۆریاکەی خۆم؟"

مارکۆ گوتی: "سەروەرم، باوەڕ مەکە. ڕۆژێکی وا تۆیش وەک هێمایەکی نێو هێماکان دواییت دێت."

# دوو

– نوێنەرەکانی ترم باسی برسێتی، زۆرداری و سەربزێوی، یان باسی کانگەی تازەهەڵدراوی پیــرۆزە و نرخی باشی پەڕی کــاردەپەلە و پێــشنیــازی گواستنەوەی شمشێری شامیم بۆ دەکەن. بەڵام تۆ، مارکۆ پۆڵۆ؟ خانی مەزن لێی پرسی: "تۆ لە وڵاتی وەک ئەوان دوور دێیتەوە، کەچی تەنیا شتێک بۆمت پێ باس بکرێت ئەو خــەیاڵ و بیرانەیە بە مێشکی کەسێکدا دێن لەسەر ئاستانەی خانووەکەی خۆیدا دانیشتووە و چێژ لە فێنکایی ئێوارە دەبات. باشە، ئەم هەموو سەفەرانەت بۆ چی و کەڵکی چی دەگرن؟"

مارکۆ پۆڵۆ گوتی: "وا ئێوارەیە و ئێمە لەنێو پلیکانەی کۆشکەکەتدا دانیشتووین و سۆزەیەکیش ئەم ناوەی فێنک داهێناوە. وشەکانم هەر کام وێنەت بۆ بدەنەوە سەرەڕا تۆ هەر لەم جێی تێبینینەوە کە ڕوانگەی خۆتە سەرنجی ئەو وڵاتانە دەدەیت، ئەگەرچی هیچیان بەسەر کۆشک و تەلاری شکۆداریی تۆوە نییە، بگرە نشینگەیەک دەگرنەوە بە دیرەگ هەڵنراوە و شنەبایش تەمی خورگەیەکی لێخنی ڕووباری داوەتە بەر.

– نیگای من هێن کەسێکە بە ناخی بیرکردنەوەدا شۆڕەوە بووە. من ددان بەمەدا دەنێم. بەڵام نیگای تۆ؟ تۆیەک لە ڕەوی سەر دوورگەلان و سەر ڕووتەن و سەر کۆساران ڕاهاتووی. چاک وایە دەست لەم هەمووە هەڵبگرێت و لێرە داسرەویت.

ئەم ڤینیسییە دەیزانی کە کوبلای خان هەر کاتێک لێی تووڕە دەبوو بۆ ئەوەی بوو باشتر شوێنی گوتوبێژ بکەوێت و وەڵام و بەرپەرچدانەوەکانی جێ لە لێدوانێکدا بگرن کە لە مێشکی خانی مەزندا کەوتبووە ڕێ. بە واتەیەکی تر بەلای هەردووکیانەوە گرینگ نەبوو کێشە و ڕەواندنەوەیان بە دەنگی بەرز

دەرببرِیایە یان هەریەکە و بێ ئەوەی ورتەی لێوە بێت بیری بێ وچانی بۆیان ببردایە. لە ڕاستیدا ئەوان بێدەنگییان ڕاگرتبوو کاتێک لەسەر نەرمە بالیفی نێو دیلەکاندا کە لەسەرخۆ دەڕاژا، پاڵی حەسانەوەیان دابووەوە و دەمنەی خۆیان دەکێشا.

مارکۆ پۆلۆ وای دانا کە وەڵام دەداتەوە (یان کوبلای خان بوو بە وەڵامی گرت)، بیریشی تا لە گەڕەکە نەناسراوەکانی شارە دوورەکاندا زیاتر هەڵەتە دەبوو باشتر لەو شارانە دەگەیشت کە ڕێی دوورتری پێیاندا ڕایبردبوو و قۆناخی جۆراوجۆری سەفەرەکانیشی سەرلەنوێ پێیدا دەگەڕانەوە و، ئەو بەندەرەی لێ روون دەبوو کە جارێکیان ڕێی زەریای لێیەوە گرت و، شوێنە ئاشناکانی هەرەتی لاوی و دەوراندەوریماڵیان و ئەو مەیدانە بچووکەیش کە بە منداڵی چەرخەی لێدا دەکرد.

لێرەدا کوبلای خان قسەی پێ بڕی یان وای دانا کە قسەی پێ دەبڕێت یانیش مارکۆ پۆلۆ بە پرسیارێکی گرت کە ڕێی قسەی لێ دەگرێت وەک "لە سەفەرەکانتدا بێ وچان ئاوڕ لە دواوە دەدەیتەوە؟" یان "ئەو شتەی کە دەیبینی هەردەم لێت بە جێ ماوە؟" یان ڕوونتر "سەفەرەکانت هەر لە ڕابردوودا ڕوو دەدەن؟"

ئەم هەمووەیش بۆ ئەوە بوو کە مارکۆ پۆلۆ بتوانێت بۆ خۆی ڕوونی بکاتەوە یان وای دابنێت کە ڕوونی کردووەتەوە یان ڕوونی کردبێتەوە یانیش دواییەکەی بتوانێت ڕوونی بکاتەوە کە ئەو شتەی لێی دەگەڕا شتێک بوو کە هەموو کات بە بەریەوە بوو، کە ئەگەرچی شتێکی سەر بە ڕابردوو بوو، بەڵام ڕابردوویەک بوو تا سەفەرەکەی بۆ پێشەوەی دەبرد گۆڕانی خاوی بەسەردا دەهات، چونکە ڕابردووی ڕێبار پێ بە پێی ڕێگەی بەرپێی ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت. جا دەتوانین بڵێین ڕابردوویەک ڕۆژی بە دوای ڕۆژەوە هاتبێت ڕابردوویەکی ساکار نییە، بگرە ڕابردوویەکی گەلێک دوورە. کاتێکیش ڕێبار دەگاتە شارێکی نوێ لەتێکی ڕابردووی خۆی سەرلەنوێ دەبینێتەوە کە بە بیریدا نایەتەوە هەیبووە: غەریبی لەوەدا کە ئیتر نە خۆتیت و نە خاوەنیت لەو

کاتەدا چاوەڕێتە کە پێ بە غەریبی و شوێنی وادا دەنێیت کە کەس خاوەنی نەبووە.

مارکۆ دەچێتە نێو شارێک، لە مەیدانێکدا کەسێک دەبینێت لەتێک ژیان یان ترووکەساتێک بەسەر دەبات کە دەشیا بەشی ئەم بووبووایە و ئێستا ئەم لە جێی ئەو کەسەدا بووایە، ئەگەر ماوەیەکی گەلێک لەمەوبەر لێرەدا گیر بووبووایە یان دەمێکی گەلێک لەوەوبەر لەسەر چەقی دووڕییانێکدا ئەویانی هەڵنەبژاردایە کە ملی لێ نا، بەڵکە پێچەوانە ڕێک و ڕاستەکەی. جا دوای ڕەوێکی درێژخایەن دوور نەدەبوو خۆی لە جێی ئەم کەسەی نێو ئەم مەیدانەدا بگرتایەتەوە. بەڵام ئێستا کە ڕێی ڕابردووی ڕاستینەی یان ئەندێشەکردی خۆی لێ گیراوە ناتوانێت بمێنێتەوە، دەبێت درێژە بە ڕێی بەرەوپێشی بدات تا بە شارێکی تر دەگات کە لێیدا لەتێکی تری ڕابردووی خۆی چاو لە ڕێیەتی یان داهاتوویەک کە دوور نەبوو بۆی هەڵبکەوێت و کە ئێستا کاتی ئێستای کەسێکی ترە. داهاتووە نەبووەکانیش هەر لکی ڕابردوون: لکی وشک.

لێرەدا کوبلای خان لێی پرسی: "ئەم سەفەرانە دەکەیت تا ڕابردووت بژێیتەوە؟" کە دەشیا ئاوایش دابڕێژرێت: "سەفەر بەو مەبەستەوە دەکەیت کە داهاتووت بدۆزیتەوە؟"

وەڵامەکەی مارکۆیش: "ئەم جێیەکی ترە ئاوێنەیەکە پێچ بە وێنە دەکاتەوە. ڕێبواریش ئەو شتە کەمە دەناسێتەوە کە بەشیەتی کاتێک ئەندازەی ئەو ژیانەی بۆ دیار دەکەوێت کە نەیبووە و کە نایبێت".

لە ماوریلیە ڕێبار بانگ دەکرێت سەرنجی شارەکە بدات و هاوکات چاو بە چەند وێنەیەکی کۆندا بگێڕێت کە شارەکە لە باری ڕابردوویدا چۆن بووە وای دەنوێنن: ئەمە هەر ئەو مەیدانەیە کە مریشکێک لەو جێیەیدایە کە ئێستا وێستگەی باسە، ئاهەنگسەرایەک کە ئێستا پردێکی سەر جادەیە، دوو کچ بە چەتری سپییەوە لەو جێیەدا کە ئێستا بارووتخانەی لێیە. بۆ ئەوەی خەڵکی شارەکە لە خۆی نەڕەنجێنێت، دەبێت ڕێبارەکە پەسنی شارەکەی نێو وێنەکان بدات و لەوەی ئێستای دڵگرتر ببینێت. بەڵام دەبێت وریای تەواوی ئەوەیش بێت کە داخی بۆ شارە کۆنەکە سنوور نەپەڕێنێت و، دەبێت بڵێت سەر و سامانی ئەو ماوریلیەیەی کە شارێکی گەورەی لێ هەڵکەوتووە ئەو خۆشییە ناهێنێت کە نەیماوە، ئەگەر لەگەڵ شارەهەرێمی ماوریلیەدا بەراورد بکرێت. مرۆڤ ئیتر هەر لە وێنە کۆنەکاندا چێژ لە جوانییەکەی دەبینێت. بەڵام جاران کە مرۆڤ ئەم شارە بچووکەی بە بەرچاوەوە بوو، هیچ جوانییەکی لێدا نەدەبینی و ئەگەر بچووک بمایەتەوە هەر بەو ئەندازەیە جوان دەبوو. بەڵام شارە گەورەکە ئەو ڕواڵە حەزڕاکێشەی هەیە کە مرۆڤ دەتوانێت بە سەرانسەری ئەوەی کە شارەکە پەرەی بۆ سەندووە، بە دڵی تاسەبارەوە بیر ببات جاری جاران چۆن بووە.

وریای باشی ئەوەیش بن کە نەڵێن جار هەبووە چەند شارێک لە هەمان جێدا و بە هەمان ناوەوە، بە شوێن یەکەوە هاتوون. شاری وا بەرپا دەبن و لەنێو دەچن بێ ئەوەی بە یەکتر بزانن و هاوبەندی یەکتر بن. جاریش هەبووە خەڵکەکەی هەر هەمان ناویان لێ نراوە، تەنانەت جۆری دەنگ و ڕەنگی ڕوویشیان هەر وا بووە، بەڵام ئەو خوداوەندانەی لە پشت ناوەکان و

شـوێنەکەوە ژی و گـوزەرانیـان کردووە، دەنگیـان لە خـۆیان چنیوە و سـەری خـۆیان هەڵگرتووە و خـداوەندی نەنـاس جێـیـانی گرتـووە. دیارە کـەڵکی هیچ ناگرێت لەبەر خۆتەوە بپرسی ئاخۆ ئەمـان لە خوداوەندە کۆنەکان چاکترن یان خراپـترن، چونکە هیچ نێوانێکیان نییە کە وەک وێنە کۆنەکـان ئەو ماوریلیـەیە نانوێنن جـاری جاران هەبووە، بەڵکە شـارێکی تر کـە وەک ئـەوەی ئێسـتـا بە هەڵکەوت ناوی ماوریلیەی لە خۆی ناوە.

## شارەکان و ئارەزوو ٤

لە فیدۆرە؛ شارێکی گەورە کە لە بەردی کەوەیی لێک نراوە، کۆشکێکی کانزای لە ناوجەرگەدایە و لە هەر ژوورێکدا گۆیەکی بلوورین هەیە. ئەگەر کەسێک بڕوانێتە نێو گۆیەکان شارێکی شینی وەک ئاسمان دەبینێت کە نموونەی فیدۆرەیەکی ترە و ئەو شێوەیەیە کە شارەکە دەیبوو ئەگەر لەبەر هۆیەک و دوو نەبووایە دەبوو بەم شێوەیە هەڵبکەوتایە کە ئەمڕۆ وایە. لە هەموو دەور و سەردەمێکدا هەر کەسێک کە دەیڕوانییە فیدوراکەی ئەوسا خەیاڵی دەبرد چۆن شارێکی نمانای لێ ساز بدرێت. بەڵام لەو ساتەدا نموونە وردیلەکەی خۆی دادەهێنا فیدورا بڕابووەوە ئەو شارە بێت کە لەو ساتەدا وا بوو، ئەوەیش کە دوێنێ داهاتووی وەشاوەی بوو ئیتر لە گۆیەکی بلووریندا یاری بوو. فیدۆرەی ئەمڕۆ مووزەی خۆی لەو کۆشکەدا هەیە کە گۆیەکانی لێیە: هەر کەسێکی شارەکە کاتێک سەردانی دەکات ئەو شارە هەڵدەبژێرێت کە لەگەڵ هیواکانیدا یەک دەگرێتەوە و کە سەرنجی دەدات بە خەیاڵ وێنەی خۆی لەو گۆماوەدا دەبینێت کە لالەی دەریا ئاوی چۆمەکەیان بۆ دەکێشا (ئەگەر وەک ئێستا وشکاوی نەهێنایە). کەسێکی وا خۆی لە ژێر سایەبانی دەسەڵاتدا دەبینێت و بەو جادە درەختینەدا ڕادەبوورێت کە تەرخانی فیل کرابوو (ئەمڕۆ شاریان لێ پاوان کراوە) و بە پێچەکانی ئەو منارەیەدا دادەخزێت کە وەک گوێچکەماسی وایە (کە ئیتر بنگەیەکی پێ پەیدا نابێت لێی ڕاست ببێتەوە). لە نەخشەی تایبەت بە ئیمپراتۆریاکەتدا، ئەی خانی مەزن، دەبێت هەم فیدۆرەی گەورەی بەردین و هەم فیدۆرە بچووکەکانی ناو گۆیە بلوورینەکان هەبن، نەک لەبەر ئەوەی هەموویان وەک یەک ڕاستن، بەڵکە وەک یەک جێی باوەڕن و ئەمیان ئەوەی هەڵپێچاوە کە بە پێویستییەک دەدانرێت ئەگەرچی هێشتا پێویست نییە. ئەوانی تریان ئەو هەموو شتانەیان تێدایە کە هەرکە مرۆڤ بە شیاویان دەزانێت دوای خولەکێک ئیتر ناشێن.

## شارەکان و نیشانەکان ٣

ئەو کەسەی بەدەم ڕێوەیە و هێشتا هیچێک لە هیچی ئەو شارە نازانێت لە پایانی ڕێدا چاوەڕێیە، لە خۆی دەپرسێت ئاخۆ کۆشکی پاشا و کرێخانە و ئاش و شانۆ و بازاڕەکەی چۆن بن. ساختمانەکانی هەموو شارێکی ئیمپراتۆریاکە لێک جودان و بەشێوەی جیایش ڕیز کراون. بەڵام کەسی نامۆ کە دەگاتە شارە نەناسەکە و چاوێک بە پۆلی پەرستگە و ڕۆژنە و کادانەکاندا دەگێڕێت، کاتێک شوێنی ئەو ڕێیە پرپێچە دەکەوێت لە شان جۆگە و بێستان و خۆڵدانەوە دەڕوات، دوای تاوێک دەستەوجێ بۆی هاوێر دەبێت کامانە ساختمان کۆشکی میران و پەرستگەی سەرۆککەشە گەوەرەکان و خان و زیندان و خانووی هەژارانن. بەم ئاوایەیش ـ کەسێک دەڵێت ـ ئەو گریمانەیە دەسەلمێت کە دەڵێت هەموو کەسێک شارێکی لە ناخی خۆیدا شاردووەتەوە کە هەر جیاوازییەکان پێکەوەیان ناوە: شارێکی بێ شێوە و ڕوو کە بە چەند شارێکی جیاواز تێک خراوە. بەڵام بارودۆخی شاری زو جیایە. لە هەموو شوێنێکی ئەم شارەدا هەموو کەسێک بۆی دەڕەخسێت بە نۆرەی خۆی سەرخەو بشکێنێت، ئامێر ساز بکات، چێشت لێ بنێت، لیرە پێکەوە بنێت، خۆی ڕووت بکاتەوە، دەستی بڕوات، فرۆش بکات و پەنا بۆ پێواران ببات. هەرکام میچی قووچیش دەگریت لەوەیە بیمارخانەیەکی گولان یان گەرماوی کەنیزەکانی حەشار دابێت. ڕێبارەکە هەر دەڕوا و درێژە بە ڕەوی خۆی دەدات و ڕاڕاییەکەی بین دەگرێت. جا لەبەر ئەوەی نیشانەی ناسینەوەی شاری پێ هەڵناوێردرێت، ئەو نیشانانەیشی لێ تێکەڵ دەبن کە ئاشکرا و دیار لە بیری گرتوون. لەمەیشەوە دوا ئەنجام دەگرێت: ئەگەر هەبوون لە هەموو ترووکەساتێکدا هەر خۆی بێت، کەواتە شاری زو شوێنی هەبوونێکە کە دابەش ناکرێت. بەڵام بۆ هەر شارەکە؟ ئەی ئەو هێڵە چییە کە ناوەوە لە دەرەوە، گرمەی کەرخی چەرخ لە لوورەی گورگ جیا دەکاتەوە؟

## شارە تەنکەکان ٢

دەربارەی شاری زەنوبیە دەمەوێت بڵێم بەم شێوەیەی خوارەوە سەرنج ڕادەکێشێت: ئەگەرچی لە وشکەڵانێکدا هەڵکەوتووە بە کاریتەی بەرز هەڵبەستراوە و خانووی لە دارخەیزەران و سواڵەتی زینک ساز دراوە بە گەلێ هەیوان و بانێجەی بەرز و نزمی سەر لاقەداری واوە کە بە یەکدا هەڵدەگەڕن. خانووەکان پەیژە و پیادەڕێی ئاوێزان نێوانی بەستوون و لە سەرەوەی ئەمانەیش بورجی دیدەوانی کە میچیان وەک یەک دەچن، بۆشکە کە ئاویان لێ کۆ دەکرێنەوە، بانوێن، چەرخ و زنجیر، قولاب و بارهەڵبڕ هەن. ئیتر هەر پێویستییەک، فەرمانێک یان هیوایەک بووبێت بنیاتنەری زەنوبیەی بردبێتە سەر بارێک ئەم شێوەیە بە شارەکەی خۆی بدات شتێکە کەس بیری بۆ ناچێت، بۆیە ناشێت بڵێین ئەم شارەی کە ئەمڕۆ دەیبینین جاران وەک شتێکی ئەمە بووە، چونکە لەوەیە بە چین لەسەر چین داچاندنی لەسەر نەخشە بنەڕەتییەکە بووبێت، کە ئیتر ڕوون ناکرێتەوە، بەم جۆرە پەرەی بردبێت. بەڵام قسە هەڵناگرێت ئەگەر لە کەسێکی نیشتەجێی زەنوبیە بپرسیت ژیانی بەختەوەری لە چیدا دەبینێت، هەموو کات شارێکی وەک زەنوبیە بەم کاریتانەوە و بەم پەیژە هەڵواسراوەنەوە دەهێنێتە بەرچاوی خۆی: زەنوبیەیەک کە دوور نییە لەمە زۆر جیا بێت و پەرچەم و بەیداخی شەکاوەی لێ هەڵدرابێت، بەڵام و دواییەکەی هەر دەبێت ماکەکانی نموونە بنەڕەتییەکەی لێدا بێت. دوای ئەوەی ئەمە گوترا ئیتر هیچ کەڵکێکی نابێت هەوڵ بدەیت جێی زەنوبیە لەنێو شارە بەختەوەرەکاندا یان لە ڕیزی بێبەختەکاندا بکەیتەوە. لە هیچەیشە ئەم شارە بۆ یەکێکی ئەم دوو شێوە شارانە ببەیتەوە، باشتر وایە بیر لە دووی تر بکەیتەوە: ئەوانەی ساڵ بە ساڵ لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەدا ژین دەکەن کە شێوە بە ئاواتەکان دەبەخشن و ئاواتەکان سا شارەکە لە نێو دەبەن یان بە شارەکە لە نێو دەچن.

## شارەکان و گۆڕانەکان ١

پاش هەشتا میلی ڕێی ڕووەو باکووری خۆرئاوا ڕێبار دەگاتە شاری یوفێمیە کە لێیدا بازرگانی حەوت وڵاتان لە یەکەم ڕۆژی بەهاران و پایزاندا کۆ دەبنەوە. کەشتییەک کە بە باری زەنجەفیل و پەمووەوە دەگاتە بەندەرەکە، لەوەیە هەر لەجێ لەنگەر هەڵبگرێتەوە و پستە و تۆوی خاشخاش لە بارخانەکەی بنێت. کاروانیش هەرکە خورجی گوێز و مێوژی دەخات، دەستبەجێ تۆپەکەتانی سورمەهۆن لە وڵاخان هەڵبەدەن و بەزینی بارەوەی ببەستن. بەڵام ئەوەی وا لەم خەڵکە دەکات بە تەمای گەیشتنە ئەم شارە چۆم و ڕووبار ببڕن و چۆڵەڕێ تێپەڕێن هەر ئاڵوگۆڕکردنی کاڵا و کوتاڵی بازرگانی نییە. ئەم شتانە لە بازاری تری ناوەوە و دەرەوەی ئیمپراتۆریاکەی خانی مەزندا دەست دەکەون کە حەسیری هەمانچەشنەی زەرد بە بەرپێی بەر سێبەری هەر هەمان مێشبەندەوە ڕاخراون و درۆی دنیایشیان لێ دەکرێت نرخت بۆ دابشکێنرێت. هەر بۆ کڕین و فرۆشتن کەس بۆ یوفێمیە نایەن، بگرە بۆ ئەوەیش ڕووی لێ دەنێن کە بەر بە ئاگرەگڕەی دەوری بازاڕەکەدا کۆڕ بگرن کاتێک لێڵە دادێت. کاتێکیش بەسەر خورج و بۆشکەوە هەڵدەنیشن یان لەسەر مافووری گلۆڵەکراو پاڵ دەکەون، یەکیانی بەسە یەک وشەی وەک "گورگ"، "خوشک"، "گەنجینەی حەشار"، "شەڕ"، "گەڕی"، "ئەویندارى"ی لە زار بترازێت تا یەک بە یەکی ئەوانی تر سەربردەی خۆیان دەربارەی گورگ، خوشک، گەنجینە، گەڕی، ئەویندارى و شەڕ بگێڕنەوە. تۆیش لەو ڕێیە درێژەی کە بە بەرتەوەیە، ئەگەرچی وشترت لێ ڕادەژێت یان کەشتی کە جوولەی نەرمی تێ دەکەوێت و بە پێویستی دەبینیت خەو لە چاوت نەکەوێت، بیر بۆ هەموو بیرەوەرییەکانت، ئەمیان بە دوای ئەویانەوە، دەبەیت کە ئیتر

گورگەکەت لێ بووە بە گورگێکی تر، خوشکەکەت بە خوشکێکی تەواوی تر، شەڕەکەیشت بە گەلێک شەڕی تر کاتێک لەو یوفێمیەیەوە دێیتەوە کە لە یەکەم ڕۆژی بەهاران و پایزاندا بیرەوەریی لێ ئاڵۆوێر دەکرێت.

... کـه مــارکـۆ پۆلۆ تازە گـەیشـتـبـووە جێ و هێـشـتـا ئاشنای زمـانە ڕۆژهەڵاتییـەکان نەبوو، بێ ئەو شـتانەی کـە لە باوڵەکەی دەردەهێنان: تەپڵ و سـوێرەمـاسـی و گـەردانەی بڕەی بـەراز، نەیدەتوانی بە جـۆرێکی تـر خـۆی دەرببـڕێت و دوایی ئامـاژەیان پێ بدات و باز ببـات و لە خـۆشـیـاندا یان لە ترساندا هاوار بکات یان وەک چەقەڵ بلوورێنێت و هەروەک کوندی بورجنشین بقیڕێنێت.

پێوەندیی نێوان بەشی جیاجیای باسـەکـانیـشی هەمـوو جـارێک بەلای خـونکارەوە ڕوون نەبوون. لەوە بوو شـتـەکان مـانای جیاواز بدەنەوە: هێلوونی پڕ لە تیر دەشیا جارێک شـەڕێکی نزیک بنوێنێت، جـارێکی تر نێچیری زۆر یان کارخـانەیەکی چەکسازی. کاتژمێری لم دوور نەبوو بە مـانای کاتی تێپەڕ بێت یان تێنەپەر یان لم یان کارخانەیەک بێت کە کاتژمێری لمی لێیدا دروست دەکرێت.

بەڵام ئەوەی بایییـەکی ئەوەندە گرانی بەلای کـوبلای خـانەوە بە شت و ئەو هەمـوو هەوالانە دابوو کـە بەو ناڕەوانیـیـە دەدران، ئەو بۆشـاییـیـە بوو کـە بە دەوریانەوە بوو: بۆشـایییەک کە وشـەی تێ نەکەوتبوو. باسکردنی ئەو هەمـوو شـارانەیش کە مارکۆ پۆلۆ سـەری لێ دابوون ئەم خـەسڵـەتەیان هەبوو: مـرۆڤ دەیتوانی لە بیری خـۆیدا پێیاندا بگەڕێت، ڕێی لێ گوم بێت، وچان بگرێت و خۆی فێنک بکاتەوە یان دەستبەجێ بۆی دەربچێت.

وشـەیش تا دەهـات جێی شت و هێمـای لە باسەکانی مارکۆ پۆلۆدا گرتەوە: پێـشـان بانگی لێ هەڵدەسـتـا و ناوی تاکـوتەرای دەبرد و وشـەی وشـکی بە دەمدا دەهێنا، پاشان ڕوونکردنەوە، لێوەدوانی دەوڵەمەند و لکهاوێژ، خوازە و وەرگێڕان. کابرای دەرەکی فێر بووبوو بە زمـانی خـونکار بدوێت یان خـونکار

خۆی فێر کردبوو زمانی دەرەکییەکەی لێ روون بێت.

بەڵام تێگەیشتنی نێوانیان بەراورد بە جاران دوور نەچووین ئەگەر بڵێین بڕی نەدەکرد. گومانیش نییە کە وشە لە شت و ئاماژە باشتر بوو کە بەشە هەرە گرینگەکانی هەرێمێک یان شارێک، بۆ نموونە کۆتەڵەکان، بازاڕەکان، پۆشەمەنی، ئاژەڵ و سەوزەڵان کرۆکی باس دەبوون. سەرەڕای ئەمەیش کاتێک مارکۆ پۆلۆ باسی ئەو ژیانەی دەست پێ کرد کە چۆن لەو شار و هەرێمانەدا ڕادەبوورا، وشە ڕۆژ بە ڕۆژ و شەو دوای شەو بەشی نەکرد و لەوەولا پەنای بۆ ئاماژەدان و ڕووگرژی و تیلنیشان بردەوە.

بەم جۆرە مارکۆ پۆلۆ بواری دا زانیاریی گرینگ دەربارەی شاری جۆراوجۆر کە بە وشەی ڕوون دەردەبڕدران، ڕوونکردنەوەی کپیان دوا بکەوێت و بەو شێوەیە دەستی بەر یان پشت بە ئاسمانەوە بەرز دەکردەوە، یان بە توێی هەوادا ڕاست یان سەرەولێژ یان لار، خاو یان بە تاو دەبرد. ئاوایش شێوازێکی نوێی لێدوان لە نێوانیاندا بەرپا بوو. دەستەکانی خانی مەزن کە گرانیی ئەنگوستیلەیان لێ نیشتبوو، بە سەنگینی وەڵامی دەستە بزۆز و ڕەگدیارەکانی کوڕە بازرگانەکەیان دەدایەوە. لەبەر ئەوەی لێکتێگەیشتنی نێوانیان تا دەهات پەرەی برد، دەستیان شێوەیەکی وا ڕوونی جووڵەیان گرت کە هەر تەکانێکیان، ئەگەرچی بێ وچان ئاڵوگۆڕی پێدا دەهات و دووپات دەبووەوە، لەگەڵ تەکانێکی گیانیاندا بەرانبەر دەهاتەوە. لەگەڵ خەزێنی وشەی شتانیش کە پێ بە پێی جۆرنامەی شتەکان نوێ دەبووەوە، بەری زمانی ڕوونکردنەوە کپەکان تەنگ دەبوو و دەقی دەبەست. حەزی درێژەدانیشیان بەم کارە کاڵ بووەوە و لە درێژەی لێدوانەکانیاندا بۆ ماوەی باش نە تەکانیان دەخوارد نە ورتەیان دەهات.

# سێ

کوبلای خان تێبینیی کردبوو کە شارەکانی مارکۆ پۆلۆ وەک یەک دەچوون و ڕەوتی یەکیان ڕووەو ئەوی تریان لەوە نەبوو ڕێبڕین بێت، بەڵکە ئاڵوگۆڕکردنی توخمەکانیان. بۆ هەر شارێکیش مارکۆ باسی دەکرد ئیتر بیری خانی مەزن بێ ڕێنوێن دەچوو. جا پاش ئەوەی شارەکەی پارچەپارچە کرد، بە چەشنێکی تر تێکی خستەوە، جێی هێندێک پارچەی گۆڕی و ئەمیانی برد و ئەویانی هێنا و ڕیزیانی تێک دا.

لەو ماوەیەدا مارکۆ پۆلۆ لەسەر باسی سەفەرەکەی خۆی دەڕۆیشت، بەڵام خونکار گوێی لێ بوارد و ڕێی قسەی بڕی:

– ئیتر من باسی شارەکان دەکەم، تۆیش برۆ بزانە هەن و وەک من بیریان بۆ دەبەم وان. دەست پێ دەکەم و پرسیاری شارێکت لێ دەکەم کە پلیکانەی هەیە و بەری بە بای باکوورەوەیە و لە نزیک کەنداوێکی کەمەییەوەیە. ئێستایش باس لە دوو تا سێی شتە سەیرەکانی دەکەم: هەستێلێکی بلوور ئەوەندەی شاکلێسەیەک بڵند تا مرۆڤ ورد ببێتەوە ماسییە باڵدارەکان چۆن دەفڕن و، لەوەولا نیشانە و نوخشانەکان لێک بداتەوە. لەوەولاتر دارخورمایەک کە گەڵاکانی بەدەم باوە تەموورەیەکی خۆشاوازن، مەیدانێکیش کە مێزێکی ناڵشێوەی مەڕمەڕ و سەرمێزێکی مەڕمەڕ و خۆراک و خواردنەوەی تەواو مەڕمەڕی لێیە.

ـ سەروەرم تۆ بیرت بەلامەوە نەبوو. من باسی ئەم شارەم دەکرد کە تۆ پێت بڕیم.

ـ بەم شارە دەزانیت؟ لە کوێیە؟ ناوی چییە؟

ـ ئەم شـارە نە ناوی هـەیە و نە لە هیچ کوێیـەکدایە. هۆی ئـەوەیش دەڵێمـەوە کە بۆچی باسیم دەکرد: لەنێو تەواوی ئەو شـارانەدا کە بیـری مرۆڤـیان بۆ دەچێت، دەبێت ئەوانەیان دەرببـوێریت کە دەکرێت توخـمـەکـانیـان بێ داوی گـرێدان، بێ هیچ ڕێسـایەکی ناوەکی و سـەرنج یان لێـوەدوان کـۆ بکرێنەوە. خەون چۆنە شـاریش هەر وان، بەڵام ناکاوترین خەونیش مـەتەڵێکی وێنەوێنەیە کـە تاسـەیەک یان پێچـەوانەکـەی، ترسـێکی پەنا داوە. شـار و خـەونیش هەر تاسە و ترس سازیان داون، ئەگەرچی داوی لێکبەستی ئەوەی کە دەری دەبڕن ڕازە، ڕێسـاکانیـان نـابەجێ، سـەرنجـەکان هەڵخڕێنن و هەموو شـتێکی لەناو خۆیدا شتێکی تری حەشار داوە.

خـانی مـەزن گـوتی: "من نە تـاسـە و نە ترس نـاناسـم، خـەونـەکـانیـشم یان هۆش یان هەڵکەوت هۆنیویانییەتەوە."

مـارکۆ پۆلۆ لـە وەڵامـدا گـوتی: "تەنانەت شـارەکانیـش وا دەزانن هـۆش یان هەڵکەوت دایهێناون، بەڵام نە ئـەمیـان و نە ئەویان لە بـاریدا نییە شـوورەکـانی ڕابگرێت نەکا بڕووخێن. ئەو چێژەیش کە شارێک پێتی دەبەخشـێت نە حەوت و نە حەفـتاوحـەوت پەرجووەکەی نییـە، بگرە وەڵامی پرسیـارێکە تۆ دەیکەیت و ئەو دەتداتەوە.

یان ئەو پرسـیـارەیە کـە لێتـی دەکات و زۆرت بۆ دەهـێنێت وەڵام بدەیتـەوە، دەمنی تیبە (طيبة) لە دەمی ئەبولهەولــەوە."

## شارەکان و ئارەزوو ٥

لەوێوە ڕێبار دوای ڕەوی شەش ڕۆژ و حەوت شەو دەگاتە زوبەیدە: شارێکی سپیی بەر تریفەی ڕوونی مانگەشەو کە جادەکانی وەک بەنی کڵافە بە دەوری خۆیاندا گلۆڵە دەبن. لەبارەی سازدانی ئەم شارەوە گوایە پیاوانی گەلێک وڵات هەمان خەونیان دیوە. ئەمان خەونیان بە ژنێکەوە دیوە لە تاریکاییی شەودا بەنێو شارێکی نەناسدا ڕا دەکات. ژنەکەیان لە پشتەوە دیوە کە پرچی درێژ و سەرتاپێ ڕووت بووە و خۆیشیان ڕاویان ناوە، بەڵام ناوی کردووە. دوای ئەوەی ئەم خەونەیان دیوە لە سۆراخی شارە نەناسەکەدا ملیان لە ڕێ ناوە. شارەکەیان نەدیوەتەوە، بەڵام یەکتریان دیوە و ڕێک کەوتوون شارێک ساز بکەن وەک شاری خەونەکەیان بێت. جا لە کاتی نەخشەسازیی جادەکاندا هەریەکی ئەوان ئەو مەودایەی کێشاوە کە پێیدا ژنەکەی ڕاوەدوو ناوە. لەو جێیەیشدا ئاسەواری ژنە هەڵاتووەکەی ون کردووە، جێی بەربەرەڵا و دیوارەکانی بە شێوەیەکی جیا لەوانەی خەونەکە ڕێک خستووە تا ئیتر دەرەتانی نەمێنێت.

ئەمە شاری زوبەیدەی لێ کەوتووەتەوە کە نیشتەجێی بوون و چاو لە دیمەنەکە مانەوە بەڵکە شەوێک دووبارە ببێتەوە، بەڵام هیچیان نە بە خەون و نە لە بێخەویدا چاوی بە ژنەکە نەکەوتەوە. جادەکانی شاریش ئیتر ئەو ڕێیە بوون کە هەموو ڕۆژێک بۆ کاری خۆیان پێیدا دەچوون و، هیچ نێوانێکیان بە ڕاوەدوونانی خەونەکەوە نەمابوو. دیارە لە زۆر زووەوە فەرامۆشیان کردبوون.

پیاوی تری وڵاتی تر کە خەونێکی وەک ئەوەی ئەوانی پێشوویان دیبوو، هاتن لە شاری زوبەیدەدا شێوەی شتێکیان کردەوە کە لە جادەکانی خەونەکەدا دیبوویان. ئەمان گوزەرگە بەتاقەکان و پلیکانەکانیان ساز دایەوە

بۆ ئەوەی جادەکان زیاتر بە ڕێی ژنە ڕاوەدوونراوەکە بچن و ئەو جێیەیش کە ئاسەواری ژنەکەیان لێ ون کردبوو ئیتر دەرفەت نەدات.

گەیشتووانی سەرەتای زوویش نەیاندەزانی چی ئەم هەموو خەڵکەی بۆ زوبەیدە، بۆ ئەم شارە ناحەزە، بۆ ئەم داوە ڕاکێشاوە.

## شارەکان و نیشانەکان ٤

لەنێو ئەو هەموو زمانە جیاوازانەدا کە ڕێبار لە وڵاتە دوورەکاندا پێشی دێن، هیچیان بەو زمانە ناچێت لە شاری ئیپازیەدا ڕێی دەگرێت، چونکە بایەخ بە وشە نادات بگرە شت بایەخی دەکێشێت. من بەری بەیانییەک بۆ ئیپازیە هاتم و بینیم باخێکی مانۆلیا ڕەنگی خۆی لە ڕۆیەکی شیندا دەداتەوە. بە نێوان پەرژینەکانیشدا کە ڕابووریم دەمزانی ژنی شۆخ و شیرین دەبینم مەلە دەکەن. بەڵام لەبن ئاوی ڕۆیەکاندا قرژاڵم بینی چاوی مرۆڤی وایان دەخوارد خۆیان بە پەتێک خنکاندبوو لە ملیان ئاڵابوو و بەردی پێوە بەسترابوو، قژیشیان ڕەنگی قەوزەی گرتبوو.

هەستم کرد فریو دراوم و ویستم داد بۆ سوڵتان ببەم. بە پلیکانەی بەردی جێجێ بلووردا بۆ کۆشکە تاقبەرزەکەی سەرکەوتم و حەسارەکەیم تێ پەڕاند کە تەختی خاکەکەی بە تاشەمەڕمەڕ پۆشرابوو و لێیدا فوارە خوڕەی دەهات. هۆڵی نێوەندی کۆشکەکەیش چەپەری ئاسنی لێ گیرابوو: بەندی پێ بە سندمی ڕەش خرابوونە ژێر گاشەبەردی ڕەش و لە کانگەیەکی ژێرزەوییەوە بۆ سەرەوەیان دەکێشا.

ئیتر لە فەیلەسووفەکان بەولاوە کەس نەما ڕوویان لێ بنێم. چوومە کتێبخانە گەورەکە و بە نێوان ڕەفەی وادا خۆم دایە پێش کە لە ژێر گرانیی کتێبی چەرملێگیراودا زۆریان نەمابوو بەسەر یەکدا بڕووخێن. شوێنی ڕیزی ئەلفوبێی دوابڕاو کەوتم، بە سەر و خواری ڕاڕەو و پێپلەی ورد و پردا هاتم و لە ژوورە بچووکە پڕ لە بەستەی پاپیرۆسی سەری ئەوسەردا چاوی نیوەمەستی تازەپیاوێکم لەنێو هەورێک دووکەڵدا بینی کە لەسەر مافوورێک ڕاکشابوو و دەماودەم مژی بە بافووری تلیاکەوە دەنا.

ـ کابرای دانا لە کوێیە؟

تلیاککێشەکە پەنجەرەیەکی دیاری کرد کە پشتەوەی باخێکی پڕ لە یاری بوو: جامی دارینی بۆلینگ، جۆلانە و فرفرۆکە. کابرای دانا کە لەسەر چیمەنکە دانیشتبوو، پێی گوتم: "نیشانەکان زمانێک پێکەوە دەنن، بەڵام نەک ئەوەیان کە پێت وایە دەیزانی". جا تێ گەیشتم کە دەبوو خۆم لەو وێنانە ڕزگار بکەم کە تا ئەوسا پێش ئەو شتانە کەوتبوون لێیان دەگەڕام. هەر لە بارێکی وایشدا بۆم دەلوا زمانی ئیپازیە تێ بگەم.

ئێستایش بەسمە حیلەی ئەسپ و شریخەی قامچیم بەر بای گوێ بکەون تا تەزوویەکی گەرمم بە لەشدا بێت. لە ئیپازیە دەبێت مرۆڤ سەر بە تەویلە و مەیدانی غاردانی ئەسپدا بکات بۆ ئەوەی چاو بە ژنی شەنگدا بگرێت کە بە ڕانی ڕووت و پوزی چەکمەپۆشەوە سەر خانەی زین دەکەون. گەنجی بێوارەیش هەرکە لێیان نزیک دەبێتەوە یەکەوڕاست بە شەغرەگیا یان کەڵەکەی برەمشاریدا دەکێشن و بە مەمکە توندەکانیان سواری هەناسەی دەبن.

کە گیانیشم لە ئاواز زیاتر هیچ خۆراکێک یان هیچ خۆشییەک نەخوازێت، دەزانم لە گۆڕخانەکان پەیدا دەکرێت: ژەنیارەکان خۆیان لە گۆڕیچەکاندا حەشار دەدەن و دەنگی شمشاڵ و ئاوازی تەموورەیان لە گۆڕێکەوە بۆ گۆڕێکی تر یەکتر تەواو دەکەن.

لە ڕاستیدا ئەو ڕۆژە لە ئیپازیە دادێت کە تەنیا ئارەزووم هەر ئەوە دەبێت بە جێی بهێڵم. دەیشزانم ئەو ڕۆژە نابێت بۆ بەندەرەکەی بچم، بەڵکە بەرەو کێوە بەرزەکانی سەر بکەوم و چاوەڕێ بکەم تا کەشتییەک بەو خوارەدا تێ دەپەڕێت. بەڵام ئاخۆ بۆ جارێکیش هەڵدەکەوێت کە بەوێدا تێ بپەڕێ؟ زمان نییە مرۆڤ دەستخەڕۆ نەکات.

## شارە تەنکەکان ٣

ئەگەر ئەرمیللە لەبەر ئەوەی بینا و ساختی تەواو نەکراوە یان خاپوور کراوە، ئەگەر بە جادوو یان بێبارییەکەوە گرێ دراوە بۆیە بەم جۆرەی کە دەیبینین ماوە، شتێکە من نایزانم. ڕاستیت دەوێت ئەم شارە نە دیواری هەیە نە هەورەبان و نە تەلەبەرد لە جادەی گیراوە. ئەرمیللە هیچی نییە بە شار بچێت لوولەی ئاو نەبێت کە سەرەوژوور بۆ ئەو شوێنانە هەڵدەکشێن کە دەبوو خانوویان لێدا هەبن، بۆ ئەو شوێنانەیش لک دەهاوێژن کە دەبوو سەرخانیان لێدا هەڵچنرابن. ئەرمیللە لوولەستانێکە بە شێرە، دووش، سیفۆن و چاڵاو تەواو دەبێت. دەستشۆرییەک، بانیۆیەک، یان هەر شێکی تر کە لە گڵەچووڕ دروست کرابێت و هەروەک بەری درەنگەلاڵ هێشتا بە لکەوە مابێت، ڕوو لە ئاسمان سپی دەکاتەوە. دوور نییە لوولەکێشەکان کاری خۆیان تەواو کردبێت و ملیان لە ڕێ نابێت بەر لەوەی بیناسازەکان هاتبن، یانیش ئەم تێکهەڵبەستە دوورەڕمانەی ئەوان بەڵایەک، بوومەلەرزەیەک لێی دابێت یان مۆرانە پەلاماری بۆ هێنابێت و نەیتوانیبێت زیانی پێ بگەیەنێت.

ئەرمیللە ئەگەر پێش یان پاش ئاوەدانکردنەوەی چۆڵ کرابێت، کەس ناتوانێت بڵێت شارێکی چۆڵە. کەسێکیش بە لوولەکاندا هەڵبڕوانێت، جا هەموو کاتێک و نەک بە دەگمەن، یەکێک یان چەند شۆڕەژنێکی باریک و بنەی لێ دیار دەبێت کە خۆیان لە بانیۆدا فێنک دەکەنەوە، یان لەژێر دووشە بە هیچەوە هەڵبەستراوەکاندا دادێنەوە. ئەوان یان خۆیان دەشۆن یان وشک دەکەنەوە یان بۆن دەدەن یانیش پرچی درێژیان بەرانبەر ئاوێنە شانە دەکەن. لەبەر ڕووناکایی ڕۆژیشدا پرشەی پەرشی وەک پەلکەڕەنگینەی دووشەکان، ئاوی شێرەکان، فوارەکان، پرشاوەکان و کەفاوی لفکەکان بریسکەیان دێت.

ئەم هەمووەیش ئەمەیان بۆ ڕوون کردمەوە: ئەوانەی کە ئێستا دەستیان بەسەر ئەو ئاوەدا گرتووە کە بە لوولەکانی ئەرمیللەدا دێت، حۆری و خێوی

ئاون کــە فــێــری ئەوەن چاوەی ئاوی ژێر توێی زەوی بەر بە ڕۆژی ڕوونەوە هەڵبتەقێنن و پێیان ئاسان بووە خۆیان بکێشنە نێو ئەم ئاوستانە نوێیە و لە کانیـاوی هەمـەجۆرەوە بڕژێنە دەر و ئـاوێنەی نوێ و گـەمـەی نـوێ و شـێوازی نوێ بدۆزنەوە بۆ ئەوەی چێژ لە ئاو ببـەن. لەوەیە هێرشـەکەی ئەمـان مـرۆڤی شارەودەر کردبێت، بەڵام لەوانەیە خەڵک ئەرمیللەیان وەک قوربانییەک بۆ ئەوە دابێت دڵی فریشتـەکانی پێ بدەنەوە کە لە مـرۆڤ پڕ بووبـوون، چونکە ئاویان ڕیسوا کردبوو. ئیتر هـەرچی و چۆنێک بووە ئێستـا وا پێ دەچێت ئەم ژنە بنە و باریکانە دڵخۆش بن کە بەیانیان مرۆڤ گوێی لێیانە گۆرانی دەڵێن.

## شارەکان و گۆڕانەکان ٢

ئەو کەسانەی جادەکانی گەورەشاری جلوەیان گرتووەتە بەر ئاشنای یەکتر نین، کە بە یەک دەگەن بیر بۆ هەزار و یەک شتی دەربارەی یەکتر دەبەن: ئەو دیدارانەی کە دوور نییە پێکیان بگەیەنن، قسەی نێوان، هەڵکەوتی خۆش، ساوانی، گاز. بەڵام کەس سڵاو لە کەس ناکات، چاوەکان بۆ ترووکەیەک بە یەک دەکەون، دەسبەجێ کلا دەکرێن، لە چاوی تر دەگەڕێن و وچان ناگرن.

کچێک بەو نێوەدا ڕادەبوورێت، کچێک کە چەترێکی بە شانەوەیە سووری دەدات و سمتە خڕەکەیشی لەگەڵیدا کەمێک با دەدات. ژنێکی ڕەشپۆش تێ دەپەڕێت، قەیرەساڵ دیارە و چاوی پشت پەچەی نیگەرانە و لێوی دەلەرزێت. لاوێکی خاڵدار وا بە ڕێوەیەوە، کەڵەگەتە و مووی سپییە. ژنێکی کوڵەبنە و جمگێک کە جلی سووریان پۆشیوە. نێوانێکی نادیار ئەمان بە یەکەوە دەگرێت و ئەو نیگایانەیش کە ئاڵوێر دەکرێن هێڵن و ڕوویەک بەرەو ڕوویەک دەکەنەوە و تیر و ئەستێرە و سێسووچە پێک دەهێنن تا گشت نێوانەکان پاش تروکەیەک بەتاڵ دەبن و کەسی تر لەو نێوانەدا دیار دەکەون: کوێرێک بە پڵنگێکی مل بە ڕستەوە، بەستۆکێک بە باوەشێنی پەڕی وشترمڕەوە، تازەلاوێک و ژنێکی یەکجار گۆشتن. لە نێوان ئەو کەسانەی بە هەڵکەوت پێکەوەن و لە ژێر تاقەکاندا خۆ لە باران دەپارێزن یان لە ژێر هۆبەی بازاڕدا تێکەڵ دەبن یان ڕادەوەستن و گوێ لە ژەنیارەکانی نێو مەیدانەکە دەگرن، دیدار و تەفرەدان و باوەش و کۆباخەڵی دەنوێنرێن بێ ئەوەی یەک وشە بە یەک بڵێن و ئەوەندەی نووکەپەنجەیەک بەری یەکتر بکەون، بگرە بێ ئەوەی چاوێکیش هەڵبهێنن.

مووچڕکێکی شاوەتەنگێزی بەردەوام بە سەرتاپای جلوە: بێکامترینی

هەمـــوو شـــاراندا دێت. ئەگـــەر بۆ ژن و پیـــاوی هەڵبکەوێت بەری خـــەوە کورتەکانیان بەڕەڵا بکەن، هەر خەونێک دەبێت بە کەسێک کە هەموو کەسێک دەتوانێت ســەربردەیەکی ڕاوەدونان، تەفــرەدان، هەڵەکـردن، تێکهـەڵچـوون و ستەمی لەگەڵدا دەست پێ بکات و چەرخی خەیاڵ پەک بخات.

## شارەکان و چاوەکان ١

ماوەیەکی گەلێک لەمەوبەر شاری ڤالدرادە لە کەناری گۆمێکدا بنیات نرا کە خانووەکانی، ئەمیان بەسەر ئەوی تریانەوە، هەر بەربێلا بوون و جادەکانی کە بەرز ڕایەڵ کرابوون، ستارە و نەردەیان بەدرێژاییی ئاوەکەدا لێ گیرابوو. بۆیە ئەو ڕێبارەی کە بۆ ئەم شارە دێت دوو شار دەبینێت: یەکیان سەرەوژوو بەسەر گۆمەکەوە و ئەوی تریان ئاوێنەیەکی سەرەوژێر. هیچێک و هیچیش لەمیاندا ڕوو نادات ئەگەر لەوی تریاندا دووبارە نەبێتەوە. چونکە شارەکە وا ساز دراوە کە هەموو خاڵێکی لە ئاوێنەدا دیار بکەوێت، لە ڤالدرادەی نێو ئاوەکەدا هەر ئەو نەخش و بەرجەستانە نین کە بە ڕووی ساختمانەکانی سەر گۆمەکەوەن، بەڵکە ناوەوەی ژوورەکان بە تەختی زەوی و میچەوە، بە دالانی درێژ و دۆلابی دەرگە ئاوێنەبەندەوە هەن.

خەڵکی ڤالدرادە دەزانن کە کرداریان لە هەمان کاتدا هەم کردارن و هەم ئاووێنەیەکیشیانن بە گشت مانای تایبەتی وێنەوە. ئەم زانیارییە ڕێی خەڵکەکەی بڕیوە بۆ ترووکەیەکیش خۆ بە بەر گەمەی هەڵکەوت یان فەرامۆشییەوە بدەن و، جووتبووانی سەرتاپێ ڕووت دەگەوزێن و دەگەڕێن چۆن ئەوپەڕی چێژ لە یەکتر ببەن و کوژەریش کە چەقۆ بە ڕەگە ڕەشەکانی گەردندا دەکات و تا خوێنی خەست دەرژێت قووڵتری دەبات و دەمی چەقۆ بە ئێسک دەگات، ئیتر یەکبوونە لەشەکییەکە یان مردنەکە نییە کە بایەخێکی زۆری دەبێت، بەڵکە باوەش و مردنەکەی وێنە ڕوون و ساردەکانی ناو ئاوێنەکەیە.

ئاوێنە جاروبار بەهای شت زیاد دەکات. هەموو شتێکی سەروو ئاووێنەکەیش کە ئەگەرچی لامان وایە بەهای خۆی هەیە، توندوتۆڵ نییە ئەگەر

وێنـه بداتەوە. ئەم جـمکەشـارە وەک یـەک ناچن، چـونکە هیـچـێکی ئـەوەی لە ڤــالدرادە هـەیە یان لێـیــدا ڕوو دەدا لـەگــەڵ ئـەوەی تردا نایـەتەوە یـەک: هـەر ڕوخسـار و ئاماژەیەک ڕوخسـار و ئاماژەیەکی ئاووێنەکە بەرانبـەریان دەگرێت کە خـاڵ بە خـاڵ چەپ و ڕاسـتی یەکن. ئەم دوو ڤـالدرادەیە بۆ یەکـتـر دەژین، چاویان بێ ترووکەکردن لە چاوی یەکە، بەڵام حەزیان لە چارەی یەکتر نییە.

خانی مەزن خەونی بە شارێکەوە دیوە و بۆ مارکۆ پۆلۆی دەگێڕێتەوە:

– بەندەرەکە بای باکووری پێدا دێت و سێبەری لێ نیشتووە. تابگەکانی سەر ئەو ئاوە تاریکەی کە خۆی بە قوڵەکانیاندا دەکێشێت بەرزن و پلیکانە بەردینەکانیان قەوزە لووسی کردوون. بەڵام کە زفتیان لێ گیراوە لای گوریسی لەنگەرچنەکەوە چاوەڕێی ئەو ڕێبارانەن کە لەسەر تابگەکە خۆیان دوا دەخەن بۆ ئەوەی ماڵاوایی لە خوێشەکانیان بکەن. ماڵاواییەکان بە دەنگ دەرنابڕدرێن، بەڵام خەڵکەکە دەگرین. دنیا ساردە و ئەوان خۆیان لە شاڵ پێچاوە. کە بانگێکی بەلەمەوانەکە کۆتایی بە دواکەوتنەکە دەهێنێت، ڕێبارەکان لە نووکی بەلەمەکەدا دەخزێنە پاڵ یەکەوە. کە دووریش دەکەوێتەوە چاوی بەلەمەوانەکە هێشتا بە خەڵکە تاکوتەرا جێماوەکەوەیە. لە کەنارەکەوە ئیتر شێوەی کەسیان لەوی تریان جیا ناکرێتەوە. دنیا تاریکە. بەلەمەکە لە نزیک کەشتییەکەوە دەوەستێت کە لەنگەری خستووە. کەسێکی بچووکەوەبوویش بە پەتچنەیەدا سەر دەکەوێت. کەسەکە لەبەر چاو نامێنێت و دەنگی زنجیری ئەو لەنگەرە ژەنگاوییە دەبیسترێت کە بە لەنگەرچنەکەدا زرەی دێت. خەڵکە جێماوەکەی سەر تابگەکە خۆیان بە دیواری بەربەستەکەدا دادەهێننەوە و نیگا بە شوێن کەشتییەکەدا دەنێرن تا لە پشت نیوەدوورگەکەدا ون دەبێت و بۆ دوایین جار پەڕۆیەکی سپی ڕادەوەشێنن.

خانی مەزن بە مارکۆ دەڵێت: "بڕۆ و بنی هەرچی کەنارە بگرە و لەم شارە بگەڕێت، پاشانیش وەرەوە و پێم بڵێت ئەگەر خەونەکەم هیچێکی بەسەر ڕاستییەوە هەیە. " مارکۆیش دەڵێت: "بمبوورە گەورەم، گومانم نییە کە زوو یان درەنگ لەو بەربەستەوە سواری کەشتییەک دەبم، بەڵام نایەمەوە تا پێتی بڵێم هەیە یان نا. ئەو شارە بەرپایە و ڕازەکەیشی زۆر سانایە: لەو شارەدا هەر کۆچ هەیە، بەڵام کۆچی بێ گەڕانەوە."

# چوار

بە لێوی توند لێکنراوی بە مۆدنەی عەمبەر و ڕیشی پەخشی سەر ملیوانە نقێمرەزەکەی و کەڵەپەنجە گرژ و خوارەکانی پێیەوە لە سۆڵی هەورێشمدا، کوبلای خان چاوی لێک نابوو و گوێی بۆ باسەکانی مارکۆ پۆلۆ ڕادێرابوو. کاتیش یەکێکی ئەو ئێوارانە بوو کە تەمی خەمخانی بەرچاوی خانی تاریک دەکرد.

– شارەکانت لە ئارادا نین، دووره هەبووبن، دڵنیایشم کە نابن. تۆ بۆچی خۆت بە ئەفسانەی دڵدوێنەوە دەخافڵێنیت؟ من باش دەزانم کە ئیمپراتۆریاکەم وەک کەلاکی بن گۆم خەریکە دەڕزێت و ئەو قەلەڕەشانە نەخۆش دەخات کە لێی دەخۆن و زەلیش کە لەسەر ڕزینی دەڕوێن. تۆ بۆ باسی ئەمەم بۆ ناکەیت، هەی دەرەکی! بۆ هەر درۆ بۆ خونکاری تەتەران دەکەیت؟

مارکۆ پۆلۆ دەیزانی چۆن خۆی لەگەڵ مگێزی خەمینی خاندا بگونجێنێت

– بەڵێ، ئیمپراتۆریاکەت دەردەدارە و لەوەیش بەولاوە خەریکە بە ئێش و ئازارەکانی ڕادێت، بەڵام من ئامانجێکم بۆ ئەم لێوەکۆڵینانەم هەیە کە ئەمەیە: بە وردبوونەوەی تەواوم لەو ئاسەوارانەی بەختەوەری کە هێشتا تروسکەیەکیان دیارە، دەتوانم ئەو ئەوەندەیەی بەختەوەری بپێوم کە نییە. ئەگەریش دەتەوێت بۆت دەربکەوێت بەری تاریکاییەکەی دەورت چەند بەرینە، دەبێت سەرنجی ورد لە تروسکایی کز و دوور بگریت.

جاری وایش هەبوو خۆشییەکی خەست دەروونی خونکاری دەگرتەوە. خان لە پاڵە و پشتەکانەوە هەڵستا و هەنگاوی هەراوی بە مافوورەکانی بەر پێیدا

نا و بە ستارەی هەیوانەکەیدا داهاتەوە تا چاوێک بە باخە بەرینەکانی کۆشک و تەلارەکەیدا بگێڕێت کە چراوگێک ڕۆشنیان کردبوونەوە بە دارکاژەوە هەڵواسرابوون. خان گوتی:

- من دەزانم ئیمپراتۆریاکەم لە کەرەستەی وەک کریستاڵ ساز دراوە و دەیشزانم توخمەکانی خۆی بەپێی نەخشەیەکی بێ خەوش ڕێک خستووە. لە جەرگەی ئەم توخمە جۆشدارانەیشدا کریستاڵێکی سەخت و درەوشن، کێوێکی گەورەی بریسکەدار و فرەڕوو شێوە دەگرێت. بەڵام بۆچی بەرداشتی سەفەرەکانت بە دیار شتی خاپێنەوە دەوەستن و ئەم کردەوەیە ناگرنەوە کە هیچێک بەری پێ ناگرێت؟ بۆ هەر بەدیار شتی خەمەنگێو و بێکەڵکەوە درەنگت پێ دەچێت؟ بۆ گەورەیی چارەنووسی خونکار لە خانی تەتەران دەشاریتەوە؟

مارکۆیش: "کاتێک بە پەنجەنیشانێکی تۆ، گەورەم، دوایین و تاکەشار دیوارە بێگەردەکانی خۆی هەڵدەچنێت، من سوتووی شاری تری شیمانەیی گرد دەکەمەوە. ئەو شارانە لە ناو دەچن تا جێ چۆڵ بکەن، نە ساز دەدرێنەوە و نە بە بیری کەسدا دێنەوە. تەنیا ئەو کاتەی بە پاشماوەی ئەو بەدبەختییە دەزانیت کە هیچ گەوهەرێکی یەکدانە جێی ناگرێتەوە، ژمارەی تەواوی دانگی ئەو ئەڵماسە کارییەت پێ دەخەمڵێت کە دەبێت هەیبێت و هەر بەم جۆرەیش دەتوانی لە سەرەتای نەخشەکانتەوە خۆت لە هەڵەی ژماردن ببوێریت."

کەس لە تۆ چاکتری نازانێت، کوبلایی دانا، کە نابێت شار تێکەڵی ئەو وشانە بکرێت کە ڕوونی دەکەنەوە با نێوانێکیشیان هەبێت. منیش ئەگەر بمەوێت باسی ئولیڤیەی پڕ لە شمەک و داهاتت بۆ بکەم، سامانەکەیم بۆ ڕوون ناکرێتەوە ئەگەر تەلارەکانی نەکێشمە نێو باسەوە کە پاڵە و پشتیی سورمەهۆنی سەر پەنجەرە دوودەرییەکانی ڕازاندوویانەتەوە. لە پشت شیشەبەندی حەوشێکی کۆڵەکەداردا پرشەی خولخۆر ئاوی چیمەنێک دەدا کە لێیدا تاوسێکی سپی کلکی ڕەنگینی خشت هەڵداوە. بەڵام لەم باسەوە یەکسەر تێ دەگەیت کە ئولیڤیە هەورێک تەنیی لێ نیشتووە کە بە دیواری خانووەکانییەوەیە و، ئۆتۆمۆبێلی بارکێشیش کە وەردەسوورێت ڕێبواری نێو ئاپۆڕەی جادەکان پشت بە دیواری خانووەوە دەدات. ئەگەر بمەوێت ڕەنجی خەڵکەکەیت بۆ باس بکەم لە کارخانەی زیندۆزەکان دەدوێم کە بۆنی چەرمیان لێدا پەنگی خواردووە و ژن کە چەنە دەکێشن و بەرە دەچنن، کەنداڵە ئاوێزانەکانیش کە تافاویان درێژە بە سووڕی باڵی ئاشەکان دەدات. بەڵام ئەو وێنەیەی ئەم وشانە لە خەیاڵتدا دیاری دەخەن ئەو ئامازانەن کە پارچەکار بۆ ددانەی چەرخی وا دەبەن کە هەزاران دەست لە درێژەی هەر ئەو نۆبەکارییەدا هەزاران جار دەیکەن. ئەگەر بمەوێت بۆتی ڕوون بکەمەوە گیان لە ئولیڤیە چۆن ڕوو لە ژیانێکی ئازاد و فەرهەنگێکی پاکتاو دەکات، دەبێت باسی خانمی وات لەگەڵ بکەم کە دەم بە ئاوازەوە، کاتێک لێڵە دادێت، لە بەلەمی چراخاندا بە کەنارە سەوزەکانی ئاوەڕۆی ڕووبارێکدا دێن. بەڵام ئەمەیشم هەر بۆ ئەوە دەبێت بیرت بهێنمەوە کە لە دەوروبەری شاردا، هەموو شەوێک، کاتێک ژن و پیاو پێکەوە وەک ڕیزێک خەوڕۆ دێنەوە سەر وشکانی، هەموو کات کەسێک

لەنێو تاریکیدا پێدەکەنێت و گاڵتەوگەپ تێوە دەهێنێت.

ڕەنگە بەمەت نەزانیبێت: بۆ ئەوەی باسی ئولیڤیە بکەم ناتوانم بە جۆرێکی تر بدوێم. ئەگەر ئولیڤیەیەک بە پەنچەرە و تاووسەوە، بە زیندۆز و ژنی قاڵیچنەوە، بە بەلەم و خورگەی ڕووبارەوە هەبووایە، قۆرتێکی ناهەموار دەبوو مێشی لەسەر هارووژابن. سا بۆ ئەوەی بۆتی باس بکەم، دەبێت پەنا بۆ خوازەی وەک تەنی، جیرەی چەرخ، جووڵەی پاتەوپات، گاڵتەوگەپ ببەم. ئاخر باسەکە نییە کە درۆیە، شتەکانن.

## شاره تەنكەكان ٤

شاری سۆفرۆنیە لە دوو نیوەشار ساز دراوە. لە نیوەیەکیاندا سکەی بەرز و نشێو هەیە کە کەمەی تیژی تێ دەکەویت، چەرخەچۆلانەیەک کە زنجیر کلاوەی پێکەوە دەنێت، چەرخوفەلەکێک و سکەیەکی مەرگ کە ماتۆڕڕانەکان بە سەرداخستنەوە پێیدا دێن و تاقی تەنافبازییش کە تاقمێک میلی ئاسن بە نێوەندیانەوەیە. نیوەکەی تری لە بەرد و مەرمەڕ و چیمەنتۆ تێک خراوە کە سامانگە و کارگە و تەلار و قەسابخانە و فێرخانە و هەموو شتێکی تری هەیە. یەکێکی ئەم دوو نیوەشارە هەمکاتی و ئەوی تریان کاتییە و کە کاتی هەبوونی بەسەر دەچێت مێخەکانی هەڵدەکێشرێن، لێک دەکرێتەوە و دەگوێزرێتەوە تا لە شوێنێکی تری دیارینەکراوی نزیک نیوەشارێکی تردا دابمەزرێنرێتەوە.

هەموو ساڵێک و بەم شێوەیە ئەو ڕۆژە دادێت کە دەستکاران ڕووکارە مەرمەڕەکان هەڵدەکەنن و دیوارە بەردەکان و کۆڵەکە چیمەنتۆکان هەڵدەتەکێنن و ساختمانی کارگێڕیی شار و کۆتەڵەکان و بووکەکان و پالاوتگەی نەوت و نەخۆشخانە لێک دەکەنەوە و لە ئۆتۆمۆبێلی بارکێشیان دەنێن تا مەیدان بە مەیدان شوێنی ڕۆژژمێر بکەون. بەم جۆرە ئەو نیوەیەی سۆفرۆنیە دەمێنێتەوە کە مەیدانی ئەنگێوەیی و چەرخوفەلەکی لێیە و قیژەی نیوەتاساو لە گالیسکە بچووکەکانی سەر سکە بەرز و نشێوە تۆقێنەرەکەیەوە دێت. مرۆڤیش دێتە بیری ئەوەی کە ئاخۆ چەند مانگ و چەند ڕۆژی تری چاوەڕێ دەبێت تا کاروان دەگەڕێتەوە و ساغییەکەی شار سەرلەنوێ تێ هەڵدەچێت.

## شارەکان و گۆڕانەکان ٣

کاتێک ڕێبار دەگاتە ئەو ناوچەیەی کە یوترۆپیە پایتەختیەتی یەک شار نابینێت بەڵکە گەلێک کە وەک یەک گەورەن و بە یەک دەچن و بە بانوویەکی بەرینی پڕ چاڵوچۆڵدا بڵاو بوونەتەوە. یوترۆپیە هەر یەکێکی ئەم شارانە نییە بگرە هەموویشیانە، بەڵام یەک شاریان ئاوەدانە و سەرلەبەری ئەوانی تریان چۆڵن. ئێستایش باسی شارەکە دەکەم کە چۆن هەڵدەسووڕێت: ئەو ڕۆژەی خەڵکەکەی یوترۆپیە هەست دەکەن ماندوویێتی زۆری بۆ هێناون و ئیتر کەسیان حەوسەلەی پیشەی خۆی، خزمی خۆی، ماڵی خۆی، جادی خۆی، قەرزەکانی و ئەو کەسانەی نەماوە کە دەبێت سڵاویان لێ بکات و کە سڵاوی دەدەنەوە، پێکەوە بڕیار دەدەن بۆ شارەکەی هاوشان بار بکەن کە چۆڵ و نوێ چاوەڕێیە. جا لەوێ بۆ هەموویان هەڵدەکەوێت پیشەیەکی نوێ، هاوسەرێکی تر هەڵبژێرن و لە پەنجەرەی بەتاکەوە بەرچاوی نوێ ببینن و شەو بە بەزمی تر و ئاشنای تر و دەمبەستی تر ببوێرن. بەم چەشنە و بە گواستنەوە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر کە لەوەیە شوێنی هەڵکەوتن یان بەروبنار یان ڕووبار یان با لێکیان جیا دەکاتەوە. لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە هەموو جارێک بێ جیاوازییەکی زۆر لە دارایی و دەسەڵاتدا ڕێک دەخرێتەوە، گوزەری لە کار و ئەرکێکەوە بۆ ئەرک و کارێکی تر جیرەیان تێ ناکەوێت. ئەمەیش لە سۆنگەی پیشەیەکی زۆرەوە کەڵکی بۆ ئاڵوگۆڕ هەیە. پیشەکانیش ئەوەندە زۆرن بە دەگمەن کەسێک هەڵدەکەوێت لە سەرانسەری ژیانیدا بگەڕێتەوە سەر پیشەیەک کە پێشتر هەیبووە.

بەم چەشنە شارەکە ژیانی ئاسایی خۆی بە چوون و گەڕانەوەی بە تەختە شەترەنجی بێداشی خۆیدا پاتەوپات دەکاتەوە و خەڵکەکەی بێ دابڕان هەمان

نۆره دەگێڕن، بەڵام لەگەڵ هاونۆرەی تردا. هەمان شت دەڵێنەوە، بەڵام ئاستی دەنگی لێ دەگۆڕن و پێکەوە بە دەمی تر باوێشک دەدەن. لەنێو هەموو شارەکانی ئیمپراتۆریاکەدا هەر یوترۆپیەیە کە وەک خۆی دەمێنێتەوە. مێرکوریۆس، خوداوەندی ئاڵوگۆڕ، کە شارەکەی لە ڕێدا بنیات نراوە، ئەم پەرجووە مانا بەتوێیەی داهێناوە.

## شارەکان و چاوەکان ٢

هەستی ناکاوی ئەو کەسەیە کە دەڕوانێتە زومروودە شێوەی شارەکە دادەهێنێت. ئەگەر بە فیکەی سەرلێوەوە پێیدا ڕابووریت، بەدەم فیکەکێشانەوە لووتی لێ بەرز ڕابگریت، ئاشنای بەر و پشتی دەبیت: باهووی پەنجەرە، پەردەی بەلەرە و فوارەی ئاوپرژێن. نەخێر سەرتی لێ بخەیتە سەر سینە و نینۆک لە بەری دەستت بژەنیت، چاوت هەردی ڕووت، ئاوەڕۆی سەرڕێ، لوولەی زێراب، پاشماوەی ماسی و شڕەکاغەز هەڵدەهێنێت، کە ناکرێت وێنەیەکیانت لەوی تریان پێ ڕاستتر بێت. بەڵام بچیتە هەر کوێیەک باسی زومرودەی سەرووت لەو کەسانەوە دێتە بەرگوێ کە شارەکەیان بیر دێتەوە، چونکە لە زومرودەی خواروو قووڵ بوونەتەوە و هەموو ڕۆژێک مەودای هەمان جادەیان بڕیوە و بەیانیان ناڕەزاییی دوێنێیان وەک قەتماغە بە دیواری ماڵەکانەوە دیوە.

زوو یان درەنگیش ئەو ڕۆژە لە هەموومان هەڵدێت کە نیگا بە پلووسکەکاندا دادەهێنین و ئیتر ئەوەندەمان بە بەرەوە نامێنێت لە جادە بەردپۆشەکانیان هەڵبهێنین. دۆخە پێچەوانەکەی ئەمەیش شتێک نییە دوور بێت، بەڵام بە دەگمەن پێش دێت: سا لێ گەڕێ با بە نیگایەکەوە درێژە بە ڕەوتی نێو جادەکانی زومروودە بدەین کە خۆ لە بنخان و بنگە و بیرەکاندا دەنێژێت.

## شارەکان و ناو ١

زۆر نین ئەوانەی بتوانن شتێکت دەربارەی ئەگلاورە پێ بڵێن نەچێتەوە سەر ئەو شتانەی کە خەڵکەکەی پاتەوپاتی دەکەنەوە: زنجیرەیەک چاکەی بەناو و بەو ئەندازەیەیش خراپەی باو، چەند تایبەتمەندییەکی سەیر و ڕێزێکی کەم کە لە ڕێسای دەنێن. تێبینە سەراوردەکان کە ڕاستیخوازییان شتێک نییە مرۆڤ گومانی لێی هەبێت، بژاردەی مۆرکە ڕەختەکانی خۆیان لەو کاتەدا بە ئەگلاورەوە دەنێن کە شارەکە بە شارانێکی هاوچەرخی بەراود دەکەن. لەوەیە نە ئەم ئەگلاورەیەی کە باس دەکرێت نە ئەو ئەگلاورەیەی کە دەبینرێت لەوساوە گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتبێت. بەڵام هەرچییەک ئەوسا سەیر بووە ئێستا ئاساییە و هەرچییەکی ئەوسا ئاسایی بووە ئیتر سەیر داهاتووە، چاکە و خراپەکانیش ڕێز و ڕیسوایی خۆیان لە گۆژمەیەک چاکە و خراپەدا لێ تێکەڵ بووە کە بە جۆرێکی تر دابەش کراون. بەم مانایەیش هیچێکی ئەو شتانەی لەبارەی ئەگلاورەوە دەگوترێن بە ڕاست ناگەڕێن ئەگەرچی وێنەیەکی چەسپ و دیاری شارەکە دەدەنەوە. لەبەر ئەوەی ڕادەی ڕاستیی ئەو لێکدانەوانەی کە مرۆڤ بە مانەوەی لە شارەکەدا دەیانکات زۆر ڕوون نییە، بۆیە ئەنجامەکەی هەر ئەمە دەبێت: ئەو شارەی کە باس دەکرێت زۆر زۆری ئەو شتەی هەیە کە لێی بە مەرج دەگیرێت بۆ ئەوەی هەبێت، شاری ڕاستینەیش کەمتر سەر بە ڕاستییەوە دەنێت.

منیش ئەگەر بمەوێت ئەگلاورەت بەو هەموو شتەوە بۆ باس بکەم کە دیومن و کە ئەزموونم کردوون، ناچار دەبم بڵێم ئەگلاورە شارێکە کاڵەوە بووە، شارێکی بێکەسایەتییە و ڕێککەوت لەو نێوەدا دایکەواندووە. بەڵام ئەمەیش ڕاستیی لێ ناکەوێتەوە؛ لە چەند کاتێکی دیاریکراو و چەند سیلەیەکی جادەدا

دەستبەجێ سۆسەی کەمی شتێک دەکەیت کە لێت تێکەڵی شتی تر نابێت: شتێکی کەمهەڵکەوتە کە لەوەیە زۆر سەیر بێت و لەوانەیە بتەوێت بڵێیت چییە، بەڵام هەموو شتێک کە تا ئێستا لەبارەی ئەگلاورە گوتراوە وشەی لە کۆت ناوە، بۆیە لەوەولا ناچارت دەکات ئەوەی کە گوتراوە لەجێی شتی نوێی نەگوتراو بڵێیتەوە.

خەڵکەکەیشی وا دەزانن نیشتەنیی هەمیشەییی ئەگلاورەیەکن هەر لە ناوی ئەگلاورەدا گەشە دەکات و ئەو ئەگلاورەیە نابینن کە لەسەر ڕووی خاک پەرە دەبات. تەنانەت بۆ منیش کە بە باشی دەزانم ئەم دوو شارە لە بیرمدا جیا بکەمەوە، هەر ئەوەندەم لە دەست دێت باسی یەکێکی ئەو دوانەت بۆ بکەم. دووەمیان لەنێو چووە، چونکە ئەو وشانە نەماون کە دەتوانن بە هۆشەوەی بچەسپێنن.

خانی مەزن گوتبووی: "لەمەولا من باسی شارەکان دەکەم و تۆیش لە سەفەرەکانتدا بزانە هیچیان بەسەر ڕاستییەوە هەیە".

بەڵام ئەو شارانەی مارکۆ پۆلۆ سەردانی کردبوون لەگەڵ شارانێکدا کە خان بیری بۆ بردبوون، یەکیان نەدەگرتەوە.

کوبلای گوتی: "سەرەڕا نموونەیەکی شارم لە مێشکی خۆمدا ساز داوە کە دەشێت هەموو ئەو شارانە بگرێتەوە کە بیریان بۆ دەچێت. شارەکە ئەو هەمووەی لێدایە کە ڕێسا بە مەرجیان دەگرێت. لەبەر ئەوەی شارە بەڕاستی بەرپاکان کەم تا زۆر لە پێودانگ لا دەدەن، بەسمە ئاوارتەی ڕێسا مەزەمەدە بکەم و پێوەندییە هەرە شیمانەییەکان بخەمڵێنم."

مارکۆ پۆلۆ لە وەڵامدا گوتی: "منیش بیرم لە نموونەیەکی شار کردووەتەوە کە دەشێت هەموو شارێک بگرێتەوە. شارێکیشە هەر ئاوارتن، کۆسپ، دژگۆیی، ناکۆکی و نەبوونی سازیان داوە. شارێکیش ئەگەر بە یەکجار ناشیاوی بزانین، دەشێت بە کەمکردنەوەی ژمارەی توخمە لادەرەکانی ئاستی شیانی زیاد بکەین، چونکە شارەکە بەڕاستی بەرپایە. کەواتە هەر ئەوەندەم بەسە کە ئاوار لە نموونەکەم لا بدەم ـ دەیشتوانم لە کوێوەی پێم خۆشە دەستی پێ بکەم ـ ئەگەرچی دواییەکەی لە ئاست یەکێکی ئەو شارانەدا دەوەستم کە سەرەڕای چەند ئاوارتنێکی پێودانگ بەڕاستی بەرپان. بەڵام من ناتوانم ئەم ڕێبازە لە سنوورێکی دیاریکراو تێ بپەڕێنم، ئەگینا شاری وام گیر دەکەون کە بۆ ئەوەی ڕاست بن، زۆر شیمانەیی دەبوون."

## پێنج

له بەرهەیوانی بەرزی کۆشکەوە خانی مەزن ئیمپراتۆریاکەی خۆی لێ دیارە کە بەرپان دەبێتەوە. سەرەتا هێڵەکانی سنوور دەبینێت بەرین دەبنەوە کاتێک ناوچە داگیرکراوەکان بە ئیمپراتۆریاکەوە دەلکێندرێن. بەڵام سەرلەشکرە ئاژوێنەکان مەڵبەندی وێران و دێی تاکوتەرای کەوێڵمال و مەرەزەی کەمبەرهەم و دانیشتووی کەم و چۆمی چکاو و قامیشەڵانیان هاتبووە رێ. خان بیری کردەوە: ئەم ئیمپراتۆریایەم کە بەرەو دەرەوە یەکجار بەرین بووەتەوە، کاتی ئەوەی هاتووە بەری روو لە ناوەوەیشی فراوان ببێت. ئەمجا خەیاڵی بۆ دارستانی پڕ لە داری هەنار برد کە توێکڵیان دەقڵیشێت، گۆشتی جوانەگا کە لەسەر سێڵ دەبرژێنرێت و چەوریی لێ دەچۆڕێت و سێلاوی کانزایش، کە وەک کێوی برسیکەداری زێڕ هەرەسی هێنابێت، شالاو دەهێنێت.

ئێستایش گەلێک ساڵی دەغڵی بەرێژەن عەمبارەکانیان پڕ کردووە و دارستانی تەواوی دیرەگ بە ئاوی رووباری کەفچەڕەوە دراوە بۆ ئەوەی بەری تاقی زیوینی پەرستگە و کۆشکی پێ هەڵبخرێت و کاروانی کۆیلەیش کێوی مەرمەڕی سەوزی بە تەواوی کیشوەردا ڕاگوێزاوە. خانی مەزن سەرنجی ئیمپراتۆریایەک دەدات کە شار وا تەنگەیان پێ هەڵچنیوە، هەرد و بەردیان لە ژێر باری گرانی خۆیان ناوە. ئیمپراتۆریاکە بە دەوڵەت و سامان و ڕێی هاتوچۆگیران و نەخش و کار و کارگێڕیی ئاڵۆز و پایەبەندی و برسێتی و گرژی و گرانی تەنراوە.

کوبلای خان بیری کردەوە: ئیمپراتۆریاکەم لە ژێر باری گرانی خۆیدا خەریکە دەڕووخێت. لە خەونەکانی خانیشدا ئیتر شاری وا خۆیان دەنواند

بەدەم سـوورکـە پەڕوازکـردنەوە وەک هـەڵۆ وا بوون و وەک نـووک تیـژ و وەک مـێشـبـەند تەنک و وەک ڕەگی گـەڵا و هێـڵی بەری دەست لکهاوێژ بوون: ئەو شـارە زێڕکـفـتـانەی کـە مـرۆڤ دەتوانێت بەنێـو چڕوپڕییـە درۆیینە بریسکەدارەکەیانەوە سەرجنیان بۆ هەڵبخات.

خـان بـە مـارکـۆ دەڵێت: "با خـەونـی دوێنێ شـەومت بۆ بگێـڕمـەوە: لەنێـو تەختـەنێکی مـسـڕەنگدا کـە تاوێری هەسـارە و بنتلی بەسـەردا پرژابوو، لە دوورەوە شـارێکم بینی بورجی باریک و قـووچکەی تەنکی بەجـۆرێک سـاز درابوون، مـانگ لە ڕەوتی سـەر ئاسـمـانیـدا بـواری هەبوو تـاوێک بەسـەر ئەمیـانەوە و گاوێک بەسـەر ئەویانەوە هەڵاژێت یان بـە تەلی بارهەڵبـڕەکانەوە بڕاژێت."

مـارکـۆ پۆلۆیش: "ئـەو شـارەی خـەونت پێـوە دیوە لالەگـیـیـە. پەزێراییی حەسانەوەی لە ئاسمانی شـەویشدا خـەڵکەکەی دابینیان کردووە نـەکا مانگ ڕێ لە هەموو شـتێکی شارەکە بگرێت گەشـە بکەن و لە گەشـەکردنی بەردەوام بکەون."

خانی مەزن لێی زیاد کرد: "شـتێکی ماوە کە تۆ نایزانیت، مانگ ودمێکی گەلێک دەگمەنی وەک سوپاسبژێریی خۆی بە شاری لالەگی داوە: کە گەشەی ئاسوودە بکات."

## شاره تەنکەکان ٥

باوەڕم پێ بکەن باشـە، چونکە ئێسـتـا باسی شـاری ئۆتاڤـیـە، شـاری تەونەجاڵجاڵۆکە دەکەم کە چۆن چنراوە. گەلییەک لە نێوان دوومـلانەیەکدا هەڵکەوتووە، شـارەکەیش بە بۆشاییەکدا هەڵواسراوە و بە پەت و زنجیر و پردی ئاوێزان بە هەردوو ملەکەوە شەتەک دراوە. مرۆڤ بە ڕایەڵی داریندا کە تێ دەپەڕێت وریای تەواوی ئەوەیە پێ نەنێتە بۆشاییی نێوانیانەوە یان خۆی بە گرێچنەی گوریسەوە توند دەگرێت. لە خواری سەدان مەتر و هەروا سەدان مـەتری تریشـدا هیـچـێک نییـە: چەند گـەواڵە هەورێک ڕادەبوورن و لە خوارووتریشدا بنی گەلییەکە بە ئاستەم دیار دەکەوێت.

ئەمانەیش ژێرتاقی شارەکەن: تەونێک کە هەم بەرزی ڕادەگرێت و هەم بوار دەدات پێیـدا هاتوچۆ بکرێت. لەجیـاتی ئەوەی هەمـوو شـتێکی تر خـۆیان بەسـەریەوە هەڵبـبڕن بەژێریەوە هەڵواسـراون: پەتچنە، دیلەکان، کەوێڵ کە بە گوش سـاز دراون، تەناف بۆ جلهەڵخستن دابین کراون، هەیوان کـە بە بەلەم دەچن، کوندەی ئاو، لوولەکێشیی گاز، تاوە، زەمبیل کە بە بەن داهێلڕاون، ئەسـانسـۆری شـمـەک، دووش، میـلی تەنافبـازی و بازنە بۆ یـاری، ئاوێزە و گڵێنەی لاولاو.

بە پەڕوازبوونی سـەر ئەم گەلییە بێپەیەوە ژیانی خەڵکی ئۆتاڤیە، ئەگەر بە شـاری تری بەراورد بکەین، مەترسیدارتر نییە. ئەمان سنووری ئەو هێندەیە دەزانن کە تەونەکە پێی هەڵدەگیرێت.

بۆ ئەوەی ئەو پێوەندییانە ڕابگیرێن كە ژیانی شارەكە جڵەو دەكەن، خەڵكی ئێرسیلیە داوی سپی یان ڕەش یان كەوەیی یان ڕەشوسپی، كە خزمایەتی و ئاڵوویر و داوودەستگە و نوێنەرایەتی دەنوێنن، بە گۆشەی خانووەكانەوە گرێ دەدەن. كاتێكیش داوەكان هێند زۆر دەبن كە ئیتر ڕێی كەس نادەن بە نێوانیاندا ڕاببوورێت، خەڵكەكەی بار دەكەن، خانووەكان هەڵدەتەكێنرێن و هەر داوەكان و بناخەكانیان دەمێنن.

لە بناری كێوەكانەوە كە بارگە و بنەیان لێ داناوە، ئاوارەكانی ئێرسیلیە سەیری گێژەنی داوە شەتەكدراوەكان و هەم كۆڵەكەكان دەكەن كە لە دەشتاییەكەدا بەرز دیار دەكەون. ئەویان هێشتا شاری ئێرسیلیەیە و خۆیشیان هیچ.

خۆیشیان ئێرسیلیە لە شوێنێكی تردا سەرلەنوێ دادەمەزرێنن و بە داوەكان نەخشەی شارێک دەچنن كە بەوەی پێشوو دەچێت و لەوەیە خۆشیان بێت ئاڵۆزتر و هاوكات ڕێكوپێكتری بكەن. دوایی بە جێی دەهێڵن و خۆیان و خانووەكان دوورتر دەخەنەوە.

ئەگەر مرۆڤ بە مەڵبەندی ئێرسیلیەدا ڕابوورێت شارگەی چۆڵ و وێرانی دێتە ڕێ، بێ دیوار، چونكە هێزیان لێ براوە، بێ ئێسكوپرووسكی مردووان كە با بە بەر خۆیەوەی داوە: شارەكان تەونێكی پێوەندیی ئاڵۆزن كە لە شێوەن دەگەڕن.

## شارەکان و چاوەکان ٣

ئەو کەسەی حەوت ڕۆژ بە دارستاندا ڕێ بیرێت لە باوچیز سەر دەردەهێنێت، بەڵام هەرچی دەکات شارەکەی لێ دیار ناکەوێت ئەگەرچی گەیشتووەتە جێ. ئەو دارەلاقە باریکانەی لە گەلێک دووری یەکەوە خۆ لە هەرد هەڵدەبڕن و لە سەرووی هەوردا گوم دەبن، شارەکەیان ڕاگرتووە. مرۆڤ بە پلیکانە بۆی سەر دەکەوێت و خەڵکەکەی بە دەگمەن خۆ لەسەر زەوی دیار دەخەن: لەو بانەدا هەموو پێویستییەکی خۆیان هەیە و هیچیان لە هیچ کەم نییە و بە چاکی نازانن دابچنە خوارەوە. هیچ شتێکی شارەکە توخنی زەوی ناکەوێت، لاقە درێژەکانی سوورەقوڵینگ نەبێت کە شارەکەیان ڕاگرتووە و سێبەرێکی شاش و کونجریش کە لە ڕۆژی ڕووناکدا خۆی بەسەر چڵ و گەڵاوە دیار دەخات.

سێ گریمانە لەبارەی خەڵکی باوچیزەوە هەیە: کە ڕکیان لە زەوی دەبێتەوە، کە چونکە ڕێزێکی زۆری لێ دەنێن خۆیان لە هەموو پێوەندییەکی دەپارێزن، کە هێند دڵبەندی جارانی شارەکەی پێش سەروبەندی خۆیانن، ماندوو نابن دووربین و تێلسکۆپ لەو خوارە بگرن و گەڵا بە گەڵای، بەرد بە بەردی، مێروو بە مێرووی لێک بدەنەوە، کاتێک تاس دەیانباتەوە و سەیری هەرە سەیریان بە نەبوونی خۆیان دێت.

دوو جۆر خوداوەند شاری لیاندره دەپارێزن. هەردوو جۆرەکە ئەوەندە وردن کە بە چاو نابینرێن و ئەوەندە زۆرن بە کەس ناژمێردرێن. جۆری یەکەمیان لای دەرگەی خانووەکان و لەنێو خانووەکان و لە نزیک ئاسقییەکان و شوێنی چەترەکاندان. کە خێزانەکان بار دەکەن ئەمان شوێنیان دەکەون و کە کلیلەکان وەردەگیرێن جێی خۆیان لە خانووە نوێکاندا خۆش دەکەن. ئەوانی تر لە چێشتگەدا هەن و خۆ لەبن مەنجەڵدا یان لە باکێشدا یان لەنێو گسکەکاندا دەشارنەوە. ئەمانە بەستی خانووەکەن و کە خێزانە نیشتەجێکەی دەگوێزێتەوە، ئەمان لای کرێچییە نوێکان دەمێننەوە. دوور نییە پێش سازدانی خانووەکەیش هەر لەوێ، لەنێو گژوگیای پارچە زەوییەکەدا و لە سواڵەتێکی ژەنگاویدا هەبووبن. ئەگەر خانووەکە خاپوور بکرێت و باڵاختەیەکی پەنجامالەی لێ ساز بدرێت، دەیان هێندەی ئەمان لە چێشتگەی هەموو ماڵەکاندا پەیدا دەبن. جا بۆ ئەوەی لێمان تێکەڵ نەبن با جۆرێکیان بە خانەخودا و ئەوی تریان بە خەلەخودا ناو ببەین.

پێ ناچێت خەلەخوداکانی خانوویەک هەموو کات لەگەڵ خەلەخودای تردا بن و خانەخودایش لەگەڵ خانەخوداکاندا. دیارە سڵاو لە یەک دەکەن، پێکەوە بەسەر پاسارەی میچ و بە لوولەی گەرمائەنگێوەکاندا دەگەڕێن و دەم لە کاروباری ماڵەکە دەکوتن. ئەگەرچی لە هیچە زمانیان لێک کاڵەوە دەبێت، بەڵام لە بارێکدان، ساڵانێکی زۆر کەلێن نێوانیان نەگرێت. کاتێکیش مرۆڤ قەتارەیان دەبینێت، جۆرەکانیانی بۆ جیا نابنەوە. خەلەخودا لەنێو دیوارەکانی خۆیاندا خانەخودای بە ڕەچەڵەک جیا و بە نەریتی جوداوە دیوە بێن و بڕۆن. خانەخوداکان لەگەڵ ئەو خەلەخودایانەدا کە ڕێزی زۆری خۆیان دەزانن یان

لەگەڵ خەلەخودای عەمبارەکاندا کە دڵناسک و بەدگومانن، لەسەر جێورێ تێک دەگلێن.

کرۆکی ڕاستەقینەی لیاندرە لێدوانی بیندرێژ هەڵدەگرێت: خانەخوداکان خۆیان بە گیانی شارەکە دادەنێن با ساڵێکیشیان لێیدا پێ نەچووبێت و، کە بە جێی دەهێڵن وا دەزانن لیاندرەیش لەگەڵ خۆیان دەبەن. خەلەخوداکان ئەم خانەخودایانە بە مێوانی کاتی دەگرن کە مایەی سەرئێشەن و خۆتێگلێن. لیاندرەی ڕاستینەیش شاری ئەمانە کە شێوەی هەموو شتێکی پێکەوە دەنێن: ئەو لیاندرەیەی کە پێش ئەوەی ئەم دەرەکییانە دیار بکەون هەر هەبووە و پاش ئەوەی سەر هەڵدەگرن هەر دەمێنێت.

بەڵام شتی هاوبەشی نێوانیان ئەمەیە: هەردوو بەرەکە قسەی بەردەوامی خۆیان لەبارەی ئەو شتەوە هەیە کە لەناو ماڵەکە و شارەکەدا ڕوو دەدات. خانەخوداکان پیرەکان و باوک و باپیران و برای باوکی باوکەکان و حەوت پشتی ئەو بنەماڵەیەی کە هەبوونە دەکێشنە نێو باسەوە. خەلەخوداکان باس لە جارانی ئەو نێوە دەکەن بەر لەوەی خانەخوداکان بێن و وێرانی بکەن. بەڵام ئەمەیش وا ناگەیەنێت کە هەر بە بیرەوەری دەژین: خەون بەو کار و ناوە گەورانەوە دەبینن کە نەوەکان لە گەورەساڵییاندا دەیاننێنەوە (خانەخوداکان)، بە خانووەکەوە یان ئەو گەڕەکەوە دەبینن کە ئاخۆ چییەکی لێ هەڵدەکەوێت ئەگەر دەستی خاوەنی خۆی بکەوێت (خەلەخوداکان). کەسێکیش لەنێو ماڵەکانی لیاندرەدا سا گوێ هەڵبخات، بەتایبەت کە دنیا تاریک دادێت، چرپەی بەجۆشی نێوانیان، گاڵتە و تیز و تەوس و پێکەنینیانی بەرگوێ دەکەوێت.

## شارەکان و مردووەکان ١

هەموو جارێک کە مرۆڤ دەگاتە مەیدانەکەی مێلانیە خۆی لە جەرگەی لێدوانێکدا دەبینێتەوە: سەربازە خۆهەڵشەکێنەکە و میوانە لاخۆرەکەی لە دەرگەیەکەوە دەردەکەون چاویان بە گەنجە دەسبڵاو و کچە سۆزفرۆشەکە دەکەوێت، یانیش باوکە چنۆکەکەیە کە لە چەقی دەرگەدا بۆ دوایین جار کچە ئەویندارەکەی وریا دەکاتەوە و ئەو نۆکەرە ساویلکەیە قسەی پێ دەبڕێت کە بەڕێوەیە و داوەتنامە بۆ ژنە سەرگرەکە دەبات. دوای ساڵانێکی زۆر کە مرۆڤ بۆ مێلانیە دێتەوە هەمان لێدوانی بە بای گوێدا دێت کە درێژەی بێ وچان دەکێشێت. لە میانی ئەو ساڵانەیشدا میوانە لاخۆرەکە و ژنە سەرگرەکە و باوکە چنۆکەکە لەنێو چوونە، بەڵام سەربازە خۆهەڵشەکێنەکە و کچە ئەویندارەکە و نۆکەرە ساویلکەکە جێی ئەوانیان گرتووەتەوە و ئەمان دووڕوویەک، متمانەبەخشێک و ئەستێرەگەرێک پشتیان دەگرن.

خەڵکی مێلانیە نوێ دەبنەوە و سەرقاڵانی لێدوانیش یەک لە دوای یەک سەر دەنێنەوە، لەو ماوەیەیشدا کەسانێک دنیا ئاوەدان دەکەنەوە کە بە دوای یەکەوە و بێ نۆرەبڕی درێژە بە لێدوانەکە دەدەن.

کە کەسێکیش نۆرە دەگۆڕێت یان مەیدانەکە بۆ تاهەتایە بە جێ دەهێڵێت یان بۆ یەکەمین جار نۆرە دەبینێت، زنجیرەیەک ئاڵوگۆڕ بەرپا دەکات تا نۆرەکان دابەش دەکرێنەوە. لە ماوەی ئەم هەمووەیشدا پیرە تووڕەوترۆکە لە وەڵامدانەوەی کچە کارەکەرە چەنەوەرەکە ناکەوێت و سووتخۆرەکەیش لە ڕاوەدوونانی گەنجە بەشبڕاوەکەوە ناوەستێت و دایەنەکەیش هەر خەریکە دڵی زڕکچەکەی دەداتەوە، ئەگەرچی هیچیان نە ئەو دەنگ و نە ئەو ڕەنگەی هەیە، کە لە دیمەنەکەی پێشوودا هەیبووە.

جــاروباریش یـەک نۆرەگــێــڕ دوو نۆرە یان زیـاتر دەنـوێنیت: ســتــەمکار، چاکــەکــار، پەیامــبــەر، یان نۆرەیەک دابەش دەکــرێت و گــەلێک نـۆرەی لـێ دەکەوێتـەوە کە سـەد بگرە هەزار دانیـشـتـووی مـێـلانیـە دەیگێڕن: سـێـهـەزار دووڕوو، سیهـەزار فێڵباز، سەدهـەزار شـازادە کە بەخت پشـتی لـێ کردوون و چاوەڕێن مافیان پێ ڕەوا ببینرێتەوە.

چونکە ڕۆژ دێت و ڕۆژ دەچێت گۆڕان بە نۆرەکانیـشـدا دێت و ئیـتـر هیـچی هیــچــێـک ناچێــتــەوە ســەر باری پێــشــوو. ڕەوتاری ئەوانیش بـە درێژەی ڕووداوەکـان و کـودەتای شـانۆدا ڕوو لە کۆتـاییـیـەکی یەکـجـارەکی دەنێت کـە خـۆیـان بێ وچان لێی نزیک دەبنـەوە، تەنانەت لـەو کـاتـەیشـدا کـە پـێ دەچێت بشــێـوییــەکـە ئاڵۆزتر دەبێت و کـۆســپــەکــان زیاتـر دەبن. کـەســێکیش لە تروـوکـەسـاتـەکـانی دواتردا پێ بـە مـەیدانـەکـەدا بنێت، دێتـە گـوێی کـە چۆن لێدوانەکە وردە وردە دەگۆڕدرێت، ئەگەرچی ژیانی خەڵکەکەی مێلانیە زۆر لەوە کورتترە کە مەودای ئەوەندەیان بدات بۆیان دەربکەوێت.

مارکۆ پۆلۆ باسی پردێک، بەرد بە بەرد دەکات.

کوبلای خان لێی دەپرسێت: "بەڵام کام بەردیان پردەکەی بەرز ڕاگرتووە؟"

مارکۆ پۆلۆ دەڵێت: "نە ئەمیان پردەکەی ڕاگرتووە و نە ئەویان، بەڵکە ئەو تاقەی کە هەموویان پێکەوەی دەنێن."

کوبلای خان دەنگ لە خۆی دەبڕێت و بیر دەبات، دوایی دەڵێت: "بۆچی باسی بەردم بۆ دەکەیت؟ ئەوەی سەرنجی من دەکێشێت هەر تاقەکەیە."

مارکۆ دەڵێت: "بەرد نەبێت تاقیش نابێت."

# شەش

– تۆ لە هەموو ژیانتدا شارت دیوە بەم شارە بچێت؟ کوبلای لە مارکۆ پۆلۆی پرسی و دەستی پڕ ئەنگوستیلەی لە ژێر سایەبانی هەورێشمی کەشتییە شاهانەکەیەوە دەرکێشا و کەمەی پردی سەر کەندەکان و میرەکۆشکی ئاستانە مەرمەڕەکانی سەر کەنارەکان و بەلەمە سووکڕەوەکانی پەنجەنیشان کرد کە سەوڵی درێژ لا بە لا دەیانباتە پێش. ئاماژەیشی بەو کەڵەکە بارییانە دا کە سەبەتی سەوزە لە مەیدانی شاردا بەتاڵ دەکەن و، بانێژەکان و بەرهەیوانەکان و کۆڵەکەکان و بورجی پەرستگەکان و باخی گوڵجارە درەوشینەکانی نێو دوورگەی سەر بەنداوە کەوەییەکانی دیاری کرد.

خان کە پایەبەرزێکی دەرەکیی لەگەڵ بوو، پایتەختە کۆنەکەی بنەماڵە فەرمانڕانە بارکەوتووەکان و دوایین مرواریی تاجەکەی خۆی، کوین سایی بەسەر دەکردەوە.

مارکۆ پۆلۆ گوتی: "نەخێر گەورەم، من بە خەویش شاری وام نەدیوە."

خان چاوێکی وردبوونەوەی بڕییە چاوی و کوڕە دەرەکییەکەیش سەری داخست. بەڵام خان لە تەواوی ئەو ڕۆژەدا ورتەی نەهات.

کە دوای خۆرنیشتن لە هەیوانی کۆشکەکەیدا دانیشتن، مارکۆ پۆلۆ لە ڕووی خانی فەرمانڕاندا ئەنجامی سەفەرەکانی خۆی خستە ڕوو. خانیش تا کۆتایی بەو شەوە هێنا لەسەر خەدەی خۆی و ڕاهاتانە، بە چاوی نیوەقووچاوەوە چێژی لە چیرۆکەکان برد، تا یەکەم باوێشکی بەردەوکەکانی ڕاپەڕاند مەشخەڵ هەڵبکەن و ڕێی خونکار بەرەو سەرخانە تێهەڵکشاوەکەی خەوتن ڕۆشن بکەن. بەڵام ئەم جارەیان لەوە نەبوو ماندوێتی کوبلای خاو

بکاتەوە، کە پێی داگرت و گوتی: "باسی شارێکی ترم بۆ بکە."

– ... لەوێوە ڕێبارەکە درێژەی ڕێ دەگرێت و سێ ڕۆژەڕێی نێوان خاکی ڕۆم و ڕۆژهەڵات بە سواریی دەبڕێت... بەم جۆرە مارکۆ چیرۆکەکەی هەڵکردەوە و ناو و پۆشەمەنی و کوتاڵی گەلێک مەڵبەندی جیاوازی پێوە ژمارد. دەکرێت بڵێین عەمباری چیرۆکەکانی مارکۆ بنەی نەدەهات، بەڵام ئەم جارەیان دەبوو ئەمیش خۆ بە دەستەوە بدات. بەری بەیان هەڵهاتبوو کاتێک مارکۆ گوتی: "سەروەرم، ئیتر شارم نەما باسیم نەکردبێت."

ـ یەکیان ماوە کە خۆت قەت تخوونی ناخەی .

مارکۆ پۆلۆ سەری داخست.

خانی مەزن گوتی: "ڤینیس"

مارکۆ کەنینێکی کەمڕووی پێوە دیار کەوت: "بۆ پێت وایە تا ئێستا باسی چیم بۆت کردووە؟"

خان ترووکەیشی بە چاودا نەهێنا: "بەڵام قەت ناویم لێت نەبیستووە."

مارکۆیش: "هەموو جارێک کە باسی شارێک دەکەم شتێک دەربارەی ڤینیس دەڵێم."

– کە باسی شاری ترت لێ دەپرسم، باسی ئەو شارانەم دەوێت لێت ببیستم، دەیشمەوێت باسی ڤینیسم بۆ بکەیت کاتێک لێتی دەپرسم.

– بۆ ئەوەی لە خەسڵەتەکانی شاری تر بگەم، دەبێت لە شارێکی پێشترەوە دەست پێ بکەم کە هەر ئەودەم بەشێکی چیرۆکەکەی لێ پێک دێت. ئەو شارەیش بۆ من ڤینیسە.

– کەواتە دەبوو گشت چیرۆکێکی سەفەرەکانت بە کەوتنەڕێ دەستیان پێ بکردایە و ڤینیست وەک خۆی باس بکردایە، هەر هەمووی، بێ ئەوەی هیچی ئەوەی دەرببوێری کە بیرت دێتەوە.

ئاوی گۆلەکە لەرەیەکی تێ کەوت، ئاوێنە مسڕەنگەکەی کۆشکە کۆنەکەی پاشایەتیی بنەماڵەی سونگ وەک گەڵای سەر ئاو کە دەشەکێتەوە، بوو بە وردە

پەڵەی درەوشەدار کاتێک وردوخاش بوو.

مارکۆ گوتی: "بیرەوەرییەکان هەرکە وشە دەیاننوێنێت لەنێو دەچن، دوور نییە سڵی ئەوەم بردبێت کە دەستەوجێ ڤینیسم لە دەست بچێت ئەگەر باسی بکەم، بە دووریشی نازانم لە باسی شاری تردا پارچە بە پارچە لە دەستم دابێت."

تۆڕێک کەندال و تۆڕێک شەقام لە سمێرالدینە: شارەکەی سەر ئاوە، یان بەسەر یەکەوە دەکشێن یان یەکتر دەبڕن. جا کەسێک بیەوێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بچێت کۆسپێک نییە ڕێی پێ بگرێت کە ڕێی بەژ هەڵبژێرێت یان بە بەلەم ئاو ببڕێت. لەبەر ئەوەی کورتترین ڕێی نێوان دوو خاڵی سمێرالدینە خەتێکی ڕاست نییە، بگرە هێڵێکی لابەلایە و پێچی جیای لێ دەبێتەوە، بۆیە ئەو ڕێیانەی دەکەونە بەرپێی ڕێبوار هەر دووان نین بگرە گەلێک. کەسێکیش ڕێی هاتوچۆی لە بەلەمەوە بۆ وشکەڕێ یان بە پێچەوانەوە دەگۆڕێت، بواری زۆرتری ڕێبڕینی بۆ دەرەخسێت.

بەم ئاوایە خەڵکی سمێرالدینە لەو بێزارییە دوور دەبن کە هەموو جارێک هەمان و یەک جادە ببڕن، بەڵام شارەکە بەم ئەمەندەیە تەواو نابێت: تۆڕەڕێیەکەی یەک ئاستی نییە، بگرە بە ژوور و ژێری پلیکانە و بەرهەیوان و پردی تاقدار و جادەی ئاوێزاندا درێژە دەکێشێت. جا کە بەشێکی مەودایەک دەدرێت بەدەم بەشی مەودایەکی ترەوە، سا لە بەرزاییەکی بەرین یان لەسەر ڕووی زەمین، هەموو کەسێکی شارەکە بۆی دەلوێت، هەموو ڕۆژێک، ڕێی نوێی ڕوو لە یەک و هەمان ئامانج ببڕێت. ژیانی هەرە ڕۆژانە و هێمنی سمێرالدینە بێ دووپاتبوونەوە ڕادەبوورێت.

لێرە، هەروەک لە هەموو شوێنێکی تری دنیادا، هەر ژیانی پڕ لە نهێنی و گیانبازییە کە بەر و بواری گەلێک تەسکە. کتک و دز و ئەویندداری ڕازگری سمێرالدینە ڕێی بەرز و کوورک دەبڕن و لە بانێکەوە بۆ سەربانێک باز دەدەن و لە بەرهەیوانێکەوە بە بانێژەیەکدا دادەخزێن و وەک تەنافباز بە پلوسکدا هەڵدەگەڕێن. لە خواری خوارەوە و لەنێو تاریکاییی زێرابەکاندا هەر مشکە کە



ئیتالۆ کالڤینۆ (٦)

چنگەوکلک لەگەڵ هاوبەرە و قاچاخچیدا شوێنی یەکتر دەکەون، لە پشت بۆڕی و لوولەی زێرابەکاندا چاوشارکێ دەکەن و بە دەرەتان و کەندەکاندا هەڵدێن و لە پەنایەکەوە بۆ پەسێوێک ڕێزەی پەنیر، قاچاخەمەنی و بۆشکەی باروود کێش دەکەن و بەو شارە ڕەختەیەدا دەرباز دەبن کە گورزێک تیشکی بوودڕی پێدا دەکشێت.

نەخشەیەکی تایبەت بە سمێرالدینە دەبێت ئەم هەموو ڕێیانە، بە وشک و تەڕیەوە، بە بەرپێوار و بەرهەڵدایەوە، بگرێتەوە و بە مەرەکەوەی ڕەنگاوڕەنگ بکێشرێن. سەختی هەرە سەختیش ئەو ڕێیانەن بە نەخشەکەوە بلکێندرێن کە پەرەسێلکە بەنێو هەوای سەر بانەکاندا دەیانبڕن: ئەو پەرەسێلکانەی کە باڵ پەخش دەکەنەوە و بە پێچی نادیار و درێژدا دەکشێن و بۆ گرتنی مێشوولە بە لادا دێن، کە بە نووکی بورجێکیشدا تیغ دەکەن بە پێچێک سەرلەنوێ بەرز دەبنەوە و لە شانشینی هەوای خۆیانەوە چاو بە گشت خاڵێکی شارەکەی ژێریاندا دەگێڕن.

کە دەگەیتە فیلیدێ لەوەیە خۆشت بێت چاو بە جۆری جیای پرددا بگێڕێت کە بەسەر کەندەکاندا دەکشێن: پردی تاقدار، پردی میچدار، پردی کۆڵەکەدار، پردی سەر ئەسکەلە و پردی ئاوێزان کە ستارەی کونجریان لێ گیراوە. هەلیشت بۆ دەرەخسێت چاو بەو هەموو جۆرەی پەنجەرەدا بگێڕێت کە ڕووەو جادە دەکرێنەوە: پەنجەرەی دووتاقە، پەنجەرەی ئەندەلوسی، پەنجەرەی قووچ بە نەخشی نەومانگەوە یان بە ڕۆژنەی نەخشینی سەریەوە. گەلێک کەرەستەی جۆراوجۆر جادەکانیان پۆشیوە: بەردی خڕ، خشت، چەو، تێکەڵەبەردی شین و سپی. لە هەموو خاڵێکیدا شار سەیرت بە چاودا دەهێنێت: نەمامی شەفەلە کە لە شوورەی قەڵایەکەوە سەریان دەرکێشاوە، پەیکەری سێ شاژنی سەر سەرکۆڵێک، گومبەزێک بە سێ گومبەزی بچووکتری سەر قووچکەیەکی تیژەوە. تۆیش پڕ بە دەنگ دەڵێیت: "خۆزگەم بەو کەسەی هەموو ڕۆژێک فیلیدێی لەبەر چاوە و لە دیتنی ئەم هەموو شتانەی ناکەوێت"، ئاخیش هەڵدەکێشیت کە هەر چاوت پێی کەوتووە و دەبێت بە جێی بهێڵیت.

ڕێی تێ دەچێت لە فیلیدێ بمێنیتەوە و پاشماوەی ڕۆژانی ژیانتی لێدا بەسەر ببەیت. بەڵام زۆر ناکێشێت شارت لەبەر چاو کاڵەوە دەبێت و ڕۆژنە نەخشینەکە لەناو دەچێت و پەیکەرەکانی سەر سەرکۆڵەکان و گومبەزەکانیش. تۆیش وەک هەموو کەسێکی تری فیلیدێ شوێنی هێڵە پێچەڵپێچەکانی، لە جادەیەکەوە بۆ جادەیەکی تر، دەکەویت و بەرتاو و نسارت دێنە ڕێ و دەروازەیەک لێرە و پلیکانەیەک، سەکۆیەک لەوێ کە دەکرێت سەبەتەی لێ دابنێیت و ئاوەڕۆی زێرابێک کە ئەگەر هۆشت بە خۆتەوە نەبێت سەرەنگرێی دەبیت. لەمانەیش بترازێت بەری هەموو شتێکی شارەکە پێوارە. فیلیدێ

مەودایەکە لە نێوان ئەو خاڵانەیدا کە بە بۆشاییەکەوە هەڵواسراون بوار هەن: کورتترین ڕێی بەرەو مێزی فرۆشیارێکی نێو بازاڕ کاتێک مرۆڤ خۆی لە دەلاقەی خاوەنقەرزەکەی دەپارێزێت. هەنگاوەکانت بنگیری شتێکن کە لەبەر چاوت نییە، بەڵکە لە چاوەکانتدا نێژراوە و لەنێو چووە. تۆ ئەگەر یەک لە دوو ڕاڕەوت هێشتا بەلاوە دڵگر بێت، سا بزانە ڕێک لەوێدا بوو کچێک کە سەربالّی کراسەکەی پان و نەخشین بوو، سی ساڵی لەوەوبەر بە بەرتەوە ڕابووری، یان هەر لەبەر ئەوەیە کە لە کاتێکی دیاریکراودا ڕووناکییەکەی هەر ئەو ڕاڕەوەی لێ دەنیشێت کە بیرت چووە لە کوێ هەڵکەوتبوو.

ملیۆنان چاو بە پەنجەرەکاندا، بە پردەکاندا و بە گوڵەشەفەلەکاندا هەڵدەهێنرێن هەروەک بە ڕووپەڕەی بەتاڵدا بگێڕدرێن. گەلێک شاری وەک فیلیدێ هەن کە خۆ لە چاو دەپارێزن، مەگەر کەسێک کتوپڕ بە سەریاندا بدات.

## شارەکان و ناو ٣

بەلای منەوە پیررە بە پەنجەرەی بەرز و بورجەوە، خڕ وەک دەفر، بە مەیدانی میانییەوە، قووڵ وەک چاڵ و بە چاڵاوی نێوجەرگەیەوە، ماوەیەکی زۆر شارێک بوو کە لە بنارەکانی دەوری کەنداوێکدا پەنای گرتبوو. من پیررەم هەرگیز نەدیبوو. پیررە یەکێکی ئەو شارە زۆرانە بوو کە ڕێم بۆیانی نەبردبووم؛ ئەو شارانەی کە هەر بە ناو دەتوانم بیریان بۆ ببەم: یوفراسیە، ئودیلە، مەرگارە، گیتولیە. پیررەیش لە نێویاندا جێی تایبەتی خۆی هەبوو و هیچی بەوانی تر نەدەچوو. ئەم شارەیش وەک هەموو شارێک، بەر بە چاوی یادەوە، لێت تێکەڵی شاری تر نەدەبوو.

دواییـیەکەی ئەو ڕۆژەم لێ هەڵهات کە بۆ پیررەی بردم. من هێشتا پێ ڕانەگەیشتبووم پێ بهاومە ئەوێ تا هەرچییەکم هێنابووە بەرچاوی خۆم، لە بیر چوو. پیررە بووبووە ئەو شتەی کە پیررەیە و منیش بەش بە خۆم هەردەم لام وا بوو کە زەریا لە شارەکەوە دیار نییە و تەپۆڵکە نزمە پڕ لە کەندی کەنارەکەی شاردوویانەتەوە، کە جادەکانی درێژ و ڕاستن، کە خانووەکانی پۆل بە پۆل هەڵکەوتوون و بەرز نین و تەختەفرۆشی و دارتاشخانە لە یەکتریان دابڕیون و کە ڕەشەبا باچەرخەکانی ترومپا هایدرولیکییەکانی دەسووڕێنێت. لەو ترووکەساتەوە ناوی پیررە بیرم بۆ ئەم دیمەنە، ئەم ڕووناکییە، ئەم جیڕەجیڕە و ئەم هەوایە دەباتەوە کە تۆز و گەردی زەردی لێ گێژ دەخوات. دیارە ئەمەیش هەر ئەم مانایە دەداتەوە و ناشێت مانای تری لێ بکەوێتەوە.

بیریشم هێشتا دەڕوا تا ژمارەیەکی زۆری شار بگرێتەوە کە نە بینیومن و نە دەیشیانبینم: ناوی وا کە ڕوخسارێک یان ڕێزەڵەی یان تروسکەی خەونێک دەنوێنن: گیتولیە، ئودیلە، یوفراسیە، مەرگارە و، شارە بەرزەکەی سەر

کـەنداوەکـەیش بـە مـەیدانە خـڕەکـەی دەوری چاڵاوەکـەوە هەمـوو کـات لەو نێـوانەدایە، بەڵام ئیـتر نە دەتوانم ناوی بـهێنم و نە دەیشـتوانم بیـر ببـەم کە چۆن توانیم ناوێکی وای لێ بنێم کە بە مانای شتێکی تەواوی ترە.

لە هەموو سەفەرەکانمدا هیچ جارێک تا ئادێلمە نەچووبووم. تاریکایی داهاتبوو کە پێی لە زەریاوەم هاویشتە ئەوێ. ئەو زەریاوانەی لەسەر بەربەستەکە گوریسی لەنگەرەکەی گرتەوە و بە گوریسچنەکەوە گرێی دا، وەک کەسێک دەچوو پێکەوە سەرباز بووین و ئێستا سەری ناوەتەوە. کات کاتی کۆفرۆشیی ماسی بوو، پیرەپیاوێک سندووقێکی پڕ ژیشکی دەریای لە گالیسکەیەک بار دەکرد کە لام وا بوو دەیناسم، کە ئاوریشم دایەوە بە کۆلانێکدا پێچی کردبووەوە و لێم ون بوو. بەڵام ئیتر لەوە گەیشتبووم بە ماسیگرێک دەچوو، کە من منداڵ بووم ئەو بە ساڵدا چووبوو و نەدەبوو لەم دنیایەدا مابێت. خورپەیش بە دڵمدا هات کە پیاوێکی تادارم بینی لەسەر هەردەکە هەڵکورمابوو و پەتوویەکی بە خۆیدا دابوو: چەند ڕۆژێک بەر لەوەی بمرێت، باوکم هەروەک ئەو پیاوە ناساغە، چاوەکانی ڕەنگی زەردیان تێ زابوو، ڕیشیشی بژ بووبوو. نیگام لا دا و ئیتر زاتم نەما چاو لە ڕووی خەڵکدا هەڵبهێنم.

بیرم کردەوە: ئەگەر ئادێلمە شارێکە خەوی پێوە دەبینم و هەر مردوو لە مرۆڤ دیار دەخات، خەونێکە دەمترسێنێت. ئەگەر ئادێلمە شارێکی ڕاستینەیە و زیندووی لێ نیشتەجێن، مرۆڤ هەر ئەوەندەی بەسە باش لە ڕوخسارەکان ورد ببێتەوە تا ئیتر لێک نەچن و دیار بکەون هەر ڕووی بێوارەن و ڕەنگی خەم و پەژارە دەدەنەوە. بەڵام ئەم بارە هەرچۆنێک بێت لەوە باشترە کە سەیریان نەکەیت.

ژنێکی سەوزەفرۆش سەلکەکاهوویەکی بە قەپان کێشا و لە سەبەتەیەکی نا کە کچێک لە بانێژەیەکەوە دایکێشابووە خوارەوە. کچەکە بە کچێکی وڵاتەکەم

دەچوو کە شـێتی کەسـێک بوو و خـۆی بۆ کوشت. ژنە سـەوزەفرۆشـەکـە کە سەری هەڵبڕی بینیم دایکی باوکمە.

بیرم کردەوە: بە ژیانی هەمـوو کەسێکدا ئەو ترووکەساتە دێت کە لێیدا بۆی دەردەکـەوێت لەنێـو ئـەو هەمـوو کـەسـانـەی ئاشـنـایان بووە، مـردووەکـان لە زیندووەکان گرینگترن. هەست و هۆشی مرۆڤیش ڕەنگی تر و شێوەی تر ڕەت دەکەنەوە، بۆ هەمـوو ڕوویەکی نوێ کە مرۆڤ دەیانـبینێت یاد نەسەنە کۆنەکان دادەهێنێـتـەوە و بۆ هـەر ڕوویەکیـش ئەو دەمـامکە دەبینێـتـەوە کە باشـتـر لێی دەوەشێتەوە.

بارهەڵگرەکانی بەندەرکەیش کە بە ڕیز مـلیان لە پلیکانەکانی بەرەو سەرەوە نا، لـە ژێر دەمـــەجـانـە و بـۆشکەکـانـدا کـوورِ بووبوونـەوە و باشـــڵـوخ ڕووی داپۆشـــیـــبـــوون. بە هـەناســـەی ســـوار و هـەم ترســـەوە بیـــرم برد: ئـەوەتا باشـڵۆخـەکانیان هەڵدەماڵن و منیش وا دەیانناسـمـەوە. بەڵام چاوم لێیـان لا نەدا. هێشـتا نیگای تەواوم نەگێڕابووەوە سەر ئاپۆڕەی ئـەو خەڵکەی ڕژابوونە جـادە بەرتەسکەکانـەوە، تا هەسـتم کـرد ڕووی کـتـوپڕ بە گـژمـدا دێن کـە لە ڕابردووەوە دەردەکـەون و بە جـۆرێک لێم ورد دەبنـەوە تا بمهـێننە ســەر ئەو بارەی کە بیـانناسـمـەوە یان بۆ ئەوەی بمناسنەوە. دوور نەبـوو من بەلای یەک بە یەکی ئەوانەوە کـەسـێک بـووبم وەک کـەسـێکی مـردوو چووبم. مـن هـەر لەو کاتەدا گـەیشـتـبـوومـە ئادێلمـە و دەسـتـبـەجێ یەکێکی ئەوان بووم و بۆ بەری ئەوان پەڕیبوومەوە و، نقوومی ئەو شەپۆلەی چاو و مۆرە و خێسەیە بووبووم.

بیـرم کردەوە: لەوەیە ئـادێلمـە ئەو شـارە بێت کـە مـرۆڤ دەمـرێت ڕووی لێ دەنێت و هـەر لەوێ ئەو هەمـوو کەسـانە دەبینێتـەوە کە جاری جاران ئاشنایان بووە. هـەر ئـەمـەیشـە لێـمی سـەلماندووە کـە منیش مـردووم. بیـریشـم زیاتری بردم: لێیشم ئاشکرا بووە کە ژیانی دوور لەم ژینە خۆش نییە.

لە یودۆسـیـە، کـە بە جـادەی بەرتـەسکی پـەپکەخـواردوو، پلیکانـە، کـۆلآنی بنبـەست و کـەلاوەدا سـەرەوژوو و سـەرەوژێر پـەل دەهاوێت، مـافـوورێک پارێزراوە کە بۆتی دەرەخسێت سـەرنجی نەخشی شێوە ڕاستینەکەی شار بدەیت. لە یەکەمین چاوپێکگێڕاندا هیچێک نییە لە یودۆسیە نەچێت نەخشی مافوورەکەیان لێ بترازێت. هەموو شتێک لە کلێشی چەپ و ڕاستی وا نراوە کـە بە درێژاییی هێـڵی ڕاست یان بازنـەییـدا بابەتـەکـانـی خـۆیان دووپات دەکەنەوە. نەخشی مافوورەکەیش بە بەنی وا ڕەنگڕۆشن چنراوە کە بۆ مرۆڤی هەموار دەکات بە تان و پۆیدا شوێنی گۆڕانەکەی بکەوێت. بەڵام ئەگەر بواری خۆت بدەیت بە ورياييیەکی زۆرەوە لە مافوورەکە بڕوانیت، لەوەیە بەو باوەڕە بگەیت کـە هەر نەخـشـێکی مـافـوورەکـە لەگـەڵ شـوێنێکی شـارەکـەدا یەک دەگرێتەوە و، هەر شتێکیش کە لە شارەکەدا هەیە لە نەخشەکەیشدا ئارایە و جێی هەموو شتێکی بەپێی پێوەندییە ڕاستینەکان دیاری کراوە کە لە نیگات دەترازێن، چونکە هـاتوچۆ و ئاپۆڕەی خـەڵک و قـەرەباڵغـیـیـەکی ترسـێنەر دەیشێوێنن. ئەم بشێوەیەی ئودۆسیە: ئەو هەموو بەرزەولآخانە، دووکەڵی توون و بۆی گـەنی مـاسی، ئەو شـتـانەیە لەو سـەرنجـە کـورتانەدا تێ دەبینیت کـە دەیانگریت. بەڵام مـافـوورەکـە خـاڵێکت پێـشـان دەدات کـە شـار بـەشـە ڕاستینەکانی خۆی: ئەو خشتە ئەندازەییيەی لێیدا دیار دەخات کە لە یەک بە یەکی بچووکترین توخمە پێکهێنەرەکانیدایە.

ڕێونکردن لە یودۆسیە ئاسانە، بەڵام کە لە مـافوورەکە ورد دەبیتـەوە ئەو جادەیەی سـۆراخیت دەکرد، وەک بەنێکی سووری کاڵ یان مۆر یان سوورێکی تێر دەبینیتەوە کە بە پێچێکی درێژدا بۆ ناوچەیەکی پاوانکراوی ئەرخەوانیی

وات دەبات کــە هــەر ئەو شــوێنەیە دەتویست بۆی بچـیت. هەر کــەســێکی یودۆسیـە وێنەی خۆیی شارەکە و خـەمی خۆی لەگەڵ پوختـەکارییە ڕەختـەکەی مــافـوورەکــەدا بەراورد دەکــات و هەمــوو کــەســێکیش باری دێت وەڵامــێک، سـەرگورشـتـەی خۆی، وەرچـەرخانی چارەنووس بـدۆزێتەوە کە لەنێـو نەخش و نیگارە ئیسلامییەکاندا شاردراونەتەوە.

دەربارەی پێـوەندییـە پڕ لـە ڕازەکەی نێـوان دوو شـتـی هێند جـیـاوازی وەک مــافـوور و شــارەکــە، پەنا بـۆ دوابینێک برا. یەکـێکی ئەم دووانەیش کـە بە وەڵامەکە دانرا نەخش و شێـوەیەکی هەیە کە خوداوەندەکان بە هەسارە و ئەو خـولکانەیان داوە کـە دنیـاکـانیـان پێدا دەسـووڕێنەوە. ئەوی تـریان وەک هـەر کارێکی تری دنیایی وێنەیەکی زڕی ئەوەی پێش خۆیەتی.

دوابینەکـان لە کۆنەوە باوەڕیان وا بووە کـە نەخشـەسازەکەی مـافـوورەکە کرێکی خوداییە، هەر لەسـەر ئەم باوەڕەیش پێشبینییەکەیان لێک درایەوە و هیچ ناکۆکییەک لەم بوارەدا نەکەوتـەوە. بەڵام تۆ دەتوانیت هەر بەم ڕێبازە دوا ئەنجامێکی تەواو پێچەوانەی بگریت؛ کە نەخشـەی ڕاستینەی دنیا ئەو شارەی یودۆسـیەیە کە بە ڕاسـتی وایە: پەڵەیەک کە بێ شـێوە بـەرین دەبێتـەوە و لێیدا هەمــوو جــادەکــان پێچ دەخــۆن و خــانووەکــان بە ســووتمـان و هاواری نێــو تاریکییەوە لەنێو خاکە و خۆڵدا بەسـەر یەکدا دەڕووخێن.

– ... سەفەری تۆ کەواتە بە ڕاستی سەفەرێکی نێو بیرەوەرییە! بە گوێی تەواو هەڵخستوویەوە خانی مەزن هەموو جارێک کە دەنگێکی تاسەباری لە چیرۆکەکانی مارکۆ پۆلۆدا تێ دەبینیت، لە دیلەکانەکەدا لەرزی پێدا دەگەڕا. خان دەنگی هەڵهێنا: "بۆ ئەوەی باری دوورەوڵاتیت لە شان سووک بێت بەم ئەمەندەیە دوور کەوتوویتەوە!" یانیش گوتی: "تۆ لە پشکنینەکانتەوە بە عەمباری تاسەبارەوە دێیتەوە!" بە تەوسێکی زۆریشەوە گوتی: "ڕاستیت دەوێت ئەمە سەودایەکی ئەوتۆ نییە لە بازرگانێکی سێرێنیسیما بوەشێتەوە."

هەر پرسیارێکی کوبلای کە ڕابردوو و داهاتووی دەگرتەوە، هەر ئەمەیان مەبەست بوو. ئەمەیش ماوەی سەعاتێک دەبوو هەروەک کتک بە مشک، خان گەمەی پێ دەکرد. دواییەکەی تەنگەی تەواوی لە مارکۆ هەڵچنی و خۆی بەسەریدا کێشا و ئەژنۆیەکی بەسەر سینگیدا دا و کە چنگی لە ڕیشی مارکۆ گرت، گوتی: "دەبێت ئەمەیانم بۆ بدرکێنیت: ددانی پێدا بنێ و بڵێ بزانم چی لەگەڵ خۆت بە قاچاخ دەهێنیت، خولیا، بەهرە، لاواندنەوە؟"

لەوانەیشە هەر وشە و کردەوە بووبن بیریان بۆ بردبن کاتێک هەردووی بێدەنگ و جووڵە سەرنجی دووکەڵێکیان دەدا بە شێنەیی لە مۆدنەکانیان دەترازا. جار هەبوو سۆزەی بایەک هەوری دووکەڵی دەڕەواندەوە، جاریش هەبوو لە هەوادا دەمایەوە و وەڵامیش لەو هەورەدا گیر دەبوو. کە بایش دووکەڵەکەی برد مارکۆ بیری بەلای مژێکەوە بوو زەریا و چیا لە تەم دەنێت و کە دەڕەوێتەوە هەوا وشک و تەنک دەبێت و شاری دوور دیار دەکەوێت. هەر پشتی ئەم تەمە تەنکەیش بوو نیگای مارکۆ بە تەمای پێگەیشتنی بوو: شێوەی شت لە دوورەوە باشتر دیارە.

یانیش دووکەڵەکە سەنگەڵ و خاو دەوەستا کاتێک لە لێو دەترازا خەیاڵێکی

تری دادەهێنا: ئەو هەڵم و هەڵاوەی کە دەنیشنە سەر سەربانی شارە گەورەکان و ئەو دووکەڵە چڕەی کە ناڕەوێتەوە و ئەو تارا ژەهراوییەی کە سەری جادەی قیرتاو دەپۆشێت. ئەمەیش نە تەمی تەنکی بیرەوەرییە نە تەنکییە وشکەکەیەتی، بگرە پاشماوەی ژیانێکی سووتێنراوە کە بەسەر شارەکانەوە قەتماخە دەهاوێت و ئیسفەنجێکە ماکی زیندەڵ هەڵدەمژێت کە لە جووڵە کەوتووە. ڕابردوو، ئێستا و داهاتوویش کەڵەکە دەبن و ڕێی ئەو بوونانە دەگرن کە لە خەیاڵی دەربارەی جووڵەدا وشک بوون؛ تۆ ئەمەت دوای سەفەرەکە بۆ دەرکەوت.

# حەوت

کوبلای: "نازانم چۆن توانیوتە سەر لەو هەموو وڵاتانە بدەیت کە بۆمیان باس دەکەی، هەست ناکەم ئەم باخەت بۆ جارێکیش بە جێ هێشتبێت."

پۆلۆ: "هەر شتێک کە دەیبینم و دەیکەم لە دنیایەکی بیرکردنەوەدا مانای خۆی دابین دەکات کە هەر ئەم هێمنییە، هەر ئەم نیوەنسارە و ئەم هەمان بێدەنگییەی لێ هەموارە، هاشەی دەماودەمی گەڵا نەبێت کە بەر بای گوێ دەکەوێت. لەو ترووکەساتەیشدا کە بیری وردی بۆ دەبەم هەموو جارێک خۆم لەم باخە و لەم کاتەی ئێوارەیە و لە ئاست ڕووی سامداری ئێوەدا دەبینمەوە و سەرەڕا بێ وچانی یەک ترووکەسات دوای ڕووبارێک دەکەوم تمساح سەوزی داگەڕاندووە، یان خەریکم بۆشکە و شۆرەماسی دەژمێرم کە بۆ عەمباری کەشتییەک شۆڕ دەکرێنەوە."

کوبلای: "منیش دڵنیا نیم لێرەم، کە لێرە و بەنێو فوارەی مەڕمەڕدا دێم و دەچم و گوێ لە پرشەی ئاویان دەگرم. ڕەنگە لە نووکی لەشکرەکەمدا سوارەی خەڵتانی خوێنی وشک و شەلاڵی ئارەقەم و وڵاتی وا داگیر دەکەم کە تۆ دوایی بۆمیان باس دەکەیت، یان پەنجەی دەستی هەڵمەتهێنەکان دەپەڕێنم کە هەوڵ دەدەن بە شوورەی قەڵایەکی گەمارۆدراودا هەڵبگژێن."

پۆلۆ: "لەوەیە ئەم باخە هەر لە سێبەری پێڵووە دادراوەکانماندا هەبێت و لەوە نییە دوایی تەواومان بەوەی ترمان هێنابێت: کە تۆ لە مەیدانی شەڕدا تۆز و خۆڵ بە هەوادا هەڵدەپرژێنیت و من لە بازاڕە دوورەدەستەکاندا سەودای خورجی پڕ لە ئاڵەت دەکەم. بەڵام هەموو جارێک کە لەنێو گوڕە و ئاپۆرەی خەڵکدا چاو لێک دەنێین، ئەوەندەمان پێ دەبڕێت کە لە بەرگی هەورێشمدا تەک بدەینە ئێرەوە تا بیرێک بۆ ئەوە ببەین کە دەیبینین و

دەیئـەزمـووین: کـە دوا ئەنجـامـەکـانی بگرین و لە دوورەوە سـەرنجی هـەمـوو شتێک بدەین."

کـوبلای: "ڕەنگە ئەم لێدوانەی ئێـمـە دوو گـەدا بە نازناوی کـوبلای خـان و مـارکۆ پۆلـۆ بیگێـڕن کە دەسـتیـان لە کـەڵەکـەیەکی زبڵ وەرداوە و سـواڵەتی ژەنگاوی و شـڕەکـۆنە و لەتەکـاغـەز گـرد دەکـەنەوە. کـە بـە یەک دوو بینـی شـەرابێکی هەرزانیش سـەرخـۆش دەبن، سـەرپاکی گـەنجینـەی ڕۆژهەڵات بە دەوری خۆیانەوە دەبینن بریسکەی دێت."

پۆلۆ: "لەوەیە یـەک ناوچەی ئەم دنیـایە مـابێت کەڵەکەی زبڵ دایپۆشـیـبێت، بەڵام باخی ئاوێزانی کۆشک و تەلارەکەی خانی مـەزنیش هـەیە کە هـەر پێڵووی چاوی ئێمەیە لێکیـان جیا دەکاتەوە، ئەگەرچی کەس ناتوانێت بڵێت کامیان لە پێش و کامیان لە پشت پێڵووەکانماندایە.

## شارەکان و چاوەکان ٥

پاش ئەوەی مرۆڤ ڕووبارەکە دەبڕێت و دەرووەکە تێ دەپەڕێنێت، یەکەوڕاست شاری مۆریانەی لێ دیار دەکەوێت کە دەروازە مەڕمەڕەکانی لەبەر تیشکی خۆردا بریسکەیان تێ دەکەوێت و کۆڵەکە مەرجانەکانیشی سەردەروازەی وایان بەرز ڕاگرتووە مەڕمەڕی ڕەگسەوز نەخشی تێ خستوون. کۆشکە بلوورەکانی مۆریانە وەک ئەستێلی ماسین کە لێیاندا کچی سەماکاری پەڕەکە زیوی وەک لالەی زەریا، لەبەر ڕۆشناییی ئاوێزەدا مەلە دەکەن. ئەگەر ئەمە یەکەم سەفەری ڕێبارەکە نەبێت، دەزانێت شاری وەک مۆریانە ڕوویەکی شاراوەیشی هەیە، مرۆڤ بەسیەتی نیو سووڕ بکاتەوە تا چاوی بە ڕووە شاراوەکەی شار بکەوێت: گەڕەکێک بە بەنگەڵەی ژەنگاوی و تەلیس و تەختەوە کە مێخ جنجری کردووە و لوولەیش ڕەشایی تەنیی لێ نیشتووە و کەڵەکەی قوتوو و دیواری ئاگربڕێش کە نووسراوی سەریان کاڵەوە بووە و کورسیی شکاو کە پووش و سەمەلەی ناواخنیان نەماوە و پەتیش بۆ خۆهەڵواسین بە دارەڕای قرچۆکدا نەبێت کەڵکیان بڕاوە.

لەم سەریەوە تا ئەو سەری وا دەزانیت شار لە هەموو سیلەیەکەوە یەکەیەکەی وێنەکانی خۆی دووپات دەکاتەوە، بەڵام هیچ لە هیچیان جیاواز نییە و وەک پەڕەی کاغەز، وێنەیەک بە ڕوویەکیەوە و وێنەیەکی تر بە ڕووەکەی تریەوە، لە بەرێک و پشتێک پێک دێت کە ئەگەرچی لێک ناکردرێنەوە، نێوانیان نییە.

## شارەکان و ناو ٤

کلاریس کە شارێکی شکۆمەندە، مێژوویەکی پڕ لە خرۆشی هەیە. ئەم شارە گەلێک جار کاول بووە و گەلێک جاریش سەرلەنوێ گەشەی سەندووە. هەموو جارێکیش یەکەم کلاریسی بە سەرمەشقی تاکانە و پرشنگداری خۆی گرتووە. جا ئەگەر لەگەڵ ئەمەی بەرانبەر بکەین باری ئێستای شارەکە لە ئاخهەڵکێشانی تر بەولاوە هیچێک بەرپا ناکات کاتێک چارەنووسی دەچەرخێت.

لە سەدە و ساڵانی کاولبوونیدا کە ڕشانەوە خەڵکی لە شار قڕ کرد، ڕووە هەرە بەرچاوەکەی، بە دارمانی دار و پەردووی و بە زەویلەرزە و سەتمانی، نەدارییەکی زیاتری پێوە دیار کەوت، چونکە یان بەرپرسی چاودێری نەبوون یان هەبوون، بەڵام لە خەمی شارەکەیاندا نەبوون. دوایی ئەو خەڵکەی ڕزگاریان هاتبوو و لە کون و بنەبانان دەرکەوتن و لەنێو شار نیشتەجێ بوون، زۆری نەکێشا وەک ڕەوەمشک تێک بەربوون. سا حەزی مشاندن و هەڵقرتاندن هانیانی دابێت یان وەک باڵندە کە هێلانە دەکەن، حەزی هەڵکڕاندن و پێکەوەنان پاڵیانی نابێت، هەڵمەتیان بۆ هەموو شتێک برد کە دەکرا لە جێی خۆی بچوێنرێت و بۆ جێیەکی تر ڕابگوێزرێت تا کەڵکی تری لێ ببرێت. جا پەردەی سوورمەهۆن سەردۆشەکیان لێ دروروا و خاکەدان ڕەیحانیان لێدا چێندرا و شیشەبەندی دەستکردی بەرانبەر پەنجەرەی ژووری ژنانیش بۆ برژاندنی چەقەگۆشتی پشیلە لەسەر ئاگری تەختەداری نەخشین بە کار بردران. لە سواڵەتی تاکەوتاکی کلاریسە کۆنە کەڵکبڕاوەکەیش کلاریسی ڕزگار شێوەی گرت کە سەرلەبەری کەوێڵ و کەلاوە و چڵکاو و کونی کەروێشک بوو. سەرەڕای ئەم هەمووەیش هیچێکی پرشنگە کۆنەکەی کلاریس

لەنێو نەچوو، بگرە لەو نێوەدا مایەوە و بە جۆرێکی تر ڕێک خرا، بەڵام هێشتا وەک جاران لە بارێکدا بوو لەگەڵ داوای خەڵکەکەی یەک بگرێتەوە.

سەردەمی نەداری سەردەمی دراوداریی بە دوادا هات: کلاریسێکی نوێ وەک پەپوولەیەکی باڵنەخشین لە پیلە کاولەکەی کلاریس سەری دەرهێنا. دارایییە نوێیەکەیش شارەکەی لە کەرەستەی ساختمانسازی و شتی نوێ نا. خەڵکی نوێی دەرەکی باریان بۆ کرد و هیچ و هیچ کەسێک هیچێکیان بەسەر کلایسە نوێ یان کلاریسە کۆنەکانەوە نەما. کلاریسە نوێیەکەیش تا زیاتر جێی کلاریسە کۆنەکانی دەگرتەوە و ناوەکەیانی داگیر دەکرد، بۆ مرۆڤ ڕوونتر دەبووەوە چۆن شارەکە لەو هەمووە دوور دەکەوێتەوە و وەک مشک و ملەی بەهەڵپە دەم لە توناکردنی دەنێت. ئەگەرچی خەڵک شایی بەم شەنگییە نوێیە دەهات، مرۆڤ لە تەهی دڵەوە خۆی بە بێوارە، بە غەوارە و بە داگیرکەر دەزانی.

سا سەرلەنوێ سواڵەتی شکۆمەندییەکەی پێشوو کە ڕزگار کرابوو کەڵکی نوێ و کەمتری لێ کەوتەوە. ئەم سواڵەتانە لە جام نران، لە سندووقدا گاڵە دران و لەسەر سەرینی مەخمەڵ دانران، بەڵام نەک بۆ ئەوەی جارێکی تر خزمەتی مەبەستێک بکەن، بەڵکە بەو شتانە شارێک ساز بکرێتەوە کە هیچ کەس هیچێکی لەبارەوە نەدەزانی.

لە کلاریس کاولبوونی نوێ و سازبوونەوی نوێ بە شوێن یەکەوە هاتن و گەلێک جار دانیشتووی نوێ و نەریتی نوێ جێی یەکتریان گرتەوە و لە ناوەکەی و شوێنەکەی و ئەو شتانە بەولاوە، کە بە کەس وردوخاش نەدەبوون، هیچی تری نەما. هەموو کلاریسێکی نوێ تەنێکی زیندووە کە بۆن و هەناسەی خۆی هەیە و هەموو شتێکی پێشینانی لەتوپەت و مردوو وەک خشڵ دەخاتە ڕوو. کەسیش نازانێت کەی ئەم سەرکوڵە کەونارایانە هێشتا لەسەر کوڵەکەکانیان بووە. مرۆڤ بیری هەر بۆ یەکێکیان دەچێت کە ساڵانێکی زۆر سەبەتەیەکی لەسەر بووە مریشکی لێدا کڕ کەوتووە و لەوێوە بۆ مووزەخانەی سەرکوڵە براوە و لەگەڵ سەرکوڵەکەی تردا پارێزراوە. ڕیزبەندیی سەردەمە

جیـاکـانیش هێـشـتـا نەزانـراوە: مـرۆڤ بە گـشـتی لای وایە کـلاریسـێکی بنچینەییی هەبووە، ئەگەرچی هیچ بەڵگەیەکی نییە. سـەرکۆڵەیش لەوەیە هەر لە کولانەکانی مریشکدا بووبن نەک لە پەرستگەکان و خاکەدانی مەڕمەڕیش بۆ ڕەیحانەچاندن بە کار بردرابن، بەر لەوەی خاکەی مردوویان لێ نرابن.

مـرۆڤ بە دڵنیـاییـیـەوە ئـەمـەی بەلاوە ڕوونە: چەند شـتـێکی دیاریکراو لە سنووری سـەردەمـێکی دیاریکراودا دەگـوێزرێنـەوە. ئەم سـەردەمـە جـار هەیە گـەلێک شـتـی لـێ زیاد دەبێت، جـاری وایش هـەیە بەسـەر دەچێت بـێ ئەوەی هیـچی لێ بـە جێ بمێنێت. هـەمـوو جـارێکیش تێکەڵی یەکـتـر دەکرێن و دوایی هـەوڵ دەدرێت سـەردەمـە جیاکـانی پێکەوە بنرێت. پـێ دەچێت کـلاریس هـەمـوو کـات هـەڕەمەیەکی شـتی وردوخـاشی بێبـایی بووبێت: شـتـی وا کە بۆ مـاوەیەک پێکەوە نرابن و بە کەڵکی هیچێک نەمابن.

شار نییە لە یوساپیە زیاتر دانەویبێت تا چێژ لە ژیان بستێنێت و لەوەیش زیاتر لە سەرئێشە لا بێت. بۆ ئەوەی ڕێبازی ژینی ڕووەو مەرگ زۆر تیژ نەبێت، خەڵکەکەی کۆپییەکی ژێرزەوینیی کتومتی شارەکەی خۆیان ساز داوە. تەرمەکان وا وشکەوە کراون کە هەر ئێسکیان ماوە و پێستێکی زەردیان بەسەردا دراوە. ئەم تەرمانە بۆ خوارەوە دەبردرێن تا لە کاری ئاسایی خۆیان نەکەون. ئەم کارانەیش دیارە ترووکەساتەکانی بێخەمین: زۆربەی مردووەکان لە دەوروخولی مێزی ڕازاوەدا دادەنرێن یان لە باری سەماکردندا ڕادەگیرێن یان وەک کەڕەنا تێ بتوورێن. تەنانەت بازرگانی و ئەو پیشانەی زیندووانی یوساپیە خۆیان بۆ تەرخان کردوون، نموونەیان لە ژێر خاکیشدا هەیە، هیچ نەبێت ئەو کارانەی کە زیندووان بە خۆشیی خۆیان نەک بە ناخۆشی، ئەنجامیان داون: لەنێو هەموو کاتژمێرەکانی کارخانەدا کە لە کار کەوتوون کاتژمێرسازان گوێیەکی وەک خۆشە بە چاڵمەیەکەوە دەنێن کە فەرامۆش کراوە، بەربەرێک فرچەیەکی وشک بە ئێسکی ڕووی ئەکتەرێکدا دەهێنێت کە بە نۆرەکەیدا دەچێتەوە و کالانەی بێچاوی لە نۆرەنامەکەی گرتووە و کچێک بە کاسەسەرێکی گرژەوە کەلاکی جوانەگایەک دەدۆشێت.

بێگومان گەلێکی زیندووانی یوساپیە بە ئاواتی ژینێکی پاش مەرگەوەن کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ژیانی ئێستایاندا هەیە: شاری گۆڕەکان پڕ لە شێرکوژ و دەنگخۆش و بانککار و کەمانجەژەن و خانمەمیر و بەستۆکی دەربار و جەنەراڵ و گەلێک لەوانە زۆرترن کە شاری زیندووەکان لە ڕۆژی سەرەتاوە بە خۆیەوەی دیون.

ئەرکی ڕێنوێنیکردنی مردووەکان و دانانیان لە جێی دڵخوازدا بە کۆمەڵەی

برایانی ڕەبەن سپێردراوە و ڕێی کەسی تر نەماوە بۆ یوساپیەی مردووان شۆڕ ببێتەوە. هەر شتێکیش خەڵکی سەرەوە دەربارەی ئەم شارە دەیزانن، لە ڕێی ئەم ڕەبەنانەوە دەیزانن.

گوایە هەمان برایان لای مردووانیشدا هەیە و ئەندامەکانی ئامادەی ئەوەن یاریدە بدەن. ڕەبەنەکان تەنانەت دوای مردنیش لەم یوساپیەیەی تردا لەسەر ئەم ئەرکەی خۆیان دەڕۆن و خەڵک بەوە هەڵدەخڕێن کە کەسانێکی مردوو بە نێوان ئەم دوو شارەدا بێ وچان دێن و دەچن. ئەم دەسەڵاتی یەکگرتنەیش کە بەسەر یوساپیەی زیندووەوەیە بێگومان گەلێک گەورەیە.

ئەم ڕەبەنانە دەڵێن هەر جارێک بۆ یوساپیەی ژێر خاک شۆڕ دەبنەوە شتێک دەبینن کە گۆڕاوە: مردووەکان شتێکی نوێ لەگەڵ خۆیان بۆ شارەکەی خۆیان دەبەن کە لەوانەیە شتێکی ئەوتۆ نەبێت، بەڵام دیارە کە شتە نوێکە بیری باشی لێ کراوەتەوە و لە مگێزی کورتخایەن نەکەوتووەتەوە. دەڵێن کە ساڵ دێت و ساڵ دەچێت ئیتر مرۆڤ یوساپیەی مردووان ناناسێتەوە. زیندووانیش بۆ ئەوەی دوا نەکەون، دەیانەوێت ئەو هەمووە بکەن کە ڕەبەنەکان دەربارەی بیری نوێی مردووەکان باسی دەکەن. بەم ئاوایەیش یوساپیەی زیندووان بە ئەرکی خۆی داناوە کۆپییە ژێرزەوینییەکەی خۆی کۆپی بکاتەوە.

دەیشڵێن هەر ئێستا نییە کە ئەمەیان لێ پێش دێت: لە ڕاستیدا دەبوو مرووەکان بن ئەو یوساپیەیەی کە بەسەر ڕووی زەمینەوەیە، وەک کۆپییەکی شارەکەی خۆیان ساز دابێت. گوایە لەم جمکەشارەدا ئیتر بواری ئەوە نەماوە کە بۆت دیار بکەوێت کێ زیندووە و کێ مردووە.

لە بیرسەبیە ئەم ئەفسانەیە بەسەر زارەوەیە: بیرسەبیەیەکی تر بە ئاسمانەوەیە کە هەست و چاکەی هەرە بەرزی شارەکەی لێدا دەگەڕێن و ئەگەر بیرسەبیەی سەر ڕووی زەوی ئەوەی ئاسمان بە سەرمەشقی خۆی بگرێت هەردوو شارەکە تێکەڵی یەکتر دەبن. بەپێی دابونەریت بیرسەبیەکەی سەروو شارێکە لە زێڕێکی یەکجار زۆر ساز دراوە، گوڵمێخەکانی زیو و دەروازەکانی دوڕن و خشڵێکی بە گەوهەر نقێمی وایە کە هەر بە هونەرسازی و کەرەستەی گرانبایی دەکرێت. بە باوەڕی پتەو بەمەوە خەڵکەکەی ئەم شارە ڕێز لە هەموو شتێک دەنێن کە بیریان بۆ شارە ئاسمانییەکەیان دەبات: کانزای ڕەسەن و بەردی دەگمەن کۆ دەکەنەوە، لە خۆشیی کورتخایەن پارێز دەکەن و شێوەی لێکنراوی ئاڵۆز دادەهێنن.

بەڵام ئەم خەڵکەی لەو باوەڕەیشدان کە بیرسەبیەیەکی تر لە ژێر ڕووی زەویدا هەیە و شوێنێکە هەموو شتێکی بێبایی و ناپەسەندی لێ کەڵەکە دەکەن و سەرگەرمی تەواوی ئەوەن هەموو پێوەندی و لێکچوونێک بە جمگەشارە ژێرزەوینییەکەوە لەناو ببەن. مرۆڤ لەو باوەڕەدایە کە شارە ژێرزەوینییەکە لە جێی بنمیچ زبڵدانی سەرەوژێری هەن کە ڕێزەڵەی پەنیر، کاغەزی چەور، پاشماوەی ماسی، بەرماوەی چێشت، ورتکەی سپاگێتی و بەنی کۆنیان لێ هەڵدەڕژێت. یان ئەم ماکانە ئەو خڵتە ڕەش و خەست و خاوەن، کە لە کونێکی ڕەشەوە بە کونێکی ڕەشی تردا بەو ڕێیە درێژەدا دەڕژێتە نێو زێرابەوە کە لە هەناوی مرۆڤەوە دەست پێ دەکات تا لە قووڵاییی چاڵە ژێرزەوینییەکەدا شی دەبێتەوە و لەو کەڵەکە خاوەی ئەو ژێرەدا گردەشارێک بە بورجی لوولەوە، پێچ بە پێچ هەڵدەکشێت.

لەمـەدا کـە خـەڵکی بیـرسـەبیـە باوەڕیان پێـیـەتی هـەم ڕاسـتی و هـەم درۆ ئارایە. ڕاسـتـە شـارەکە دوو وێنەی خـۆی هـەیە: یەکێکی ئاسـمانی و یەکێکی ژێرزەوینی، بەڵام هـەرچییـەک پێـوەندیی بە بەشـەکانیـانـەوەیە مـرۆڤ لێـیدا بە هەڵەدا چووە. شـارە ژێرزەوینیـیـەکـە کـە لە ژێر بیـرسـەبیـەدا کـرێ کـەوتووە، شارێکە سـاختـمانسـازە هەرە ناودارەکان نـەخشـەیـان کێشـاوە و بە گرانتـرین کـەرەسـتـەی بـەردەست سـاز دراوە و هـەمـوو شـتـێکی، مـەکینە و کـاتژمـێر و چەرخی ددانـەداری لە گـۆڕ و تاو نـەوەسـتـاون. شـارەکە بە پەردە و سـوورمـە و ڕیشـووی وا ڕازێنراوەتەوە کە بە هـەموو بۆڕی و قەفیزێدا هـەڵواسراون.

بیـرسـەبیـە ورەی ئـەوەی بەر نـەداوە کـە لایـەنـی تاکـانـەی خـۆی بپـارێزێت و پێشی بخات. بە چاکیشی داناوە، با وەک خولیای تاڵیش بێت، دەست لە خۆی بەر نـەدات. کـەسـیش لێی ئاشکرا نـەبـووە کـە تاکـە تـرووکـەسـاتـەکـانی خـۆتـەرخـانکردنی بەخشندانە هـەر ئـەو سـاتـانەن کە خـۆی لە بیـر دەچێت، کە بـەری خۆی بـەرەڵا دەکات و دەست ناگرێتەوە.

بەڵام لە سـەرووی سـەرەوەی بیـرسـەبیـەدا تـەنێکی ئاسـمـانی دەگـەڕێت کە تیـشکی هـەمـوو شـتـێکی باشـی شـار دەداتـەوە و کـە لـەو گـەنجینـەیەدایە هـەر شتـی فـڕێدراو پێکەوەی ناوە: هـەسـارەیەک کە توێکڵـە پەتاتە، چـەتری شکاو، گـورەویـی فـڕێدراو دەیلـەرزێن و وردەی شـووشـە و دوگـمـەی ون و کـاغـەزەسـیـفـۆرن دەیبـرسکێن و بلیـتـی شـەمـەنـدەفـەر، نینـۆکی قـرتـێنراو، مێخەکەی پێست و توێکڵی هێلکە دایدەپۆشن. ئەمە شارە ئاسمانییەکەیە و لە سـەرووی ئاسـمـانەکەیشـیدا ئـەستـێرەی کلکدار دەگـەڕێن کە دەرهـاوێژراون تا لەو تەنیـا ئاسـمـانە ئازاد و بەختـەوەرەدا بـخـولێنەوە کە بە خـەڵکی بێرسـابیـە نـەبێت بە کـەسـی تر سـاز نادرێت: ئـەو شـارەی کـە هـەرکـە دەسـتـبـەرداری پاشـەڕۆکی خۆی دەبێت ئیتر پیسکە و چرووک و خۆخواز نییە.

## شاره بەردەوامەکان ١

شاری لیۆنیە هەموو ڕۆژێک خۆی نوێ دەکاتەوە: هەموو بەیانییەک خەڵکی شار لە پێخەفی خاوێن هەڵدەستن و بە سابوونێک خۆیان دەشۆن تازە لە بەرگەکانیان دەرهێنراون و جلی یەکجار نوێ دەپۆشن. لە سارنجۆکی سەیریش قوتووی سەرمۆر دەردەهێنن و هاوکات گوێ لە گرمەگرمی نوێباوترین ڕادیۆ دەگرن.

لە کیسە نایلۆنی بریقەداری گرێدراودا زبڵی ڕۆژی لەوەوبەری لیۆنیە، نەک هەر لوولەکەی گوشراوی هەویری ددان و گڵۆپی شکاو و ڕۆژنامە و قوتوو و فایبەر، بەڵکە ئاوکوڵێن و زانستنامە و پیانۆ و دەفری چینی لەسەر شۆستەکان چاوەڕێی ئۆتۆمبێلی زبڵ دەکەن. خۆشگوزەرانییەکەی لیۆنیە، باشتر لەو شتانەی کە هەموو ڕۆژێک بەرهەم دەهێنرێن و دەفرۆشرێن و دەکڕدرێن، دەشێت بەو شتانە بپێورێت کە هەموو ڕۆژێک فڕێ دەدرێن تا جێ بۆ شتی نوێ چۆڵ بکەن. ئەمەیش لە سات و ساڵی تردا تا ئەو ئاستە پێڕۆ دەکرێت کە مرۆڤ لەبەرخۆیەوە دەپرسێت: ئاخۆ ئارەزووی ڕاستینەی لیۆنیە هەر ئەوەیە کە مرۆڤ دەڵێت چێژ لە شتی نوێ و جیاواز وەردەگرێت، یان هەروەک کرێژێک لە خۆی بکرێنێت کە لێی هەڵدەداتەوە، فڕێیان دەدات و دووریان دەخاتەوە. دیارە زبڵماڵەکان وەک فریشتەی خودا پێشوازی دەکرێن و ئەرکیشیان کە دوورخستنەوەی پاشماوەی "بوون"ی ڕۆژی لەوەوبەری شارەکەیە، وەک نەریتێکی سامدار ڕێزی بێورتەی لێ دەنرێت یان کە شتەکان فڕێ دران ئیتر کەس نەیەوێت بیری بێنەوە.

زبڵماڵەکان باری ڕۆژانەیان بۆ کوێ دەبەن، شتێک نییە کەسی پێوە خەریک بێت: دیارە بۆ دەرەوەی شار کە شتێکی ئاشکرایە. بەڵام ساڵ بە ساڵ

شـارەکـە پـەرە دەبات و کـەڵەکـەی زبڵـیش دەبێت دوورتر بکەونـەوە. زبڵ زیاد دەکـات و کـۆزبڵـیش چین بـە چین کـەڵەکـە دەبن و بە ناوچـەیەکی بەرپـانتـردا بەرین دەبنەوە. بەم هەمووەیشـەوە دەکرێت بڵێین هونەرزانییەکەی لیـۆنیە تا لە بەرهەمـهێنانی شـتی نوێدا تاو دەگرێت، زبڵ هێزی بەرگرییـەکی زێدەتری تێ دەگـەڕێت و بەرگـەی کـات و با و باران و هـەڵتـورشــان و سـووتان دەگـرێت. ئەمـەیش دیواربەندێکی زبڵی توندوتۆڵە کە دەوری لیـۆنیـە دەدات و لە هەمـوو لایەکـەوە وەک کـۆسـار بەسـەر شـارەکـەدا بەرز دەبێـتـەوە و بەم ئـاوایە تەواو دەبێت: لیـۆنیـە تـا شـتـی زێدەتر فـڕێ بدات، زبڵ شـتـی پـتـر کـەڵەکـە دەکـات. توێکڵـی ڕابردوویشـی قـەڵغـانـێکی لێ پێک دێت کە مـرۆڤ لە بەری خـۆی پێی داناکەندرێت. کە شـاریش هەمـوو ڕۆژێـک خـۆی نوێ دەکـاتەوە، خـۆی هـەر لەم شـێوە جـێکەوتووەدا دەهـێڵێـتەوە: زبڵـی دوێنێ کە لەسـەر زبڵـی پێرێ و هـەمـوو ڕۆژ و سـاڵ و دەیەیەک چین دەبەستێت.

زبڵی لیـۆنیـە تا دەهـات هـەمـوو دنیـای دەگـرتەوە ئەگـەر لە سـەرپەڕی ئەم کەڵەکە بێکۆتاییانەی زبڵدا پاڵەپەستۆیەکی کەڵەکە زبڵی شـاری تر نەبووایە کە ئـەوانیش زبڵـی خـۆیان دوور دەخـەنەوە. دوور نـییـە هـەمـوو دنیـای دوور لە سنوورەکـانی لیـۆنیـە چاڵەزبڵ داینەپۆشـیـبێت. بە دووریش ناگـیـرێت هەر چاڵێکیان شـاری خـۆی لە نێوجـەرگـەی خـۆیدا هـەبێت و شـاریش لە دەردان دانەبڕێت. سنووری نێوان شارە لێکنامـۆن و دژمنەکانیش مـەتەرێزی گەنـە کە لێیدا زبڵی شارێک و زبڵی ئەوی تریان پشت بە یەکەوە دەدەن و بەسـەر یەکدا کەڵەکە و تێکەڵ دەبن.

زبڵـەکـان تا زیاتر کـەڵەکـە ببن مــەترسـیی دارمـانیـان زیاتر دەبێت کـە تەنەکەیەک، تایەکۆنەیەک، جامێکی پێپۆشە دڕاوی بەسە بە لای لیۆنیەدا خلۆر ببـێـتـەوە تا هـەرەسـێکی پێـلاوی تاکـەوتاک، ڕۆژژمـێـری پـار و گـوڵی سـیس شـارەکـە لە ڕابردووی خـۆیدا بتـاسـێن کە هـەوڵی بێـهـوودەی داوە لە خـۆی دووریان بخاتەوە و، کە ئێستا تێکەڵاوی زبڵی شاری خاوێنکراوی سەرسنوور دەبن. کـارەسـاتێک ئەم کـۆسـارە کـینبـزونە تەخت دەکـات و دوای ئەو شـارە

دەبڕێتەوە کە هەموو کات خۆی لە بەرگی نوێدا دەنوێنێت.

لە شارەکانی سەرسنووردا مرۆڤ خۆی تەواو ئامادە کردووە و بلدۆزەری لێ تاو داوە تا خاکەکەی تەخت بکات، پەل بۆ ناوچەی تر بهاوێت، پەرە بستێنێت و کەڵەکەزبڵی نوێ لە خۆی دوور بخاتەوە.

پۆلۆ: "... لەوەیە ئەم باخــە هەر لە گـۆمی بیـرەوەرییـەکـانی ئێـمــەدا ڕەنگی بەرهەیوانەکانی خۆی بداتەوە..."

کـوبلای: "... ئەرکی ئاڵۆزی ئێـمــەیش وەک چەتە و بازرگـان تا دوورتری بردین، ئەم سێبەرە بێدەنگەمان، ئەم لێدوانە وچاندارەمان، ئەم ئێوارەیەمان لە دڵی خۆماندا هەردەم زیندوو ڕاگرت."

پۆلۆ: "بەو مەرجەی گریمانەیەکی پێچەوانە نەخینە ڕوو: کە ئەوانەی لە هۆبەی بەرەی شـــەڕ و بەندەرەکـــاندا ئەرک بە خـــەرج دەدەن هەر بۆیە هەن چونکە هەردووکمان بیریان لێ دەکەینەوە و تاهەتایە ئەم قامیشەڵانە دەوری داون و بۆ تاهەتایشە جووڵەیان لێ بڕاوە."

کوبلای: "ئەگەر وایە ڕەنج و هاوار و برین و بۆنی گەن نەدەبوون و هەر ئەم ئەزالیایانەن کە هەن."

پۆلۆ: "کە بارهەڵگرەکان، بەردشکێنەکان، خاکماڵەکان، چێشتچییەکان کە هەناوی مریشک پاکەوە دەکەن، کاڵاکوتەکان کە بە کەناری گابەرددا دادێنەوە و کەیبانووەکان کە پلاو دەشێوێنن و هاوکات مەمکی کۆرپەکانیان دەدەن هەر بۆیە هەن، چونکە ئێمە بیریان بۆ دەبەین."

کوبلای: "لێتی ناشارمەوە کە من بیریان بۆ نابەم. "

پۆلۆ: "سا ئەگەر وا بێت، نین."

کوبلای: "من ئەمەیان بە گریمانەیەک دەزانم کە لێمان ناوەشێتەوە، ئەوان نەبوونایە ئێمە کەی وا دادەنیشتین و لە دیلەکانەکانماندا دەڕاژاین کە دەڵێیت پیلەی پەرژینکراون."

پۆلۆ: "جا دەبێت ئەو گریمانەیە ڕەت بکرێتەوە و ئەم گریمانەیە ڕاست بێت: کە ئەوان هەن نەک ئێمە."

کوبلای: "ئێمە سەلماندوومانە کە ئەگەر لێرە بووینایە لێرە نەدەبووین."

پۆلۆ: "بەڵام ئێمە بەڕاستی لێرەین!"

# هەشت

لە خوار تاراجی خانی مەزندا تەختی زەوییەک بەرین دەبێتەوە کە خشتی مەرمەڕی لێ گیراوە. لەسەر ئەو خشتانەدا مارکۆ پۆلۆی پەیامهێنی بێدەنگ نموونەی ئەو شتانەی خستە ڕوو کە لە سەفەرەکانییەوە بۆ سەرپەڕی سنوورەکانی خانەنشینەکەی هێنابوون: کڵاوخودێک، سەدەفێک، گوێزێکی هندی و باوەشێنێک. مارکۆ پۆلۆ کە شتەکانی لەسەر خشتە ڕەش و سپییەکاندا بە شێوەیەکی تایبەت ڕیز کرد و بە جووڵەی وردی وردەکار جێی گۆڕین، گەڕا بە بەرچاوی خانەوە گیان بەو ئاڵوگۆڕانانەدا بکات کە بە سەفەرەکانی و باری ئیمپراتۆریاکە و لایەنی باشی شارە بایەخدار و دوورەکاندا هاتبوون.

کوبلای شەترەنجزانێکی وریا بوو، لە ڕێی شوێنهەڵگرتنی جووڵەکانی مارکۆیشەوە بۆی دیار کەوت کە هێندێک شت شتی تری شان خۆیان بە مەرج دەگرن یان دەردەبوێرن و بە درێژاییی هێڵێکی دیاریکراودا ڕادەگوێزرێن. جا کە چاوی لە شێوەی جۆراوجۆری شتەکان پۆشی، جێیانی بەپێی پێوەندیی نێوانیان لەسەر زەوییە مەرمەڕەکە دیاری کرد و بیری برد: ئەگەر هەر شارێک دەستێک یاریی شەترەنج بێت، ئەو ڕۆژەی ڕێساکانم بۆ ڕوون دەبنەوە ئەو ڕۆژەیە کە ئیتر خاوەنی ڕاستینەی ئیمپراتۆریاکەی خۆمم، با بۆیشم نەڕەخسێت ئاشنای تەواوی هەموو شارەکانی ببم.

لە بنەڕەتەوە کەڵکی نەبوو کە مارکۆ کاتێک باسی شارەکانی بۆ خونکار ساز دەکرد، ئەم ڕێیە پڕ لە وردەکاری و ئاڵۆزانە بگرێتە بەر: تەختەیەکی شەترەنجی بە داشێکەوە بەس بوو کە شێوەیان ئاشنایە کە دەکرا مانای بەجێ بە هەموو داشێکی بدرێت: ئەسپێک دەشیا هەم ئەسپێکی ئاسایی بێت

هەم ریزێک گالیسکە، لەشکری سایەبەستوو، یان پەیکەری سوارێک. وەزیرێکیش دەکرا خانمێک بێت لە بانێژەدا خۆی دیار دەخات، فوارەیەک، کلێسەیەک بە گومبەزێکەوە تاج لەسەر بورجەکەی نرابێت، یان داری بەی.

کە مارکۆ پۆلۆ لە دواسەفەرەکەی گەڕایەوە خانی مەزنی بینی بە دیار تەختە شاترەنجێکەوە دانیشتووە. خان بە دەست خۆڵکی مارکۆی کرد بەرانبەری دابنیشێت و هەر بە داشەکان باسی ئەو شارانەی بۆ بکات کە سەردانی کردبوون. ئەم لاوە ڤینیسییە هۆشی لە دەست نەدا. داشەکان گەورە بوون و لە عاجی لووس تاشرابوون. جا کە قەڵای گران و ئەسپی سڵبردوو و ئاپۆرەی سەربازی سایەبەستووی لەسەر تەختە شەترەنجەکە دانا و لەگەڵ جووڵەی وەزیردا هێڵی ڕاست و لاری گرتە بەر، مارکۆ پۆلۆ لە شەوانی بەر مانگەشەودا، نەخشە و مەودای شاری ڕەش و سپیی کێشایەوە.

کە کوبلای سەرنجی ئەو دیمەنە تێکپەستاوە سروشتییانەی دا بیری لەو ڕێوشوێنە نادیارە کردەوە کە لە شارەکاندا زاڵە، بیری بۆ ئەو ڕێسایانە برد کە شێوەی سەرەتا و بنەتایان، کە گەشەبردنیان، کە گونجانیان لەگەڵ وەرزەکانی ساڵ، کە هەڵوەشانەوە و دواییەکەی کاولبوونیانی جڵەو کردووە. جار هەبوو لای وا دەبوو لە هەڵهێنانی ڕێزکێکی پێکهەڵپێک و سازی ژێر ئەو بێسەروبەری و ناسازییە زۆرە نزیک بووەتەوە، بەڵام هیچ نموونەیەکی لەگەڵ یاریی شەترەنجەکەدا بۆ بەراورد نەدەکرا. جا بۆ ئەوەی سەری خۆی نەئێشێنێت و بە یاریدەی کەمی داشە عاجەکان ئەندێشەی وا بەر نەهێنێت کە هەر فەرامۆشییان بەش بوو، لەوە بوو ئەوەندە بەس بێت کە بەپێی ڕێساکانی هونەری شاترەنجزانی دەستێکی تر یاری بکات و هەر جووڵەیەکی سەر تەختی شەترەنجەکە بە یەکێکی ئەو شێوە بێژمارانە بگرێت کە ڕێزکی شێوەکان لێکیان دەدات و دەیانشێوێنێت.

چیی تر کوبلای خان پێویستی نەبوو ئەرکی درێژخایەنی پشکنینی شاران بە مارکۆ پۆلۆ بسپێرێت. خان مارکۆی گل دایەوە بۆ ئەوەی یاریی دوانەهاتووی شەترەنجی لەگەڵ بکات. ئیتر زانیاریی دەربارەی ئیمپراتۆریاکە

لەو نەخشـەدا شـاراوە بوو کـە بازی ناکـاوی ئەسـپەکـە و کـە ئەو دەرووە خوارانەی بە بەر هێرشی فیلەوە والآ دەبوون و کە جووڵەی خاو و وریای شا و ئەو سەربازە لەخۆبوردەیە و ئەو هەموو بریتە سەرسەختەی هەر دەستێک شەترەنج دەیانکێشا.

خـانی مـەزن هەوڵی دا خـۆی بە یارییـەکـە دابنێت، بەڵام ئیـتـر هۆی یاریکردنەکەی لێ دیار نەمابوو. هەموو دەستێک یان بە بردنەوەیەک یان بە دۆڕانێک تەواو دەبوو، بەڵام دۆڕان و بردنەوەی چی؟ لەسـەر چی؟ کـاتێک دەستی برندە شا بە لادا دەخات، لەبەر پێیدا خانەیەکی ڕەش یان سپی دەمێنێتەوە. سا لەو ڕێیەوە کە بەری هێرشەکانی خۆی بگرێت نەوەک زیان بنێنەوە، کوبلای خان گەیشتبووە دوایین نۆرە، بە داگیرکردنە ڕەهاکە گەیشتبوو کە لێیدا گەوهەرە فرەڕەنگەکانی ئیمپراتۆریاکە لە پۆشەیەکی خاپێن بەولاوە هیچی تر نەبوون، لێیشیدا داگیرکردنەکە ئەوەندەی پارچە تەختەیەکی ساف و لووسی لێ هات کە لە هیچ کەمتر بوو.

ئیرێنێ ئەو شارەیە مرۆڤ لەو دەمەدا دەیبینێت کە خۆی بە لێواری بانووەکەدا و ڕێک لەو کاتەدا دادەهێنێتەوە کە چراکانی هەڵدەکرێن و، لە ناخی ئەو خوارە و تویێی هەوایەکی بێگەرددا کۆمای خانووەکانی شاری لێ دیار دەکەون: کویێی زۆرترین پەنجەرەی لێیە، لە کوێ پەل بۆ کۆڵانی نیوەتار دەهاوێت، لە کوێ سێبەری باخەکانی تاریک دەبن و لە کوێیشدا بورجە ئاورگەدارەکانی بەرز دیارن. ئەگەر ئێوارەکەی تەمومژ بێت تیشکێکی نەرم وەک قارچکی سپی لە خوار هەڵدێرەکانەوە دێت. ئەوانەی بە بانووەکەدا ڕادەبوورن، شوانەکان کە ڕان دەلەوەڕێنن، کۆتربازەکان کە بە دیار تۆڕەوە چاو دەگێڕن و ڕەبەنەکان کە کاسن دەچنن، هەر هەموویان سەرنجی ئەو خوارە دەدەن و دەم لە ئیرێنێ دەکوتن. جار هەیە با ئاوازی زیل و بەم، ڕەنگبارانی مووشەک لە ئاهەنگێکدا دەداتە بەر خۆی، جاریش هەیە دەستڕێژێک، تەقینەوەی ڕووەو ئاسمانی جبەخانەیەک کە بڵێسەی ئاگرێک زەردی هەڵدەگەڕێنێت شەڕی ناوەخۆ ناویەتەوە. ئەو کەسانەی لەو جێیەوە چاویان لەم هەموویە، مەزەندەی ئەو شتە دەکەن کە لە شارەکەدا پێش دێت و لەبەر خۆیانەوە دەپرسن ئاخۆ خۆش بێت یان ناخۆش کە ئەو شەوە لە جەرگەی ئیرێنێدا بن و ئەوەندەی هیچێکیش بیر نابەن کە مل لە ڕێی شارەکە بنێن ـ ئا، ڕێی ڕووەو دۆڵەکەیش یەکجار نالەبارن ـ بەڵام ئیرێنێ سەرنج و بیری ئەو کەسانە ڕادەکێشێت کە لەو سەرەدا ڕاوەستاون.

لێرەدا خانی مەزن وچان دەگرێت کە ئیرێنێ لە ناوەوە چۆنە مارکۆ وای بۆ بکێشێتە نێو باسەوە، بەڵام مارکۆ پێی ناکرێت، چونکە نەیڕەخساوە بزانێت ئەو شارە کامەیە کە خەڵکەکەی سەر بانووەکە بە ئیرێنێی ناو دەبەن. ئەمەیش

بایەخێکی زۆر کەمی هەیە: کە لە نێوجەرگەیدا بیت و چاوی پێدا بگێڕیت وەک ئەوەیە سەرنجی شارێکی تر بدەیت. ئیرێنێ ناوی شارێکی دوورەدەستی وایە کە ئەگەر لێی نزیک ببیتەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت.

شارێک بۆ ئەو کەسەی هەر ڕێی تێ دەکەوێت شتێکە و بۆ ئەو کەسەیش کە لێیدا دیلە و بە جێی ناهێڵێت شتێکی تەواوی ترە. ئەو شارەی کەسێک بۆ یەکەمین جار بۆی دێت شتێکە و ئەو شارەی کەسێک بە جێی دەهێڵێت و ئیتر بۆی ناگەڕێتەوە شتێکی تەواوی ترە. شاری وا لێیان دەوەشێتەوە ناوی جیایان لێ بنرێت و ئیرێنێیان لێ دەربچێت دوور نییە باسی هیچی ترم نەکردبێت.

## شارەکان و مردووەکان ٤

شتێک کە ئارگیە لە هەموو شارێکی تر جیا دەکاتەوە هەر ئەوەیە کە لە جێی هەوا خاکی هەیە. جادەکانی بە جارێک ژێر ڕووی خاک کەوتوون و ژوورەکانی تا بنمیچ لە قوڕ نیشتوون و لەسەر پلیکانەکانی پێپلەی چەپ و ڕاستی ئەمانەی ژێر خۆیان هەن و سەربانی ماڵەکانیشی چینی گرانی گڵەبەردیان، وەک ئاسمانێکی هەورین، لێ نیشتووە. جا ئەگەر خەڵکەکەی لەبەر ئەوەی گوزەرگەی کرمیان هڵۆڵ کردووە یان کەلەبەرێک کە مشک دزەی بۆ کردوون بۆیە دەتوانن پێیدا بێن و بچن، شتێکە ئێمەومانان نایزانین. شێی ئێرە لەش دادەهێزێنێت و پەکی دەخات، بۆیە بۆ ئەوان چاکتر وایە جووڵە نەکەن و لێی پاڵ بکەون، کە ئەوەندە تاریکە چاو تەنانەت چاویش نابینێت.

لە سەرەوە هیچێکی ئارگیە لە هیچ کەس دیار نییە. جار هەیە کەسێک دەڵێت "ئا لەو خوارەیە" و، هیچ کەسێکش بواری تری نییە مەگەر باوەڕ بە کەسەکە بهێنێت، کە هەمووی چۆڵە. تاریکییش کە دادێت ئەگەر کەسێک گوێ بە خاکەوە بنێت، لەوەیە دەنگی دەرگەیەکی بێتە بەرگوێ کە دادەخرێت.

## شارەکان و ئاسمان ٣

ئەو کەسەی دەگاتە تێکلە یەکجار کەمی شارەکەی پشت پەرژینی دار و تەیمانی تەلیس و ئەسکەلەی ساختمانسازی و شیشبەند و تەختەبازەکانی بەرچاو دەکەوێت کە بە گوریس هەڵواسراون یان بەسەر یەکەوگۆتەکە و پەتچنە و دارەرێیەکانەوەن. کە دەپرسیت بۆچی سازدانی تێکلە ئەم هەموو کاتە دەکێشێت؟ خەڵکەکەی لەسەر هەڵکێشانی سەتڵ و شۆڕکردنەوەی شاوڵ و هاوردن و بردنی فلچەی درێژ دەڕۆن و دەڵێن: "بۆ ئەوەی کاولبوونی دەست پێ نەکات". دەیشپرسیت ئاخۆ سڵی ئەوەیانە بەدەم ڕەوتی ڕۆژگارەوە شارەکە بەسەر یەکدا برمێت و کاول ببێت کە ئەسکەلەکانی ساختمانسازیی لێ لا دەبرێن؟ بە پەلە و بە دەنگێکی نەوی دەڵێن: "نەک هەر شارەکە."

کەسێکیش بەم وەڵامە دڵی دابین نەبێت و گوێ بە درزێکی پەرژینەکەوە بنێت لێی ئاشکرا دەبێت کە هەر بارهەڵبرە و بارهەڵبری تر هەڵدەبرێت، قالبە و لە پاڵ قالبی تردا دادەنرێت و کۆڵەکەیە و پشتی کۆڵەکەی تر دەگرێت. کەسێکیش بپرسێت: "مەبەست لەم ساختمانسازییەتان چییە؛ شارێک کە خەریکە ساز دەکرێت ئەگەر شاری لێ پێک نەیێت چی لێ هەڵدەکەوێت؟ کام نەخشەتان لەبەر چاو گرتووە؟ بیرتان بۆ چیی تر بردووە؟" دەڵێن: "هەرکە لە کاری ئەمڕۆمان دەبینەوە دیارتی دەدەین، بەڵام جارێ نابێت دەست لە کار بەربدەین."

کە خۆر بەرەو ئاوابوون دەچێت کار ڕادەگیرێت. شەویش، شەوێکی پڕ لە ئەستێرە، کە سەری ئەو شوێنە دەگرێت کارەکەی لێ دەکێرت، دەڵێن: "ئەمەی کە دەیبینیت نەخشەکەیە."

## شاره بەردەوامەکان ٢

کە لە ترودێ نیشتینەوە ئەگەر ناوی شارەکەم نەخوێندبایەوە کە بە پیتی هەراش نووسرابوو، وام دەزانی بۆ ئەو فرۆکەخانەیە گەڕاومەتەوە کە لێیەوە سەفەرەکەم دەست پێ کردبوو. ئەو گەڕەکانەی سەرپەڕی شار کە بە نێویاندا ڕابوردرام و خانووەکانیان زەرد و سەوز بوون، وەک یەک دەچوون. خەڵکیش نیشانەی وەک یەکی هاتوچۆیان ڕەچاو دەکرد و بە دەوری باخچەی وەک یەکی نێو خولکەی وەک یەکدا سووڕیان دەکردەوە. جادەکانی مەیدانی شار کەلوپەل و بەستەی شمەک و چاپی وای فرۆشگەیان نیشان دەدات کە هیچ لە هیچیان جیاواز نەبوو. من یەکەم جارم بوو سەردانی ترودێ بکەم، بەڵام میوانخانەکەی بڕیار بوو لێیدا بمێنمەوە، لێم ئاشنا بوو. من لەوەوبەر خۆم لە هەمان لێدوانی لەگەڵ کۆنەکڕ و کۆنەفرۆشدا دیبوو. ئەو ڕۆژانەیش کە وەک ئەم ڕۆژە دەچوون، وام بردبوونە سەر کە لە پشت جامی وادا بوو سەماکاری هەر وام دیتبوو سمت با بدەن.

لەبەر خۆمەوە پرسیم: "بۆ ڕێ بۆ ترودێم دەهێنێت؟" و ویستم دەستبەجێ لێی دەربچم.

پێیان گوتم: "کەی پێت خۆش بێت دەتوانیت بە جێی بهێڵیت، بەڵام دەگەیتە ترودێیەکی تر کە وردترین توخمیشی هەر بەم ترودێیە دەچێت. دنیا نیشتووەتە تاکە ترودێیەک کە نە سەری دیارە و نە بەر و ناوی فڕگەکانیان نەبێت هەموو شتێکیان وەک یەک دەچن. "

## شاره شاراوەکان ١

ئەو کەسـەی بەنێو ئولیندەدا پیاسـە دەکات و بە وریاییـیـەوە چاو دەگـێڕێت، دوور نییە لە جێیەکدا خاڵێک بدۆزێتـەوە کە لە سەرەسنجاقێک گەورەتر نییە. جا مرۆڤ سـەرنجی شارەکە، بە زەرەبینیش، بدات بنمیچـەکان، ئەنتێنەکان، گومبـەزەکان، باخـەکان، ئـەستێلـەکان، گوزەرگە درێژەکانی سـەر جادەکان، فرۆشگەی مـەیدانەکـان و گۆڕەپانی غاردانی ئەسپی لێدا نابینێت. بەڵام ئەم خاڵە وەک خـۆی نـامێنێت: سـاڵ بسـووڕێت لە مـرۆڤ ئاشکرا دەبێت خـاڵەکە ئەوەندەی نیـوەلێـمۆیەکی لێ هاتووە، دوایی وەک قـارچکێکی تەواو، دواتریش ئەوەندەی دەورییەک قـووڵ و ئەوپەڕەکەیشی ئەوەندەی شـارێکی شاراسـای نێو شـارەکەی پێشـووی لێ هـەڵکەوتووە: شـارێکی نوێ کە لەنـێو شـارەکەی پێش خۆیدا بەرین دەبێتەوە و ناچاری دەکات بداتە دەرەوە.

دیارە ئولیندە ئەو تەنیـا شارەیە کە وەک ڕەگی درەخت، کـە قەدەکەی هەموو سـاڵێک ڕەگـێکی لێ زیاد دەبێت، گـەو بـە گـەو پەرە دەبات. لـە شـاری تردا کـۆنەشـار بە شـوورەی تەنگ و بـاڵاخـانەی ڕووخـەی کـاتژمـێردار و بورج و سەربانی خشترێژ و کۆڵەکەکانییەوە هەر لە جەرگەیدا دەمێنێتەوە، لە کاتێکدا گەڕەکی نوێ وەک پشـتـێنێکی شل بە دەوریدا سگ دەدەنەوە. بەڵام لـە ئولیندە کـار بەم بارە نیـیـە: شـوورە پیـرەکـانی شـار فـراوان دەبنەوە و گـەڕەکـە کـۆنەکـانیش لەگـەڵ خـۆیاندا دەبەن کـە ئەگـەرچی بەرین دەبنەوە، ئەندازەی خۆیان لەسـەر سنووری شارەکە ناشێوێنن. ئەم شـوورە پیرانە دەوری گەڕەکی وا دەدەن کـە زۆر کۆن نـین، بەڵام ڕووبەریان بەرین دەبێتـەوە. خـەڵکەکـەیشی بڵاوە دەکـەن بۆ ئەوەی شـوێن بۆ گـەڕەکی نـوێ چۆڵ بکەن کـە لـە ناوەوە گـوشـاریـان هێنـاوە و، بەم ئاوایە بەردەوام دەبێت تا بە دڵی شـار دەگـات.

شاریش ئولیندەیەکی یەکجار نوێیە کە لە مەودا تەنگەکانیدا ڕوو و تینی ژینی یەکەم ئولیندە و ئەو هەموو ئولیندانەی وەک خۆی پاراستووە کە ئەمیان بەوی تریاندا سەری دەرهێناوە. لە چەقی نێوەندترین بازنە و گەویشیدا ئولیندەیەکی نوێ بەو هەموو ئولیندانەوە دەدەنە دەرەوە کە بە دوایەوە دێن، ئەگەرچی سەختی یەکجار سەختە لێکیان جیا بکەیتەوە.

خـــانی مـــەزن هەوڵی دا خــۆی بـە یارییـــەکـــە دابنێت، بـەڵام ئیـــتـــر هۆی یاریکردنـەکەی لێ دیار نەمـابوو. هـەمـوو دەسـتێک یان بە بردنـەوەیەک یان بە دۆڕانێک تـەواو دەبوو، بـەڵام دۆڕان و بـردنەوەی چی؟ لەســـەر چی؟ کـــاتێک دەسـتی برندە شـا بـە لادا دەخـات، لەبەر پێـیـدا خـانەیەکی ڕەش یان سـپی دەمێنێتـەوە. سـا لەو ڕێیەوە کە بەری هێرشـەکانی خۆی بگرێت نەوەک زیان بنێنەوە، کـوبلای خـان گـەیشـتـبـووە دوایین نـۆرە، بە داگـیـرکـردنـە ڕەهاکـە گەیشـتبـوو کە لێیـدا گەوهەرە فرەڕەنگەکـانی ئیمـپراتۆریاکـە لە پۆشـەیەکی خاپێن بەولاوە هیـچی تر نەبوون و لێیشـیدا داگیرکردنەکە ئەوەندەی پارچە تەختەیەکی ساف و لووسی لێ هات.

هـەر لەو دەمـەدا بوو کە مـارکۆ کەوتە گۆ: "تەختـە شـەترەنجـەکەت، گـەورەم، دوو جــۆرە داری تێک هـەڵکێــشــراوە؛ ئەبەنـۆس و ئەســپــیندار. ئەو پـارچە تەختـەیەی نیگای ڕوون و گەشی خۆت لێی گرتووە، لـە قەدی درەختێک بڕاوە کـە لە وشکەسـاڵێکدا هـەڵی داوە. ڕیشـاڵەکـانی دەبینیت چۆن ڕێک خـراون؟ لێرەدا مـرۆڤ جۆرێک چڵی بە ئـاستەم دیار تێ دەبینێت؛ گۆیکەی گـەڵایەک کە هـەوڵ بووە لە ڕۆژێکی گـەلێک زووی بەهـاردا چرۆ بکات، بەڵام شـەختـەی شـەو ڕێی گرتووە."

تا ئێستـا کوبلای خان بیری بۆ ئەوە نەچووبوو کە ئەم کوڕە نامۆیە بتوانێت بەو ڕەوانییـەی زمانی ئەو بدوێت، بەڵام ئەوەی کوبلای خانی سەرسـام کردبوو ئەمە نەبوو.

– لێرەدا کونێکی کەمێک گـەورە دەبینیت کـە لەوەیە کرمێک بە لانەی خۆی گرتبێت، نەک کرمی دار ئەگینا دەسبـەجێ کلۆری دەکرد، بەڵکە کرمێک کە لە گەڵاکانی دابێت و مرۆڤی ناچار کردبێت ڕێک ئەم دارە ببڕێتەوە... ئەم کیڕەش

دارتاشـێک بـه ئەسکەنه هەڵی کـۆڵیـوه تـا لەگـەڵ کـونجـه دەرپـۆقـیـوەکـەی چوارلاکەی تردا جێ بگرێت...

ئەو هـەمـوو شــتـانـەی کــه دەکـرا لـه تەخـتــەیەکی ســاف و لووســدا تێ بخـوێندرێنەوه، بینی کـوبلای خـانی گرتبـوو. بەڵام پۆلۆ چووبووه ســەر باسی دارستـانی ئەبەنووس و کەڵەکی پڕ له قـەدی لێکگرێدراوی درەخت که به ئـاوی ڕووباردا دێن و شـوێنی هـاتنه سـەر بەژ و ژنی پشت پەنجەره...

# نۆ

خانی مەزن ئەتڵەسێکی هەیە نەخشەی هەموو شارەکانی ئیمپراتۆریاکە و گشت شانشینەکانی دەوروبەری بە کۆشک و تەلار و جادە و شوورەی شار و ڕووبار و پرد و بەندەر و تاوێرەکانیانەوەی تێدایە. خانی مەزن چاک دەزانێت کەڵکی نییە بە دیار قسەکانی مارکۆ پۆلۆوە چاوەڕێی زانیارییەک بێت شتێک دەربارەی ئەو شوێنانەیان لێ هەڵبکرێنیت کە خۆی زۆریان لەبارەوە دەزانێت؛ بۆ نموونە کە لە خانبالوک، پایتەختی چین، سێ شاری چوارلایی هەن، ئەمیان لەنێو ئەوی تریاندا و هەر یەکێکی بە چوار پەرستگە و چوار دەروازەوە کە بەپێی کژ و وەرزەکانی ساڵ دەکرێنەوە. خانی مەزن دەزانێت چۆن یەکشاخەکانی دوورگەی جاوە بە شاخی کوشندە هەڵمەت دەبەن و چۆن مرواری لە زەریای کەناری مالابار دەردەهێنرێت.

کوبلای لە مارکۆ دەپرسێت: "ئەگەر ڕۆژێک بۆ ڕۆژاوا گەڕایتەوە، ئەوەی بۆ منت گێڕاوەتەوە بۆ خەڵکەکەی خۆتی دووبارە دەکەیتەوە؟"

مارکۆ دەڵێت: "من کەسێکم باس دەکەم و لەسەر باسی خۆم دەڕۆم، بەڵام ئەو کەسەی گوێم لێ دەگرێت هەر ئەو وشانەی بە بیردا دێنەوە کە لێیمیان چاوەڕێیە. ئەم باسکردنەی دنیایشم کە بە حەزی زۆرەوە گوێی خۆتی پێ دەدەیت شتێکە بۆ خۆی و، ئەو سەرگورشتانەیش کە دەربارەی سامان و داراییەکەم لەنێو کارگەرانی تابگە و گەمیەواناندا دەماودەم دەکرێن شتێکی ترە و، شتێکیش لە ساڵانی پیریمدا کە لەوەیە دایبدەم، ئەگەر دەریابڕی جەنەوایی دیلیان کردم و لە بەندیخانە و هەمان چاوەی کەسێکیان فڕێ دام ڕۆمانی گیانبازی بنووسێت، شتێکی تەواوی ترە. ئەو شتەیش کە لە کاتی گێڕانەوەدا بایەخی هەیە دەنگ نییە گوێیە."

– جاروبار وا دەزانم دەنگی تۆم لە جێیەکی گەلێک دوورەوە پێ دەگات کاتێک خۆم لەنێو ئێستایەکی وا بێوێنەدا دیل دەبینم کە بە کەس گوزەران ناکرێت و هەموو ڕێساکانی پێکەوەهەڵکردنی مرۆڤی لێدا گەیشتوونەتە دوا سنووری پێشکەوتنی خۆیان و، ئیتر کەس پێشبینیی ئەو شێوە نوێیانەی پێ ناکرێت کە دەشێت وەریان بگرن. لە دەنگی تۆدا گوێ لەو یاسا نادیارانە دەگرم کە شارەکانیان زیندوو ڕاگرتووە و کە ڕەنگە پاش نەمانیش زیندوویان بکەنەوە.

خانی مەزن ئەتڵەسێکی هەیە کە وێنەکانی، گۆی زەوی بە وشکانی و ئاوییەوە، کیشوەرەکان، کەوشەنی شانشینە زۆر دوورەکان، ڕێی کەشتیوانیی نێو زەریاکان، لێواری کەنارەکان، نەخشەی شارە هەرە ناودارەکان و بەندەرە زۆر دەوڵەمەندەکان دیار دەخات. خانی مەزن پەڕەکانی ئەتڵەسەکە لەبەر چاوی مارکۆ پۆلۆدا هەڵدەداتەوە بۆ ئەوەی زانیارییەکانی تاقی بکاتەوە. مارکۆی گەڕۆکیش کۆستەنتینە لەو شارەدا دەناسێتەوە کە بە سێ کەنار و درێژاییی تەنگەیەک و کەنداوێک و زەریایەکدا بەرین دەبێتەوە. مارکۆ بە بیریدا دێتەوە کە قودس لەسەر سێ چیای بە بەژن جیا و لە شانی یەکەوە هەڵکەوتووە. مارکۆ بێ ئەوەی سڵ ببات سەمەرقەند و باخەکانیشی پەنجەنیشان دەکات.

لەبارەی شاری ترەوە مارکۆ پەنا بۆ ئەو باسانە دەبات کە دەماودەم پێی گەیشتوون یان هەوڵی مەزەندەیەک دەدات کە سەر لە چەند ڕاستییەکەوە دەردەهێنێت: گەرناتە؛ گەوهەرە یەکدانە بریسکەدارەکەی خەلیفەکان و لوبێک؛ بەندەرێکی خنجیلانەی باکووری و تیمبوکتو کە بە ئەبەنۆس ڕەش و بە عاج سپییە و پاریس کە لێیدا میلیۆنان کەس هەموو ڕۆژێک بە سەموونی درێژ و باریکەوە سەر بە ماڵی خۆیاندا دەکەن. لە ورتکەوێنەی ڕەنگیندا ئەتڵەسەکە وێنەی ئاوەدانیی نائاسایی دەداتەوە: خەمرکێک کە لەنێو تەپۆڵکە گڵی بیاباندا حەشارە و هەر پۆپی دارخورماکانی دیارە دەبێت نەفتە بێت و، قەڵایەکی سەر لمستانێک کە مانگا دەمی لە شۆرەزارەکەی ناوە هەر دەبێت

مۆنت سانت میشێل بێت و ئەو کۆشکەیش کە لە جێی ئەوەی لەنێو شوورەی شارێکدا سەری هەڵبڕیبێت لەنێو دیوارەکانی خۆیدا شارێکی داڵدە داوە نابێت ئۆربینۆ نەبێت.

ئەتڵەسەکە وێنەی شاری وایش دەداتەوە کە نە مارکۆ نە شوێنناسەکان دەزانن هەن یان لە کوێ هەڵکەوتوون، بەڵام نابێت لەنێو شێوەکانی شاری شیمانەییدا نەبن: کوزکوییێک کە نەخشەکەی بە نیوەتیرە دابەش کراوە و ڕێزکێکی نایاب بە ئاڵوگۆڕ دەبەخشێت، مەکسیکۆیەکی سەوزی کەنار گۆمێک کە کۆشکی مۆنتێزوماسی لێ زاڵە، نۆڤگۆرۆدێک بە گومبەزی وەک پیاز و لاسایەک کە ساپیتەی سپیی سەربانەکانی بەسەر میچی هەورینی دنیاوە ڕادەگرێت. مارکۆ بۆ ئەمانەیش ناوی هەیە و گرینگ نییە چییە و ڕێ بەو کەسە نیشان دەدەن کە دەیەوێت بۆیان بچێت. هەموو کەسێکیش دەزانێت کە ناوی شوێنەکان ئەوەندەی زمانە نامۆکانی دنیان و دەتوانێت هەر کاتێک پێی خۆش بێت بە ڕێی جیاواز و شێوەی جیا، جا سوار بێت یان بار بکرێت، بە سەوڵ یان بفڕێت، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بچێت.

ـ لام وایە شارەکانی ئەتڵەسەکە لەو شارانە باشتر دەناسیت کە سەردانت کردوون. خونکار کە ئەمە بە مارکۆ دەڵێت کتێبەکە توندێک پێکەوە دەنێت.

مارکۆیش دەڵێت: "کەسێک کە ڕێی لێ بار بێت باش دەزانێت جیاوازییەکان کاڵ دەبنەوە: هەر شارێک ئیتر بە هەموو شارێک دەچێت، شوێنە جیاوازەکان شێوەی خۆیان، جێی خۆیان و مەودای خۆیان ئاڵوگۆڕ دەکەن و، خاکەیەکی بێشێوە لە کیشوەرەکان دەنیشێت. ئەتڵەسەکەی تۆ جیاوازییەکان: ئەم بژاردەیەی تایبەتمەندی کە وەک پیتەکانی ناو دەچێت، خۆیان چۆنن وایان دەپارێزێت."

خانی مەزن ئەتڵەسێکی هەیە کە نەخشەی هەموو شارێکی لێدا کۆ کراوەتەوە: ئەو شارانەی کە شوورەی خۆیان لەسەر بنگەیەکی توندوتۆڵ هەڵچنیون، ئەوانەی کە کاول بوون و لم قووتی داون، ئەوانەی کە ڕۆژێک لەو شوێنانەدا پەیدا دەبن کە کونی کەروێشک نەبێت هێشتا هیچیان لێ نین.

مارکۆ پۆلۆ نەخشەکان هەڵدەداتەوە و ئەریحا، ئوور و کرتاج دەناسێتەوە و ئاماژە بە تابگەکانی سەر ڕووباری مەندەریس دەدات کە لێیاندا کەشتیی ئاخایەکان دە ساڵی تەواو، تا ئەسپە دارینەکەی ئۆدیسە بە دەروازە بڵندەکەیدا کێشرایە نێو شارەکە، چاوەڕێی داگیرکەران مانەوە سەرلەنوێ سوار ببنەوە. بەڵام کە باسی ترۆیای هێنا و شێوەی کۆستەنتینەی پێ دا و پێشبینیی کرد چۆن بەرەی عوسمان بۆ چەند مانگێکی درێژخایەن داگیری دەکات، کە لەسەر فیلەکەی ئۆدیسە و لە تاریکیی شەودا کەشتی لە بوسپۆرەوە تا شاخی زێڕین دەبات و پێرا و گەڵەتە گەمارۆ دەدات. تێکەڵکردنی ئەم دوو شارە شارێکی تری نایەوە کە ناوی سان فرانسیسکۆی لێ نرا و کە پردی درێژ و سووکی بەسەر گۆڵدن گەیت و کەنداوەکەیدا ڕادەکێشێت و جێ بۆ ئاسنەڕێی خۆش دەکات بە شارێی تووشدا هەڵبکشێت. ئەم شارە لە هەزار ساڵی لەوەولا و دوای گەمارۆدانە سێسەد ساڵییەکە وەک پێتەختی زەریای هێمن پەرە دەبات و ڕەگەزی زەرد و ڕەش و سوور لە دەوڵەتێکدا کە بەری لە ئیمپراتۆریاکەی خان بەرینترە، ئاوێتەی ڕزگارانی ڕەگەزی سپی دەبن.

ئەتڵەسەکە خەسڵەتێکی تایبەتی هەیە: شێوەی ئەو شارانە ئاشکرا دەکات کە هێشتا نە شێوەیان گرتووە و نە ناویان لێ نراوە. ئەوەیان شارێکە کە وەک ئەمستردام دەچێت: کەمەیەکی ڕوو لە باکوور کە کەنداڵی وای هەن بڵقەبازنەیان تێ دەکەوێت؛ پرینسێنگراخت، کێیسەرگراخت، هێرێنگراخت. لەوێ شارێک هەیە وەک یۆرک کە لە نێوان خەلەنگەجاری بەرفرەدا هەڵکەوتووە و شووره دەوری داوە و بورج نووکی تێ هەڵکێشاوە. ئەوەیان شارێکە وەک نەوئەمستردام کە بە نیویۆرکیش ناوی دێت و ساختمانی سەرکەشی بلوور و پۆڵای سەر گۆمێکی نێوان دوو ڕووباری دڕ بە یەکەوە دەنێن و جادەکانی، برۆودوەییان نەبێت، وەک کەندی قووڵ دەچن و پێچ ناکەنەوە.

تۆماری شێوەکان دوایی نایێت: تا هەر شێوەیەک شاری خۆی دەدۆزێتەوە

شـاری تر پـەرە دەسـتێنێت. کاتێکیش شـێوەکان بنـەی عـەمـباری جـۆرەکان دەهێنن و شـی دەبنـەوە، ئیـتر سـەرەتای ئـەوەیە کـە شـارەکان سـەر لـە کۆتایی بنێن. لە دوا ڕووپـەڕەکـانی ئەتڵـەسـەکـەدا هـەر تۆڕی تـەنکی بـێ سـەرەتا و کۆتاییە؛ شاری وا کە لەسەر شێوەی لۆس ئەنجێلیس و وەک کیۆتۆ ـ ئۆساکا داڕێژراون، شاری بێشێوەن.

هەموو شارێک، بۆ نموونە لاودۆمیە، شارێکی تری لە شانە کە خەڵکەکەی هەر هەمان ناویان هەیە: ئەمەیان لاودۆمیەی مردووەکانە، گۆڕخانە. بەڵام بەهرەی تایبەتی لاودۆمیە بەو هێندەیە تەواو نابێت کە دوو ئەوەندەی خۆیەتی بگرە سێ، لێرەیشدا بەو مانایەی کە لاودۆمیەیەکی تری داڵدە داوە کە شاری هێشتا نەبووەکانە.

تایبەتمەندییە سەیرەکانی شارە دووهێندەکە زۆر ناسراون. لاودۆمیەی زیندووەکان تا بە خەڵکێکی زۆرتر پڕ بێت و بەرینتر ببێتەوە، بەری گۆڕەستانەکەی دەرەوەی شوورەکەیشی فراوانتر دەبێت. جادەکانی لاودۆمیەی مردووەکان لەوەندە پانتر نین کە گالیسکەی گۆڕهەڵکەنەکە بە ئاستەم گوزەریان پێدا بکات و چەپ و ڕاستی جادەکانیش خانووی بێپەنجەرەن. بەڵام مەودای جادەکانی و جێی خانووەکان وەک ئەوانەی لاودۆمیەی زیندووەکان وان. هەروەک ئەوێ، بنەماڵەکان لە ڕیزی تێکخزاوی چاڵی گۆڕدا، ئەمیان بەسەر ئەوی تریانەوە، تەنگەیان لێ هەڵچنراوە. دوانیوەڕوان کە دنیاکەی خۆش دەبێت خەڵکە زیندووەکەی سەر بە ماڵی مردووەکانی خۆیاندا دەکەن و ناوی خۆیانی سەر بەردەکان لێک دەدەنەوە: هەروەک لە شاری زیندووەکاندا، ناوەکان بەو تەنیا جیاوازییەوە باسی کۆشش و کین و خەیاڵی بڵاو و هەست دەکەن، کە هەموو شتێکی ئێرە بڕاوەتەوە و هیچێک بۆ ڕێکەوت نەماوەتەوە و هەموو شتێکی لە تۆمار نراوە و ڕێک خراوە. بۆ ئەوەی هەستی ئاسوودەیی تێ بگەڕێت لاودۆمیەی زیندووەکان پێی دەوێت لە لاودۆمیەی مردووەکاندا هۆی ژیانی خۆی بۆ ڕوونەوە ببێت، بەڵام بەو مەترسییەوە کە هیچێکی لێ نەبێت، مەگەر ڕوونکردنەوەی تری

تایبـــەت بە لاودۆمـــیـــە و شـــاری تر کـــە دەبوو هـەبن، بـەڵام نـەبوونە یـان هـەڵسـەنگاندنی لایەنگرانە و ناکۆک و ورەبەزێن.

بە مافی ڕەواوە لاودۆمیە ناوچەیەکی بە هەمان مەوداوە بۆ ئەوانەی لە دایک دەبن تەرخان کردووە کە ڕووبەری لەگەڵ ئـەو ژمارە مەزەندەکراودا یەک ناگرن کـــە خـــەڵکەکـــە لایان وایە سنووری ژمــارە دەبـەزێنێت. بـەڵام لەبـەر ئەوەی شـوێنێکی چۆڵە و بیناکارییەک دەوری داوە هـەر ورگە و چاڵ و کـەند پێکیـان هێنـاوە و مـرۆڤـیش دەتوانێت کـام کـلـێـشی پێ خـۆش بێت بە نەبووەکـانی ببـەخشـێت و تەنانەت ئەوەندەی مشکێک یان کرمێکی هەورێشم یان مێروو یان گـەرای مێرووەیەکیان بزانێت، هیـچێک نییـە بەری مرۆڤ بگرێت لە هەموو لێوارە و ڕەفـەیـەکدا کە لە دیوار دەرپەڕیون، بە پێوەیان ببینێت یان یەکیـان گرتبێت یان لەسـەر سـەرەکۆڵ یان بنکۆڵەگەدا ڕیزیان بەسـتبێت یان لەوەیە بڵاوەیان لێ کـردبێت و سـەرنجی وردی ڕەنجی خـۆیان لە ژیانی داهـاتوویاندا دابێت. یانیش لە بۆشـاییـیەکی مـەرمـەڕدا بە بەرچاوی خۆیانیدا بهێنێت کە تێیدا بەو لاودۆمیـەیەوە تێمـاون کە دوای سـەد یان هەزار سـاڵ خـەڵکێک کە جۆرە جلێکیان پۆشیوە کەس چاوی بە بڕکەکەی نەکەوتووە، پڕیان کردووەتەوە و هـەمـوویشـیـان بۆ نموونە فـێسـی مـۆڕیان لەسـەر ناوە یان پەڕەی قـەلیان لە مێزەر داوە، خـۆیشیان لەنێو ئەو حەشـاماتەدا نەوەی خۆیان و هاوەڵ و دژمنی خـۆیان و منداڵی قـەرزدار و خـاوەنقـەرزی وای خـۆیان دەناسنەوە کـە دێن و دەچـن و لە هـاتوچۆ و تۆڵەی خـــوێن و مـــارەبڕینی پاش خـــۆشـــویســتن و هـاوســەریەتی لە پـەی بەرژەوەندی ناکـەون. زیندووەکـانی لاودۆمـیـە سـەر بە خانەی نەبووەکاندا دەکەن بۆ ئەوەی پرسیان پێ بکەن و هەنگاوەکانیان لە ژێر تاقە چۆڵەکاندا دەنگ دەدەنەوە و پرسیارەکانیان لە بێدەنگیدا دەکەن و خۆیان نەبێت ئەوەندەی هیچێک هەواڵی ئەوانە ناپرسن کە دێنە دنیا. یەکێک دەیەوێت یادێکی بەنـاوودەنگ لە دوای خـۆی بنێـتـەوە، یەکـێکی تر دەیەوێت نەنگیی فـەرامـۆش بکرێت و هەمـوویشـیـان بەو حـەزەوەن ئاکـامی کردەوەکـانیـان بۆ دەربکەوێت، بەڵام چی دەکـەن و دەکرێن ئاسـەواری ئەو شتە بە دی ناهـێنن کە

هاتوون بیبینن. لەدایکنەبووەکانی لاودۆمیە وەک خاڵ، وەک خاک و خۆڵ وان، لەوەی کە بە سەر چووە و کە بە سەر دێت دابڕاون.

لاودۆمیەی نەبووەکان وەک لاودۆمیەی مردووەکان هیچ جۆرە ئاسوودەییەک بە خەڵکی لاودۆمیەی زیندووەکان نابەخشێت، بگرە هەر ترس. دواییش دوو ڕێ بەر بە بیری میوانەکانییەوە دەنێت کە کەس نازانێت کامیان مەینەتییەکی زیاتری بەدەمەوەیە. ئیتر مرۆڤ بیر دەبات کە یا ژمارەی نەبووەکان گەلێک لە ژمارەی زیندووەکان و مردووەکان پێکەوە زیاترە و لە کونیلکەیەکی هەموو بەردێکدا ئاپۆڕەی بەرپێوار کۆ دەبنەوە و چۆن لەسەر ڕیزەکورسیی یاریگەکاندا دەخزێنە پاڵ یەکەوە، ئاوایش دەترنجێنە ناو ڕەحەتییەکانەوە. جا لەبەر ئەوەی ژمارەی وەچەی داهاتوو بەدەم هەموو نەوەیەکەوە گەلێک هێندەی خۆی زیاد دەکات، لە هەر ڕەحەتییەکدا دەمی سەدان ڕەحەتی بە میلیۆنان کەسەوە، دەرکرێنەوە کە یەخەی کراس دەپچڕن و دەم بەش دەکەنەوە نەکا بتاسێن. یان مرۆڤ بیر بۆ ئەوە دەبات کە لاودۆمیە نەمێنێت، کەس نازانێت کەی و لەگەڵ شارەکەیشدا گشت خەڵکەکەی تێدا بچێت. سا نەوە دوای نەوە دێن تا بە ژمارەیەک دەگەن و بەولاوە ناچن. ئەوجا لاودۆمیەی مردووەکان و لاودۆمیەی نەبووەکان وەک ئەو دوو نیوەیەی کاتژمێری لمیان لێ دێت کە کەس دەمەوخواری ناکات. هەر پەڕینەوەیەک لە لەدایکبوونەوە بۆ مردن دەنکێک لمە کە ملە تەنگەکەی ڕەحەتییەکە تێ دەپەڕێنێت و کەسێکیش لە دایک دەبێت کە دوایین دانیشتووی لاودۆمیە بێت، دوایین دەنکەلم کە دەخزێتە خوارەوە: ئەو دەنکەلمەی لە سەری سەرەوەی کاتژمێرە لمەکەدایە و چاوەڕێی نۆرەی خۆیەتی.

ئەستێرەناسەکان کە ڕوویان لێ نرا پێوەندانگی بناغەی پێرینزیە دیاری بکەن، کات و شوێنیان بەپێی جێ و شوێنی ئەستێرەکان دانا و هێڵیان بۆ دێکومانوس و کاردۆ، بۆ دوو جادە کێشا کە یەکتریان دەبڕی و ئەمیان ڕووەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا دەکشا و ئەویان رووی لە باکوور و باشوور دەنا، هەروەک ئەو خولگەیەی کە هەسارەکانی پێدا دەگەڕێن. نەخشەی شارەکەیشیان بەپێی خانەکانی دوانزەوانەی بەخت بە جۆرێک دابەش کرد کە هەر پەرستگەیەک و گەڕەکێک بە بەر کارکردی بەهرەبەخشی بارودۆخە باشەکانەوە بکەوێت. ئەستێرەناسەکان بەو ژمێرکارییە بڕیاریان دا لە کوێی شوورەی شارەکەدا دەروازەی وا هەڵبەسترێت کە بۆ هەزار ساڵی داهاتوو یەک بە یەکیان مانگگیرانێک بگرنەوە. خەڵکەکەیشیان دڵنیا کرد کە پێرنیزیە بەم ئاوایە ڕەنگی هاوئاهەنگیی هەموو دنیا و دانایی سروشت دەداتەوە و بەخشندەیی خوداوەندەکانیش شێوەی چارەنووسیان دادەڕێژێت.

کە پێرینزیە بنیات نرا ژمێرکارییەکەی ئەستێرەناسەکان ڕەچاو کرا و بۆ ئاوەدانکردنەوەی نەتەوەی جۆراوجۆر ڕوویان لێی نا و یەکەمین نەوەی لەدایکبوویشی لەنێو دیوارەکانیدا گەورە بوون و ئەمانیش بەو تەمەنە گەیشتن کە ماڵ پێکەوە بنێن و منداڵ بنێنەوە.

لە جادە و مەیدانەکانی پێرینزیەدا تۆ ئەمڕۆ پەککەوتە و گرگن و کووڕەپشت و کەسی یەکجار گۆشتن و ژنی ڕیشن دەبینیت، بەڵام نەک ئەوانەیان کە لەمان خراپترن. لە بنخان و عەمباری خەرمانەوە، کە ماڵەکان منداڵی سێسەر یان شەشپێیان لێ دەشارنەوە، ناڵەی تاساو دێت.

ئەستێرەناسەکانی پێرینزیە بۆ بڕیارێک داماون: یان ددان بەوەدا دەنێن کە

ژمێرکارییەکانیان هەڵە بووە و ژمارەکانیان لە بارێکدا نین بەری ئاسمان ڕوون بکەنەوە، یان دەبێت بیدرکێنن کە کاری پوختەی خودایی هەر ئەو شتەیە کە لە شاری دەعباکاندا ڕەنگ دەداتەوە.

بەدەم سەفەرەکانمەوە هەموو ساڵێک لە پرۆکۆپیە وچانێک دەدەم و لە هەمان میوانخانە هەمان ژوور دەگرم. لە یەکەم جاریشمەوە هەموو جارێک بۆ ترووکەیەک دەوەستم و چاو لە دیمەنە خۆکردەکە دەگرم کە ئەگەر پەردە لە پەنجەرەکە هەڵبماڵم دیار دەکەوێت: کەندێک، پردێک، دیوارێکی درێژ، سنجوویێک، کێڵگەیەکی گەنمەشامی، تووترکەجارێک، کولانەیەکی مریشک، ڕێیەکی سەرەوژووی زەردباو، هەورێکی سپی و پارچە ئاسمانێکی شین لە شێوەی میلی تەنافبازی. لێم نیایە کە ئەو یەکەم جارە کەس بە دەرەوە نەبوو، بگرە ساڵی دوای بوو کاتێک لەرە کەوتە نێو گەڵا توانیم ڕوویەکی خڕ و پان هەڵاوێرم کە گەنمەشامییەکی دەکرۆشت. دوای ساڵێکی تر سێ کەس بەسەر دیوارەکەوە بوون و، کە جارێکی تر هاتمەوە شەشم بینی بەڕیز دانیشتبوون و دەستیان لەسەر ئەژنۆ نابوو و چەند سورێنچکێکیان لە دەفرێکدا بە بەرەوە بوو. هەموو ساڵێک کە پەردەکەم هەڵدەماڵی، هەرکە دەهاتمە ژوورەکە، چەند ڕووێکی ترم دەژمارد: شازدە بەوانەوە کە لە کەندەکە دانیشتبوون، بیستونۆ کە هەشتیان لەسەر سنجووەکە بوون، چلوحەوت ئەگەر ئەوانەیانم دەربواردایە کە لە کولانەکەدا بوون. ئەمان وەک یەک وا بوون و هەموویان بە کەسی بێوەی دەچوون، شل بوون و ڕووگەش. کەسی وایشیان لەنێودا هەبوو کە پەڵەی خۆشاوی بەری تووترکی بە گۆشەی لێوەوە بوو. دووری نەکێشا و پردەکەم بە کەسی وا لێ پڕ بوو کە ڕوومەتیان خڕ بوو، چونکیشە جێیان نەبوو لێیدا بجووڵێنەوە، پاڵیان بە یەکترەوە دابوو. ئەمان دەنکی گەنمەشامییان دەدۆزی و گلکەکانیان دادەکرماند.

من پرۆکۆپیەم دیوە ساڵ بە ساڵ هەموو شتێکی لە نێو بچێت و ئیتر

دارەکە، تووترکەجارەکە و هەموو شتێکی لە پشت تەیمانی نەرمەخەندە و لە نێوان گوپی خڕدا پێوار بووە کە بەدەم جوینی گەلاوە دەجووڵێنەوە. کەسیش نازانێت لە شوێنێکی ئەوەندە بەرتەسکی وەک ئەو کێڵگە بچووکەی گەنمەشامیدا جێی چەند کەس دەبێتەوە، بەتایبەت و ئەگەر بێ جووڵە دانیشتبن و دەستیان لەسەر ئەژنۆ دانابێت. دەبێت زۆر لەوە زیاتر بن کە بە چاو دەبینرێت: بناری گردەکەم دیوە ئاپۆرەیەکی چڕتری لێ بنیشێت، بەڵام کە ئەوانەی سەر پردەکە لێیان بوو بە خوو سواری شانی یەکتر ببن، ئیتر حەوسەڵەم نەماوە ڕوو لەو لایە بکەم.

ئەمساڵ، دواییەکەی کە پەردەکە هەڵدەماڵم، پەنجەرەکە هەر ڕووی گرتووەتەوە و لەم کونجیەوە بۆ ئەوی تری و بە هەر لایەکدا چاو بگێڕیت، سەر هەڵببڕێت یان دابگرێت و لە دوور یان نزیک بڕوانیت، هەر ئەم ڕووە خڕ و بێ جووڵە پانانە دەبینێت کە لە نێوان ئەو دەستە بێژمارانەوە خۆیان بە شانی کەسەکانی وای پێشەوەی خۆیان ڕاگرتووە، زڕەخەندە دەنوێنن. تەنانەت بەری ئاسمانیش گیراوە و باش وایە پشتی پەنجەرەکە بەربدەم.

بەلام لێم ئاسان نایێت بە ئارەزووی خۆم بجووڵێمەوە. ئاخر ئێمە لە دیوەکەمدا بیست و شەش کەسین کە پێکەوە دەژین: بۆ ئەوەی هەنگاوێک بنێم دەبێت باری ئەوانە بشێوێنم کە لەسەر زەوی گرمۆڵە بوونە، بۆیە ڕێی خۆم بە نێوان ئەوانەیاندا دەبڕم کە هەڵنیشتوونەتە سەر دۆلابەکە و بەنێو ئانیشکی ئەوانەیاندا دەڕۆم کە بە نۆرە پاڵ بە سیسەمەکەوە دەدەن و، بۆ بەختی یارم هەموویان میهرەبانن.

ژیان لە رایسە خۆش نییە. خەڵکەکەی بە جادەکاندا دەڕۆن و دەست با دەدەن، گەزارە لە منداڵی وا دەکێشن کە گریە دەکەن، خۆ بە ستارەی سەر رووبارەکەدا دادەهێننەوە و سەر بە سەر مشتی خۆیانەوە دەنێن و بەیانیان لە مۆتەکەیەک ڕادەبن هەر بۆ ئەوەی خۆیان بە دەست مۆتەکەیەکی ترەوە بدەن. لەسەر مێزی کارکردندا هەموو کاتێک چەکۆش بە پەنجەی خۆیاندا دەکێشن ئەگینا دەرزیی دروومان بە دەستی خۆیاندا دەکەن، یان سەروبەری ژمارەبەندیی تۆماری بازرگان و بانککارەکان سەروبن. باشیشە سەرە داخراوەکان نیگای خەمگینی پشت پیاڵە بەتاڵەکانی سەر مێزی مەیخانەت لێ دەبوێرن. باروحاڵی ماڵەکانی دژوارترە و پێی ناوێت کەس سەریان پێدا بکات تا بۆی روون ببێتەوە: هاوینان شەرەچەنە و دەفری شکاو لەنێو پەنجەرەکاندا دەنگ دەدەنەوە.

سەرەرای ئەمانە هەر لە رایسەدایە کە هەموو ساتێک منداڵێکی نێو پەنجەرەیەک روو لە سەگێک خەنینی دێت کە بە کوختێکدا باز دەدات، بۆ ئەوەی لەتێک برێشکە بگرێتەوە کە لە دەستی کرێکارێک لەو کاتەدا بەردەبێتەوە کە لەسەر تەختەبەندی بیناسازییەوە هاوار لە کچە کارەکەرێکی مێوانخانە دەکات: "گەنجینەکەم بەشی ئێمەشی لێ بدە"، کە هەر لەو کاتەدا بە دەورییەک گۆشتاوەوە دەگاتە ژێر کەپرێکی مێو و بە خۆشییەکی زۆرەوە لە بەردەم ئەو چەترسازەدا دایدەنێت کە بە بۆنەی سەرگرتنی کارێکییەوە رادەبوێرێت: خامەچەترێکی سپی کە ژنێکی خانومان بۆ ئەوەی کڕیبوو لە غارغارێنی ئەسپدا خۆی پێ بنوێنێت. خانمەکە دڵی چووبووە ئەفسەرێک کە خەندەی بۆ کردبوو کاتێک دوایین لەمپەری بەزاندبوو. ئەفسەرەکە دڵخۆش

بوو، بەڵام دڵخۆشتر ئەسپەکەی بوو کە بەسەر لەمپەرەکاندا باڵی گرتبووەوە، کاتێک پۆڕێکی دیبوو بە بەریەوە دەفڕێت: باڵندەیەکی دڵخۆش کە نیگارکێشێک لە ڕکەیەکی بەرەڵا کردبوو و دڵی بەوە خۆش بووبوو نیگاری باڵندەکەی، پەڕ بە پەڕ و خاڵ بە خاڵی سوور و زەرد و یەکجار بچووکی لەو لاپەڕەیەی ئەو کتێبەکەدا کێشابوو کە فەیلەسووفەکە دەڵێت: "تەنانەت لە ڕایسەیشدا؛ شاری خەم و ماتەمینی، داوێکی نادیار درێژ دەبێتەوە کە لە میانی یەک تروکەدا گیاندارێکی زیندوو بە یەکێکی ترەوە گرێ دەدات و سەرلەنوێ هەڵدەوەشێتەوە. لەوێوە بە خاڵی بزۆزدا تێ هەڵدەکشێت و کلێشی نوێ و خێرا بە شێوەیەک دەکێشێت کە شارە ناخۆشەکە لە هەموو چاوتروکانێکدا شارێکی خۆشی لێدا بێت کە کەس پێی نازانێت."

ئاندریە بە شێوەیەکی وای هونەرییانە ساز دراوە کە مەودای هەر ڕێیەکی شێوەی خولکەی هەسارەیەک دەداتەوە و ساختمان و مەیدانی کۆبوونەوەکانی بەپێی پێوەندیی نێوان ئەستێرەی ئەنتاریس، ئەلفێراتز، کاپێللا و کێفیۆسی هەرە درەخشان دانراون. ڕۆژژمێری شارەکەیش ڕێک خراوە و جێی کار و کارگە و بۆنە و بەزمەکان لە نەخشەیەکدا دیاری کراوە کە یەکسانی تاقی ئاسمانە و، هەر بەم جۆرە ڕۆژانی سەر ڕووی زەوی لەگەڵ شەوانی بەری ئاسماندا بەرانبەر دێنەوە.

لە سایەی ڕێزکێکدا کە ورد و درشتی پوخت کراوە، ژیان لەسەر هەمان ڕەوتی هێمنی هەسارەکان دەڕوا و ڕێوڕەسمێکیش دەگرێتە بەر کە ژێر مگێزی مرۆڤانە نەکەوتووە. کاتێکیش پەسنی بەرهەمە پیشەسازییەکانی ئاندریە و لێکگونجانی هەست و نەستی خەڵکەکەییم دا، قسەم بەم بارەدا برا: "زۆر باش دەزانم ئێوە، کە خۆتان بە بەشێک لە ئاسمانێکی نەگۆڕ دادەنێن و وەک چەرخێکی نێو چەرخبەندێکی ڕێکوپێک دەسووڕێن، وریای ئەوەن کە بچووکترین ئاڵوگۆڕیش بە شار و نەریتەکانتاندا نەهێنن. ئاندریە دەزانم ئەو تاکە شارەیە کە بە چاکی دەزانێت لەنێو کاتدا لەرەی تێ نەکەوێت."

بە سەرسامییەوە سەیری یەکتریان کرد. "بەڵام بۆ؟ کێ گوتوویەتی؟" و بۆ جادەیەکی ئاوێزانیان بردم کە زۆرێک نەبوو بەسەر نەیستانێکدا کرابووەوە و شانۆیەکی نسێ لە سەروکاتی بیناکردنیدا کە جاران سەگخانەی شاری لێ بوو و ئێستا بۆ باڵاختەکانی نەخۆشخانە کۆنەکە گواستراوەتەوە کە چۆڵ کرابوو بۆ ئەوەی جێی سنگدانییەکانی لێدا بکرێتەوە و، بەندەرێکی سەر ڕووبارێک، پەیکەرێکی تالیس و خلیسگەیەکیش بۆ منداڵان کە بە زەحمەتێکی

زۆرەوە کرابوونەوە.

کە پرسیم: "ئەی ئەم داهێنراوە نوێیانە ڕەوتە ئاسمانییەکەی شارەکەتان ناشێوێنن؟" گوتیان: "پێوەندیی نێوان شارەکەمان و ئاسمان ئەوەندە ڕەختە کە هەر ئاڵوگۆڕێک لە ئاندریە ڕوو دەدات گۆڕانێک لەنێو ئەستێرەکانیشدا بەرپا دەکات. ئەستێرەناسەکان، کە ئاڵوگۆڕێک بە ئاندریەدا دێت، دووربین لە ئاسمان دەگرن و دێنە سەر باسی ئەستێرەیەکی تەقیو یان خاڵێکی دووری تاقی ئاسمان کە لە زەردەوە ترنجی هەڵگەڕاوە، یان گازەتەنێک بەرین بووەتەوە یان پێچێک بە کاکەشاندا هاتووە. هەر ئاڵوگۆڕێک لە ئەندریا و لەنێو ئەستێرەکانیشدا، زنجیرەیەک ئاڵوگۆڕ دەنێتەوە: شارەکە و ئاسمان سرەوتیان نییە."

دوو چاکەی خەڵکی شارەکەیش شیاوی ئەوەن بیریان بۆ ببردرێت: وریاییان و باوەڕیان بە خۆیان. لەبەر ئەوەی دڵنیان هەر کارێکی نوێ لە شارەکەدا دەست پێ بکرێت کار لە نەخشی ئاسمانیش دەکات، هیچ بڕیارێک ناگرن ئەگەر چاکە و خراپەی بۆ خۆیان، بۆ شارەکە و بۆ دنیاکان لێک نەدەنەوە.

لۆمەم دەکەیت کە چیرۆکەکانم بە نێوجەرگەی شارێکدا دەتبەن بێ ئەوەی هیچت لەبارەی ئەو ناوچانەوە پێ بڵێن لە نێوان شارە جۆراوجۆرەکاندا بەرین دەبنەوە: ئەگەر دەریا دایپۆشیون، دارستانی کاژ، یان زەلکاو، بۆیە بە چیرۆکێک وەڵامت دەدەمەوە.

لە جادەکانی سیسیلیەدا، کە شارێکی بەناووبانگە، جارێکیان تووشی بزنەوانێک هاتم لە پاڵ دیواری خانووەکانەوە بزنی مل بە زەنگی زرینگەداری دابووە بەر خۆی.

بزنەوانەکە گوتی: "خوا چاکت بۆ بکات" و، ڕاوەستا و پرسی: "ناوی ئەم شارە چییە کە لێیداین؟"

دەنگم هەڵهێنا و گوتم: "خوا هەر چاکەت بێنێتە ڕێ، چۆنە وا شاری سیسیلیەی برەوبردوو نازانناسیتەوە؟"

گوتی: "پشووت کەمێ لەگەڵمدا درێژ بێت. من شوانێکی چۆڵگەرم کە جاروبار ڕێی خۆم و بزنەکانم دەکەوێتە نێو شاران، بەڵام بێ ئەوەی بتوانین لێکیان جیا بکەینەوە. تۆ ناوی لەوەڕگەکانم لێ بپرسە کە هەموویان دەزانم، مێرگوزار بە تاشەبەردیانەوە، بناری شینی کێویان و هەرێزی بەر نسێیان. شار بەلامەوە ناویان نییە. شار شوێنی بێ شینایی جۆراوجۆرن کە گیاجارێک لە یەکێکی تر جیا دەکەنەوە و شوێنی وایشن پەزەکانم لەسەر چوارڕێیەکانیاندا ترسیان لێ دەنیشێت و تەرە دەبن. جا دەبێت من و سەگەکەم ڕابکەین و مۆڵیان بکەینەوە."

گوتم: "من بە پێچەوانەی تۆوە هەر شار دەناسم و هیچ جیاوازییەک لەوەدا نابینم کە لە دەرەوەیاندایە. لە دەشت و دەرەوەی شاراندا هەموو بەردێکم،

هەموو بنچکەگیایەکم لەبەر چاودا وەک بەرد و بنچکەگیای تر وان."

لەو ساتەوە ساڵێکی زۆر ڕابوردوون و منیش شاری زۆرترم ناسیوە و کیشوەرم بڕیوە. ڕۆژێک بەنێو خانووبەرەیەکدا ڕێم دەبڕی کە هەر هەمووی ڕێکی یەک بوون: ڕێم هەڵە کردبوو بۆیە لە ڕێبوارێکی سەرڕێم پرسی: "خوا و چاکان بتپارێزن پێم ناڵێی لە کوێین؟"

کابرا گوتی: "لە سیسیلیەین، بۆ پێت وایە لە کوێین. ئێمە ئەوەندە بە جادەکانیدا هاتووین و چووین، من و بزنەکانم، دنیامان لێ چووەتە بەست و دەرەتانمان نەماوە..."

سەرەڕای ڕیشە سپییە درێژەکەی ناسیمەوە؛ شوانەکەی ئەو جارە زۆر زووەکە بوو کە ئێستا چەند بزنێکی ئەوەندە لەڕ دوای کەوتبوون بە ئاستەم بۆنی بزنیان لێ دەهات و لەسەر کاغەزەشڕەی دەوری زبڵدانەکان دەمیان دەدا.

هاوارم لێ هەستا: "ناشێت وا بێت! نازانم کەی بوو، بەڵام منیش جارێک چووبوومە نێو شارێک و لەوساوە ئەوەندەی پێم کراوە خۆم بەدەم جادەکانییەوە داوە. بەڵام دەبێت چۆن و چیم کردبێت تا گەیشتبمە ئەو شوێنەی کە تۆ دەیڵێی، ئەگەر لە شارێکی تری گەلێک دووری سیسیلیەدا بووبم و هێشتا ڕێم لێی دەرنەکردبێ؟"

بزنەوانەکە گوتی: "ئەم شارانە داویانەتە دەم یەکەوە، سیسیلیەیش لە هەموو شوێنێکدایە. ئا لێرەیش دەبوو وەک جاران مێرگێک نەنعنای لاسک درێژ هەبووایە. بزنەکانم هەرێزی دەوری جادەکان دەناسنەوە."

## شارە شاراوەکان ٣

فاڵگەرێک کە دەربارەی دوارۆژی مارۆزیە پرسی بۆ برا، گوتی "من دوو شار دەبینم، یەکیان شاری مشکە و ئەوی تریان شاری پەڕەسێلکەیە."

ئەم دوابینییە بەم جۆرە لێک درایەوە: مارۆزیەی ئەمڕۆ شارێکە خەڵکەکەی وەک ڕەوەمشک بە ڕەهەندی قەڵاییدا گوزەر دەکەن و ئەو پاشماوانە بۆ خۆیان دادەپچڕن کە لە ددانی مشکی زەرندەتر داکەوتوون. بەڵام سەدەیەکی بەسەردا دێت کە گشت کەسێکی مارۆزیە وەک پەڕەسێلکە بە ئاسمانی هاوینەدا باڵ دەگرن و بەدەم گەمەکردنەوە هاوار لە یەکتر دەکەن و لێهاتوویی خۆیان لە کاتێکدا دەنوێن کە بە پەڕوازکردنەوە پێچ دەکەنەوە و لە هەمان کاتدا هەوا لە مێش و مەگەز پاک دەکەنەوە.

کەسانی هەرە کەللەییبیان گوتیان: "ئیتر کاتی ئەوەیە سەردەمی مشک بەسەر بچێت و سەردەمی پەڕەسێلکە سەر بگرێت". لە سالانی دەسەڵاتداریی خەمەنگێو و چنۆکی مشکیشدا مرۆڤ بۆی دەرکەوتبوو کە لەنێو ئەو خەڵکەی خۆیان مات کردووە، شتێکی وەک ڕەوی پەڕەسێلکە هەیە: ئەو پەڕەسێلکانەی بە ئاسمانی ساماڵدا وەک تیر دەفڕن و بە تەکاندانێکی شاپەڕی کلکیان ڕێ دەبڕن و بە خەنجەری بڕندەی باڵیان کەوانەیەکی بەرپانی ئاسۆ دەکێشن.

کە دوای ساڵانێکی زۆر بۆ مارۆزیە گەڕامەوە بۆم دەرکەوت سرووشی فاڵگەرەکە لەمێژە بە دی هاتووە. سەدە کۆنەکە لە گۆڕ نراوە و نوێیەکەیش سەری لە سەرپەڕی خۆی ناوە. شارەکە گومان نییە کە گۆڕاوە و لەوەیە باشتر بووبێت، بەڵام ئەو باڵانەی کە دیومن، هەر سایەبانی بەدگومانن کە لە سێبەریاندا پێڵووی گران بەری نیگا دەپۆشن. کەسی وایش هەن پێیان وایە دەفڕن، بەڵام ئەوەندەی باڵی شەمشەمەکوێرە لە یەک بدەن هەر ئەوەندە لە

زەوی بەرز دەبنەوە.

کە مرۆڤ لە پاڵ دیواری خانووەکانی مارۆزیەوە ڕێ دەکات، لەوانەیە، کە بیریشی بۆ نەچووبێت، درزێکی لێ والا ببێت و چاوی بە شارێکی تر بکەوێت کە دوای ترووکەیەک لە چاو ون دەبێت. لەوانەیشە پێی بوێت ڕاوێژی خۆی باش هەڵسەنگێنیت و کامانە جووڵەی لێوە بێت و چۆنیان ڕێک بخات و چلۆنیان بنوێنێت. یان ڕەنگە نیگایەک، وەڵامێک، ئاماژەی کەسێک بەس بێت کە کەسێک هەر بۆ خۆشیی خۆی شتێک دەکات تا کەسی تر بەشی خۆی لەو خۆشییە ببات: لە ڕێکی ئەو چاوترووکانەدا گشت مەوداکان، بەرزی و دووری دەگۆڕێن و ئاڵوگۆڕ شارەکەیش دەگرێتەوە و دەبێتە بلوورێک وەک پوشکەبەقوونە ئەودیوی خۆی دەنوێنێت. بەڵام دەبێت هەموو شتێک وەک ڕێکەوت پێش بێت، بێ ئەوەی مرۆڤ گرینگییەکی زۆری لێ بنێت، بێ هیچ مەرجێک کە مرۆڤ شتێکی کاری بکات و بیری نەچێت زوو یان درەنگ دوور نییە مارۆزیەکەی تر بێتەوە و درزی بانەکەی سەرمان بە تەلەبەرد و کاکڵەمووشان و کەڕوو بگرێت.

ئاخۆ دوابینییەکە هەڵە بوو؟ هێشتا نیا نییە و منیش وای لێک دەدەمەوە: مارۆزیە لە دوو شار پێک هاتووە، شاری مشک و شاری پەڕەسێلکە کە هەردووکیان تا دێت پەرە دەستێنن و پێوەندیی نێوانیان وەک خۆی دەمێنێت و دووەمیانە کە خەریکە خۆی لە یەکەمیان دەکاتەوە.

بۆ ئەوەی بتوانم باسی پێنتێسیلیەت بۆ بکەم دەبێت لە سەرەتادا بۆتی ڕوون بکەمەوە کە چۆن گەیشتمە ئەوێ. دیارە تۆ دەتوانیت بەرچاوی خۆتی بخەیت چۆن شوورەی شارەکە سەر بە دەشتە خۆڵاوییەکەیدا هەڵدەهێنێت و خۆیشت چۆن لەسەرخۆ نزیکی دەروازەکەی دەبیتەوە و چۆن ڕێدارەکانی بۆ پشکنینت بەسەر بارەکەتدا دادێنەوە. تا ئێستا تۆ هێشتا لە دەرەوەی شارەکەیت، بەڵام کە بەژێر تاقێکدا ڕادەبووریت خۆت لەناویدا دەبینیتەوە و ساختمانە ڕەختەکانی دەورت دەدەن. نەخشەیەکی شارەکەیش کە لە بەردێک هەڵکۆڵراوە، ئەگەر شوێنی هێڵە سەرسڕێنەکانی بکەویت، بۆت ڕوون دەبێتەوە.

بەڵام ئەگەر بە ڕاستی بگریت، هەڵەیت: بارودۆخ لە پێنتێسیلیە جیاوازە. تۆ ماوەیەکی درێژە بە ڕێوەیت، کەچی هێشتا لێت نەسەلماوە ئەگەر لەنێو شارەکەیت یان هێشتا پێی نەگەیشتوویت. پێنتێسیلیە وەک گومێکی تەنکەکەنار بە زەلکاو تەواو بووبیت، تا چاو هەتەر دەکات بەو دەشتەدا وەک شارەشلەیەکی هەڵڕژاو بڵاو دەبێتەوە: باڵاخانەی بێڕەنگی کرێنشینان لەنێو هەریزی جێجێی نێوان تەیمان و بەنگەڵەدا پشتیان لێک هەڵماڵیوە. لە کەناری ڕێگەیشدا جارجار پۆلێک ساختمان کە ڕووکاریان هیچ نەخشێکی پێوە نییە، گەلێک بڵند یان زۆر نەوی وەک شانەیەکی ددانەشکاو، لات وایە دەیانەوێت نیشانتی بدەن کە لێرەوە تان و پۆی تۆڕی شارەکە هەڵدەچنرێن. لەوەیە ڕێیەکی تر بگریتە بەر و ناوچەی تری سەیرت بێنە ڕێ: پەرگەیەکی ژەنگاویی شار بە نووسینگە و عەمبارەوە، گۆڕستانێک، بازاڕێک بە چەرخوفەلەکەوە، سەرژێگەیەک و لەوێوە ڕێی بەرتەسکی نێو دوو ڕیز دوکان دەگریتە بەر کە لە دەرەوەی سامناکی شاردا ئاسەواری دەبڕێتەوە.

ئەگەر لەو کەسانەی کە دێنە ڕێت بپرسیت "ئەمەیە ڕێی بەرەو پێنتێسیلیە؟" دەستێک دێنن و دەبەن کە نازانیت مانای "ئا، ئێرەیە" دەگەیەنێت یان "بەرەو پێشتری ڕووەو ئەولا" یان "هەموو شتێکی دەوارانەورت" یان "ڕووەو ئەو لایەی تر".

پێ دادەگریت و دەپرسیت: "شارەکە؟"

کەسانێکیان دەڵێن: "ئێمە هەموو بەیانییەک بۆ کاری خۆمان ڕووی لێ دەنێین" و کەسی تریان دەڵێن: "ئێمە بۆ خەوتن بۆ ئێرە دێین".

دەپرسیت: "ئەی ئەو شارەی خەڵکی لێ دەژین؟"

دەڵێن: "دەبێت بەرەو ئەو لایە بێت" و لە نێویاندا کەسانێک هەن کە دەست بۆ شتێکی دووری لای ئاسۆ بەرزەوە دەکەن کە مرۆڤ لەوێ فرەشاخەی، وەک نسێ، تاریکی بە ئاستەم لێ دیار دەکەوێت. هەیشیانە تارماییی نووکتیژی پشتەوەی خۆت بۆ پەنجەنیشان دەکەن.

"نا، هەر لێرەوە کەمێکی تریش بەردەوام ببە!"

تۆیش لە گەرەکێکی پەرگەی شارەوە بە یەکێکی تردا درێژە بە ڕۆیین دەدەیت تا ئەو ترووکەساتەت لێ هەڵدێت کە دەبێت پێنتێسیلیەی لێ بە جێ بهێڵیت. جا بۆ ڕێی ڕووەو دەرەوەی شارەکە پرس بە خەڵک دەکەیت و دیسان ڕیزێک گەڕەکی سەر کەناری شار تێ دەپەڕێنیت کە وەک جۆرێک ڕەنگدەرەی وەک چووری شیر پەرش و بڵاو بوونەتەوە. شەو دادێت و پەنجەرەکان هەڵدەکرێن کە جار هەیە نێوانیان دوورە و جاری وایش هەیە ژمارەیان زۆرە.

سا ئەگەر پێنتێسیلیەیەکی ئاشنا هەبێ لە قووڵکەیەکدا یان کەندێکی ئەم ژینگە کەنارگرەدا بەرپێوار بێت، پێنتێسیلیەیەک کە بیری ڕێبار بێتەوە یان پێنتێسیلیەیەک هەر چێوەی خۆی بێت و مەڵبەندەکەی لە هەموو شوێنێک و هەموو کوێیەکدا بێت، شتێکە خۆت لە تێگەیشتنی دەبوێریت. ئەو پرسیارەی کە ئێستا لە مێشکتدا درینگەی دێت خەمی ترت لێ هەڵدەهێنێت: ئاخۆ لە دەرەوەی پێنتێسیلیەدا دەرەوەیەک هەیە؟ یان: چەندێکیش خۆت لە شارەکە دوور بخەیتەوە هەر لە دەوروبەری ئەو کەسانەوە کە بێ هیچ گوناهێک شاربەدەر کراون بە دەوروبەرێکی تریدا تێ دەپەڕی بێ ئەوەی ڕێیان لێ دەربکەیت؟

## شاره شاراوەکان ٤

بە درێژاییی مێژووی سەدان ساڵەی خۆیدا شاری تیۆدۆرە داگیرکاریی پاتەوپاتی کێشاوە. لەگەڵ هەر دوژمنێکی کشەپێکراودا دوژمنێکی تری لێ هەڵساوە و ژیانی لە دانیشتووانی تاڵ کردووە. لەو ڕۆژەوە مرۆڤ ئاسمانی لە دالاش پاکەوە کردووە، ناچار بووە بەری مارێک بگرێت کە ژمارەی یەکجار زۆر بووە. کە جاڵجاڵۆکەیشی قڕ کردووە، مێشی وەک هەوری ڕەش لەسەر هەڵنیشتووە. بەزاندنی خۆرەیش شاری خستووەتە ژێر زەبری کرمی دارەوە. ئەو جۆرە گیانەوەرانەیش کە لە شار لا بوون، یەک بە یەک نەمان و دوایان بڕایەوە. بە هەڵدڕاندنی پوولەکەی ماسی و قەپیلکی کیسەڵ و هەڵکێشانی باڵی قالۆنچە و پەڕی مەل، مرۆڤ تیۆدۆرای کردە ئەو وێنە تاکانەیەی شارێکی مرۆڤانەی وا کە هێشتا ئەم وێنەیە نموونەیەتی.

بەلام لە سەرەتادا بۆ گەلێک ساڵی درێژخایەن هێشتا ساخ نەبووبووەوە کە ئەگەر ئەو دوایین جۆری گیانەوەر برندە دەبوو کە ڕزگاری هاتبوو تا بۆ دەستگرتن بەسەر شاردا مل لە ملی مرۆڤ بدات: مشک. بۆ هەر نەوەیەکی ئەم قرتێنەرانەیش کە مرۆڤ قڕی تێ خستن، ئەو ڕزگارە کەمەیان گیانی بە بەرەیەکدا گێڕا کە دڕتر بوو، کە بە تەڵەوە نەدەبوو و کە ژەهری دنیایش کاری لێ نەدەکرد. لە میانی چەند هەفتەیەکدا ژێرخانەکانی تیۆدۆرا سەرلەنوێ ژێری ڕەوەمشک کەوتن، بەلام لە دوایین شەڕی یەکجار خوێناویدا هۆشیارییە بکوژ و بەگوڕەکەی مرۆڤ بۆ دوایین جار بەسەر تین و تاوە سەیرەکەی دژمندا سەرکەوت.

شارەکەیش: ئەم گۆڕخانە گەورەیەی ئاژەڵستان، بە پارێزەوە خۆی بەسەر دوایین کەلاکی نێژراو و دوایین کێچ و دوایین میکرۆبەکاندا دا. مرۆڤ

دواییـیـەکەی ئەو دنیایەی ڕێک خستبووەوە کە خـۆی سەروژێری کردبوو: ئـیتر هـیچ جـۆرە گـیـانەوەرێکی زیندوو نـەمـابوو ژیان بـخـاتە تای بێـبـارییـەوە. وەک یادگارییەکی ئەوەیش کە جاران ئاژەڵی جۆربەجۆر بوو، کتێبخانەکەی تیۆدۆرا جێی کارەکانی دێ بوفۆن و لیننێـی لە ڕەفەکانی خۆیدا کردەوە.

هیچ نەبێت خەڵکی تیۆدۆرا لایان وا بوو کە کار بەم جۆرە بووە و لە بارێکدا نەبوون بەرچاوی خۆیانی بخەن وا ئاژەڵی فـەرامـۆشکراو خـەریکە لـە خـەوی گـران ڕادەپەڕن. بۆ مـاوەیەکی درێژخـایـەن جـۆرەکـەی تـری ئاژەڵان لـە حـەشـارگـەی نـاهـەمـوار نـرابوون دوای ئـەوەی لە تۆرەمـەی گـیـانەوەرە قـڕتێکەوتووەکـانـدا دەرکـرابوون و ئێـسـتـا گـەڕاونـەتـەوە بەر ڕووناکـاییی ژێرخـانەکانی ئەو کـتـێبـخـانەیەی کە کـتـێبـە دێرینەکـانـی لێدا پارێزرابوون و ئەوەتا لـە سـەرکـۆڵە و پلووسکەکـانـەوە بازیان دا و هەڵفـڕینە سـەر سـەرینی نووسـتـووەکـان. شـێرەمـرۆکان، داڵەشێرەکان، شـێرەمـارەکان، ئەژدیهـاکان، کوندەگایەکان، مـارە حـەوتسـەرەکان، ئەسپە یـەکشـاخـەکان و کەڵەمـارەکان دەستیان بەسـەر شارەکەی خۆیاندا گرتەوە.

نامـــەوێت باسـی بیـــرێنیس، شـــاری دادبـەزێنت بۆ بکەم کـــە مـــەکـــینە گۆشتهارەکانی خۆی بە سێهێڵە و چورت و تاشەی چوارلا ڕازاندووەتەوە (ئەو فەرمانبەرانەی مشتومالّکردنیان پێ سپێردراوە، چەناگە بەسەر پاسارەکەیدا هەڵدەبرن و ســەرنجی ڕاڕەوە بەتاقــەکــان، پلیکانە ڕوو لە دەروازەکــان و هەیوانەکان دەدەن و خۆیان ئەوەندەی تر دیل و بچووک دەبینن)، بەڵکە باسی بیرێنیسی بەرپێوار، شاری دادپارێزیت لەگەڵدا دەکەم: ئەوانەی لە تاریکاییی نێو چاوەی دوکانێک یان کەلێنی ژێر پلیکانەکاندا خەریکن بە داو و لوولە و غەرغەرە و پەستێنە و پارسەنگەی نێوان چەرخی گەورەی ددانەدار تۆڕێک دەچنن. کە ئەمانە ڕادەگیرێن چرکێکی تاساو دێتە بەرگوێ کە دەڵێت سازوکارێکی دروستی نوێ، ئەم شارە بە ڕێوە دەبات. لەجیاتی ئەوەی باسی ئەستێلەمەلەی بۆندراوی گەرماوەکان بکەم کە لە لایەکانییەوە دادبەزێنەکان پاڵ دەدەنەوە و بە ژێربێژییەکی سەرڕێژ پیلانی خۆیان دەهۆننەوە و بە مولّکدارێتیی نیگایان سەرنجی لەشولاری گۆشتنی کەنیزەکانی نێو ئەستێڵەکە دەدەن، باشتر وایە بۆتی ڕوون بکەمەوە چۆن دادپارێزەکان، کە خۆیان هەردەم لە خۆگرتنی سیخوڕەکان و تەڵەی یەنیچەرییەکانن دەپارێزن، بە شێوەی ئاخاوتن، بەتایبەت بە دەربڕینی وێرگوڵ و کەوانەکان، یەکتر دەناسنەوە. ئەمان بە خدە و خووی هاوبەشیان یەکتریان بۆ ئاشکرا دەبێت کە سەختگیر و بێگوناهن، کە خۆ لە مگێزی ئاڵۆز و خەمەنگێو دەبوێرن، بەو خۆراکەی کە هەڵی دەبژێرن و ئەگەرچی سادەیە، خۆشە و باش خۆش کراوە و سەردەمە کۆنە زێرینەکەیان بیر دەهێنێتەوە: شلە و برنج و کەرەوز، فاسولیای کولاو و کوولەکەی سوورەوەکراو.

ئەم زانیـارییـانە بۆتی دەرەخـسـێـنن کـە وێنەیەکی بیـرێنیـسی داهـاتوو بە دەست بهێنیت؛ وێنەیەک کە دەشێت لەو هـەموو شـتانە زیاتر نزیکی ڕاستیت بخاتەوە کە دەربارەی شارەکەی ئێستا پێت دەگوترێت. بەڵام دەبێت ئەمەی کە ئێسـتـا دەیڵێم هـەمـوو کـات لە بیـر بێت: "لەناو توخـمی شـاری دادپارێزاندا توخـمی شـتـێکی بـەد توێکڵـی گـرتووە و زانـین و نازین بەوەی کـە شـارێکی دادپارێزیت – و دادپـارێزتر لە گــەلێک شـــار کــە خـــۆیان لە دادپارێزی بە دادپارێزتر دەزانـن – بە قین و دوژمـنایەتـی و قـسـەی ڕەق تـەواو دەبێت. ئەو ئاواتە سـروشـتیـیەیش کە تۆڵە لە دادبەزێنان بستێنی، ڕەنگی ئەو ئارەزووەت دەگرێت کە جێی ئەوان بگریتەوە و شتێک بکەیت کە ئەوان دەیکەن. بەم ئاوایە شـارێکی دادبەزێنی تر، بەڵام جیـاواز لەوەی پێشـوو، خـەریکە سـەر لەنێـو ئەو دوو توێکڵەوە دەردەهێنێت کە بیرێنیسی دادبەزێن و دادپارێزیان پێچاوەتەوە."

سـا ئەگـەر نەیەڵم چاوت بە وێنـەیەکی شـێـواوی شـار بکەوێت، دەبێت دوای ئەوەی ئـەم هـەمــووەم گـوت ســەرنجت بۆ تایبــەتمەنـدییــەکی بنـەڕەتیی شـــاری دادبەزانـدن ڕابکێـشم کــە بەدزییــەوە ســەر لە شـــاری پێـــواری دادپارێزییــەوە دەردەکێـشـێت. ئەمــەیش ـ وەک ئەو کـاتانەی مـرۆڤ ئارەزوویەکی بەجـۆش بۆ ئەوەی پێـدا دێت کــە ڕەوانیــیــەکــان هەڵبــداتەوە ـ لەوەیە پێـــداگــەرانەوەی خۆشویستنی پەنهانی دادپارێزی بێت: ئەو دادپارێزییـەی کە هێشتا ڕێسای لێ نەنراوە و لە بارێکدایە شــارێکی دادپـارێزتر لـەوەی پێــشــوو ســاز بنێت پێش ئەوەی دادبـەزاندنی پێــڕەو کـردبێت. بەڵام ئـەگـەر مـرۆڤ ســەرنجـێکی ورد لە توخمی ئەم دادپارێزییـە بگرێت، پەڵەیەکی بچووکی لێ ئاشکرا دەبێت کە وەک ئارەزوویەکی پەرەسـێن بەری بـەرین دەبێـتەوە: کـە دادبـەزێنەکە ناچار بکات ئەو شتە پێڕەو بکات کە دادپارێزییە و کە لەوەیە توخمی شارێکی زۆر گەورە بێت...

تۆ لەم قـسـانەمـەوە بەو ئـەنجـامـە دەگـەیت کە بیـرێنیـسی ڕاسـتیـنە ڕیزێک شـارن تا دێن، جـارێک دادپارێز و جـارێک دادبەزێن، جـێی یەکتـر دەگرنەوە. بەڵام ئـەوەی کــە دەمــویسـت پێــتی بڵــێم شــتــێکی تر بوو: کــە ئەم هــەمــوو بیرێنیسانەی داهـاتوو ئا لەم ترووکەساتەدا هەن، ئەمـیان دەوری ئەوی تریانی داوە و تەنگەیان لێ هەڵچنراوە و لێک چەسپاون و ئاستەمە جیا بکرێنەوە.

ئەتڵەسەکەی خانی مەزن نەخشەی ئەو وڵاتە موژدانەی تێدایە کە مرۆڤ بە بیر سەری داون، بەڵام هێشتا نەدیتراونەتەوە یان ساز نەدراون: ئەتلانتسی نوێ، یوتۆپیا، شاری خۆر، ئوسیانا، تانۆی، هارمۆنیا، نیولانارک، ئیکاریا.

کوبلای لە مارکۆ دەپرسێت: "تۆ کە گەڕۆکیت و نیشانە دەناسیت، ئاخۆ بایە لەبارەکان بەرەو کامی ئەم داهاتووانەمان دەبەن؟"

– پێم وا نییە بتوانم ڕێی ڕووەو ئەو بەندەرانە لە نەخشەکەدا بکێشم، نایشتوانم کاتی گەیشتنەجێمان دیاری بکەم. جار هەیە سەرنجێکی کورتم بەسە کە لەنێو دیمەنێکی سروشتیدا خۆیم بۆ خۆش دەکات کە سەر بەوێ نییە، ڕووناکاییەکم بەسە لەنێو تەمدا تروسکە بدات و بەشێکی لێدوانی دوو کەسم بە گوێدا بێ کە لەنێو ئاپۆڕەی خەڵکدا بە یەک دەگەن، بۆ ئەوەی بیر ببەم کە بەم دەستپێکە شارێکی بێ خەوش، پارچە بە پارچە، لەو سواڵەتانەی تێکەڵی یەکتر دەبن و لەو ترووکەساتانەی کە ماوە دەکەوێتە نێوانیان و لەو پەیامانەی کە کەسێک دەیاننێرێت و نازانێت کێ وەریان دەگرێت، تێک هەڵببەستم. سا ئەگەر پێت بڵێم ئەو شارەی کە ڕێگەمی بۆ دەچێت هەم لە کات و هەم لە شوێن دابڕاوە، جار هەیە زۆر پەرش و بڵاوە و جاری وایش هەیە بەسەر یەکدا هەڵچرژاوە، نابێت پێت وا بێت کە مرۆڤ دەبێت سۆراخی نەکات. لەوەیە ئێستا کە ئێمە پێکەوە دەدوێین ئەو لە شوێنێکی نێو کەوشەنی ئیمپراتۆریاکەتدا پەرە بستێنێت. تۆ دەتوانیت شوێنی هەڵبگریت، بەڵام هەر بەو شێوەیەی کە پێم گوتیت.

خانی مەزن چاو بە نەخشەی ئەو شارانەی ئەتڵەسەکەیدا دەگێڕێت کە بەپێی مۆتەکە و نەفرەتەکان دەشێت هەڕەشە بنێنەوە: ئینۆخ، بابیلۆنیا، یاهوو، بوتووا، برەیڤ نیو وۆرلد.

خـان گـوتی: "ئەم هەمـووە لە هیـچـە دەبێت ئەگـەر دوایین بـەندەرمـان لە شارەدۆزەخ بەولاوە هیچی تر نەبێت و هەر بە ناخی ئەوێیشدایە گەردەلوولێک دەمانبات کە پێچەکانی تەنگتر دەبنەوە."

مـارکـۆ پۆلۆیش: "دۆزەخی زیندووەکـان شـتـێک نیـیـە لە داهاتوودا دابێت، شـتـێکی وا ئەگـەر هەبێت سـا هـەر ئەمـەی ئێرەیە؛ ئەم دۆزەخـەی کە هـەمـوو ڕۆژێک لێیدا دەژێین و بە پێکەوەژیانمان دایدەهێنین. بەڵام هەر دوو ڕێمـان بە بەرەوەیە بۆ ئـەوەی خـــۆمـــان لەو ئازار و ئەشکەنجـــەیـەی دوور بگرین کـــە دەینێتـەوە. یەکەمیان بێ هیچ زەحمەتێک بە زۆر کەس دەکرێت؛ کە دۆزەخەکە پەسـەند بکەین و خـۆیشمـان بە بەشـێکی دۆزەخەکە بزانین تا ئەو ئاسـتەی کە ئیتـر نایبینن. ئەوی تریان مـەترسیدارە و وریایی و ڕاهێنانێکی بەردەوامی پێ دەوێت؛ کـــە هـەوڵ بدەین ئەو کێ و چیـیــە بناســینەوە کـــە لە ناوجـــەرگـەی دۆزەخەکەدا دۆزەخ نییە و یاریدەی بدەین گیان دەرببات و دەرەتانی بدەین."

## ناوەڕۆک


پێشەکی – ئەمەی دەستت ڕۆمانە ........ 5

یەک ........ 14

شارەکان و بیرەوەری ١ ........ 16

شارەکان و بیرەوەری ٢ ........ 17

شارەکان و ئارەزوو ١ ........ 18

شارەکان و بیرەوەری ٣ ........ 19

شارەکان و ئارەزوو ٢ ........ 20

شارەکان و نیشانەکان ١ ........ 22

شارەکان و بیرەوەری ٤ ........ 24

شارەکان و ئارەزوو ٣ ........ 26

شارەکان و نیشانەکان ٢ ........ 28

شارە تەنکەکان ١ ........ 29

دوو ........ 32

شارەکان و بیرەوەی ٥ ........ 35

شارەکان ئارەزوو ٤ ........ 37

شارەکان و نیشانەکان ٣ ........ 38

شارە تەنکەکان ٢ ........ 39

شارەکان و گۆڕانەکان ١ ........ 40

سێ ........ 44

شارەکان و ئارەزوو ٥ ........ 46

شارەکان و نیشانەکان ٤ ........ 48
شارە تەنکەکان ٣ ........ 50
شارەکان و گۆڕانەکان ٢ ........ 52
شارەکان و چاوەکان ١ ........ 54
چوار ........ 57
شارەکان و نیشانەکان ٥ ........ 59
شارە تەنکەکان ٤ ........ 61
شارەکان و گۆڕانەکان ٣ ........ 62
شارەکان و چاوەکان ٢ ........ 64
شارەکان و ناو ١ ........ 65
پێنج ........ 68
شارە تەنکەکان ٥ ........ 70
شارەکان و گۆڕانەکان ٤ ........ 71
شارەکان و چاوەکان ٣ ........ 72
شارەکان و ناو ٢ ........ 73
شارەکان و مردووەکان ١ ........ 75
شەش ........ 78
شارەکان و گۆڕانەکان ٥ ........ 81
شارەکان و چاوەکان ٤ ........ 83
شارەکان و ناو ٣ ........ 85
شارەکان و مردووەکان ٢ ........ 87
شارەکان و ئاسمان ١ ........ 89
حەوت ........ 93
شارەکان و چاوەکان ٥ ........ 95

شـارەکـان و ناو ٤ ........ 96
شـارەکان و مـردووەکـان ٣ ........ 99
شارەکان و ئاسمان ٢ ........ 101
شارە بەردەوامەکان ١ ........ 103
هـەشـت ........ 108
شـارەکـان و ناو ٥ ........ 111
شـارەکان و مـردووەکـان ٤ ........ 113
شارەکان و ئاسمان ٣ ........ 114
شارە بەردەوامەکان ٢ ........ 115
شارە شاراوەکان ١ ........ 116
نـۆ ........ 120
شـارەکان و مـردووەکـان ٥ ........ 125
شارەکان و ئاسمان ٤ ........ 128
شارە بەردەوامەکان ٣ ........ 130
شارە شاراوەکان ٢ ........ 132
شارەکان و ئاسمان ٥ ........ 134
شارە بەردەوامەکان ٤ ........ 136
شارە شاراوەکان ٣ ........ 138
شارە بەردەوامەکان ٥ ........ 140
شارە شاراوەکان ٤ ........ 142
شارە شاراوەکان ٥ ........ 144